# رزگاری

گۆڤارێکی هەفتانەی گشتییە

ژمارە (١٢) ساڵی (١) [illegible]

chalakmuhamad@gmail.com



# رزگاری

گوڤارێکی هەفتانەی گشتی یە

خاوەنی ئیمتیاز : شێروان مستەفا
سەرنووسەر : پارێزەر شازاد صائب

ناونیشان
سلێمانی - گوڤاری رزگاری - تەلەفون ٤٧٤

ئابوونەی بەشداربوون :
بۆ ساڵێک ٣،٥٠٠ دینار
بۆ شەش مانگ ١،٧٥٠ دینار

**وێنەی بەرگ**
ـی پیشمەرگەی کوردستان
ـی سەختی رەنجدەرانی کوردستانە

## دەمەتەقێی بنەماڵەی رزگاری

**✻ تا ئیستا رزگاری وەکوو هەفتەنامـــە دەرنەچووە بە ریکوپیکی جگە لە ژمارەکـــانی هەوەل جار ، وە ئەمەش هـــەلبەتە لەناو خوێندەوارانی گوڤارەکەماندا چەندین پرسیاری وروژاندوە ، هەندی لەوانە بە دڵپیسیەوە بـــە جوریکی چەوت لیکی ئەدەنەوە ، هەندیکی تریان بەدڵپاکیەوە لە هوی دەرنـەچونی ئەپرسن .**

✻ راستیەکەی دەرنە چوونی گوڤارەکەمان؛ بەر لەهەموو کەسیك لە دڵی خوماندا گرییە ، بەلام زورجار ئەوەی کە ئادەمزاد بـــە ئاواتی ئەخوازیو خەوی پیوە ئەبینیو حەزئەکا وابی ، واقیع شتیکیتری بەسەرا ئەسەپینی .

**✻ ئیمە ئەمانەوی گوڤارەکەمان هەفتانـــە دەرچیت ، بەلام دەزگای چاپەمەنی نە لـــە سلیمانی وە نە لە سەرانســـەری کوردستاندا ناتوانی بەو جورەو بەو قەبارەیەی ئیمە هەفتانە ئەرەکمانە بیدا بە دەستمانەوە .**

✻ بەلام هەر وەکوو پیشینیان وتوویانـــە ( لە مەردان هیچ عاسی نابی ) وا خەریکین تەنگو چەڵەمەی چاپ جیبەجی ئەکەین وە لــــە شاری سلیمانیدا بە ریکوپیکی دەس ئەکەینەوە بە دەرکردنی بە دەزگایەکی چاپی لە چـــاوی رەوشەنبیری کوردیدا پیشکەوتوو تازە وە بـــە بەرگو رازانەوەیەکی تەشەنگ ترەوە .

**وەرزیـر**

چەوساندنەوەی چینایەتی .

* لە کاتێکا کــە بارزانی‌و چڵکاو خۆرەکانی جوتیــاران ئەچەوسێنەوە ، ئاغایــەتی زیندوو ئەکەنەوە ، پەیوەندی عەشائیری بە سەر خەلکــا ئەسەپێنن ، کوردستانیــان کردوە بە چەند ئــەمارەتێکی دەرەبەگی یەوە ; بــە زۆری لوولەی تفەنگ مل بــە جوتیاران دائەنەوێنن بــو ئلغاکانو دەستەلات‌و چەگوچەگدارییان ئەدەنی بـــو کوکردنەوە مولکانەو سەرانە .

بارتی جوتیاران بــە هێزی بنچینەیی لەشکری کوردایەتی دائەنێ‌و رزگاری کورد بــە بێ رزگاری جوتیاران‌و هەلتە ـ کاندنی یەکجارەکی رژێمی دەرەبەگی بە خـــەیال ئەزمێری .

* لە کاتێکا کــە بارزانی‌و جامارەکانی بیرو باوەرێکی کونەپەرستانەیان هەیـــەو ئەیانەوی شــیخ نشینێکی عەشایـــەری دابمەزرێنن پروپاگەنــدە بو بیروباوەری فاشیستی ( ئاریایی ) پــان ئیرانیست ئەکەن .

بارتی لەبەر چرای تیوری سوشیالیزمی زانســتی دا بزوتنەوەی کوردایەتی شــی ئەکاتەوەو هەلیکاوەتی . .

جا لەبەر ئەمانە هەموو نــەناردنی چریك وســـەربازو ژاندارمی ئیرانی بو بەشداری کردنی راستەوخو لە شەرا ; وە نە پرسوراویژی پسپوروشارەزای ئیســـرائیلی ; ئەچەك‌و پارەو ئازوقـــەو پروپاگەندەی ژەهراوی ئــەو وە نە پارمـــەتیدان‌و پروپاگەندەی ژەهراوی ئــەو تەحریفی یانەی بە ساختـــەناوی شیوعی پەیان دزیوە .

ئەمانە هیچی کەلکی مــەلایان نەگرتووە وە نەیان توانیوەو ناتوان لەبەردەمی لێشاوی بزوتنەوەی شورشـــگیرانەی کومەلانی خەلکی کوردستاندا بوەستن‌و دەس بدەنە بالـــی جولانەوە خنکاوەکەی مەلا .

جا لەم باری ئیســـتای کوردستاندا ئەرکی دلسوزانی بزوتنەوەی کوردایــــەتی‌و تیکوشەرەکانی ریکەی رزگاری چی یە ، وە ئەرکی هـــزە پیشکەوتووەکانی عـــەرەب چی یە لەم مەیدانەدا :

* ئەرکی تیکوشەرانی کوردلە قوناغی ئیستای بزوتنەوەی کوردایەتی ئەوەیە کەهەمیشەزیاتر جوش بدەن بە خـــەباتی شورشگیرانەی خـــویان وەزیاتر هەولبدەن بو سازدان‌و کوکردنـــەوەو ریکخستنی کومەلانی خەلکی کوردســـتان جولانەوە بەگری گیراوەکـــەیان بکەنەوەو خاکی پاکــــی نوکەری بیگانە پاك بکەنەوە ، وە لەلایەکی تر ەوە زیاتر جوش کانی گەلەکەماندا .

پیویستە زیاتر خــەبات بکەســـەن بوریسواکردنی لەگەل نوکەرانی ئیمپریالیزم‌و کونەپەرستی دا . .

* ئەرکی هیزە پیشکەوتووەکانی عەرەبە ، زیاتر یارمـــەتی بەجی کردنی داوا رەواکــانی گەلی کورد وە رونکردنــەوەی پیوە ئەکەن .

# بردەنگەوە هاتن

دووا بە دووای ئـــەوەی رزگاری هەوالی حـــوکمدانی هەندی لە نیشتمانپەروەرانی کوردی ئیرانی بلاوکردەوە لە ژمارەی چوارەمیا ئەم هەوالەرق‌و توورەبوونیکـــی زوری وروژاند :

* روژنامەی (پەیمان) کـــەئورگانی دیفاعی یـــەکیتی جیهانی قوتابیان‌و خوینـــدکارانی ئیرانی یە لە ژمارەی (١٦) دا هەوالەکەی بـــەفارسی بلاوکراوتەوە وە چەند هەوالی تری لەبابەت گرتن‌و کوشتنەوە لـــە ئیران بلاوکردوتەوە .

* هەروەها ( سازمــــان انقلابی حزب توده ایرآن در خارج کشـــور ـ ریکخراوی شورشگیری حیزبی تودەی ئیــران لە دەرەوەی ولات )لەسەر ئەم مەسەلەیـــە بەیاننامەیەکی تایبـــەتی یان دەرکردوە کە تیایدا داوایــان کردوە دەنگی بیزاری‌و توورەبوون بەرزتر بکەنـــەوە دژی رژیمی ئیران .

## رزگــاری‌و تـــوودە

ماوەیەك لەمەوبەر چـــەندژمارەیەکی گوفاری « توده ـ ئورگـــــانی ریکخراوی شورشگیری حیزبی تودەی ئیـــران لە دەرەوەی ولات »مان پی گەیشت ، کە گـــەلی وتاری هیژاو بەنرخی تیایـــەدەربارەی ئیران‌و خـــەباتی گەلی کوردو خەباتی گـــەلان‌و زور مەسەلەی تیوری گرنگە وە هەروەها لە ( ژمــــاری ١٤ ـ مانگی مـــوردادی ١٣٤٨ ) دا لە بابەت رزگاری یەوە وتاریکیان نووسیوە کـــە

---

لە لایەکەوە بو ئەوەی سەری سیـــەماری بـــەرزانی‌و کوردستانی بە یەکجاری لـــەچەتە چلکاو خورەکانی مەلای بدەن بە خەباتیان لەپیناوی بەدی هینانی ئامانجە پیروزەـ

تەحریفی یەت‌و جوێنـــەتی کوبونەوەیان لە بەولەیەکـــدا

جولانەوەی شـــورشگیرانەی گەلی کورد پـــــەدەن بە جو بەرزانی‌و تاقمە توکـەرەکەی لەو دورشمانەی کە بارزانی

وا کوردیەکەی و نووسینەکە بە زەنکوگراف بلاو ئەکەینەوە ، بە هیوای ئەوەی لە ژمارەکانی داهاتوومانا هەندی باسی تری لی وەربگێرینە سەر کوردی ، بو ئەوەی رەوشەنبیرانی کوردیش لەو لێکولینەو وتارانە بەهرەمەند بین .

# رزگاری

## گوڤارێکی هەرڤانەی گشتی یە

اخیرا چند شماره از هفته نامهٔ "رزگاری" ( رهائی ) که طی ماه های گذشته از طرف حزب دمکرات کردستان عراق در سلیمانیه به زبان کردی منتشر شده است ، به دست ما رسید . "رزگاری" در شرائطی انتشار میابد که از یک طرف مبارزات ضد امپریالیستی و دمکراتیک خلق کرد و نهضت ضد امپریالیستی در عراق اوج جدیدی میگیرد ، در چارچوب آن مسائل نوین در برابر مبارزین کرد مطرح میگردد که روشن ساختن آنها شرط لازم و ضروری برای برداشتن گامهای بعدی میباشد و از طرف دیگر ، ملا مصطفی بارزانی بمثابهٔ کهنه نمایندهٔ مرتجع ترین طبقات ملت کرد که با دید مزاد پوشش "آریائیسم" و اصالت "شاهنشاهی" از ناسیونالیسم کرد نماینده گی میکند در خدمت امپریالیسم ، صهیونیسم و رژیم پوشالی ایران درآمده است و با استفاده از کمک های اقتصادی ، نظامی و تسلیحاتی پرداختهٔ آنان و با همکاری بسیار نزدیک با رویزیونیستهای عراق که با اتخاذ سیاستهای اپورتونیستی توسل به تاکتیک های بورژوائی و ضد اصولی خدمات جبران ناپذیری به انقلاب عراق وارد آورده اند ، میکوشند جلو رشد مبارزات ضد امپریالیستی و دمکراتیک خلقهای کرد و عرب را بگیرند و لذا از دست زدن به شیوه های جنایات و ترور قرون وسطائی ابائی ندارد . افشا کردن چهرهٔ کریه این "جبههٔ" خلق کرد نیز هر چه بیشتر ضروری میگردد .

مطالبی که در صفحات "رزگاری" درج شده است نشان میدهد که ناشرین آن در جهت روشن ساختن سه مسئلهٔ زیر میکوشند :

۱ ـ کوشش برای نشان دادن راه رشد جنبش آزادی خواهانهٔ خلق کرد عراق از طریق تجزیه و تحلیل طبقاتی در کردستان عراق ، پیدا کردن مرحله و راه ، هدف انقلاب کرد و پیوند آن با جنبش ضد امپریالیستی خلق عرب در عراق و در این رابطه افشای سیاستهای خیانتکارانهٔ رویزیونیستهای عراق .

۲ ـ توجه به مبارزات خلق های ستمدیدهٔ دنیا و بخصوص خاور میانه و نشان دادن پیوند این مبارزات با یکدیگر ، در این مورد پشتیبانی از جنگ آزادیبخش ملی ویتنام ، دفاع فعال از مبارزهٔ مسلحانهٔ خلق فلسطین و مبارزات ضد امپریالیستی خلق های عرب ، حمایت از مبارزهٔ خلق های ایران علیه دستگاه فاسد هیئت حاکمهٔ ایران و در رأس آن شاه و بالاخره افشای ... بودن تبلیغات دروغین ، ضد انقلابی و رویزیونیستی پیک ایران را میتوان به عنوان نمونه ذکر کرد .

۳ ـ اشاعهٔ تئوری و نظرات مارکسیستی و بخصوص توجه به نشر اندیشه مائو تسه دون .

در کنار این مسائل "رزگاری" میکوشند از طریق نشر ادبیات و اشعار توده ای و انقلابی نویسندگان و شاعران و هنرمندان کرد را در جهت ایجاد آثار انقلابی که در خدمت کارگران ، دهقانان و روشنفکران انقلابی باشد ، تشویق نماید .

این شعارها در صفحهٔ آخر "رزگاری" نوشته شده اند :

- رزگاری ناشر ایدئولوژی مبارز جنبش رهائی بخش خلق کرد برای از بین بردن ستم ملی و استثمار طبقاتی است .
- رزگاری مجلهٔ کارگران ، دهقانان و روشنفکران انقلابی است .
- رزگاری بدست گیرندهٔ مشعل ایدئولوژی سوسیالیستی است .
- رزگاری مجلهٔ مبارز راه آزادی ، دمکراسی و سوسیالیسم است .

ما از نشر این هفته نامه بسیار خرسندیم و موفقیت بیشتری را برای ناشرین آن آرزو میکنیم و امیدواریم که با وظائف خطیر و مسئولیت سنگینی که "رزگاری" در برابر خود قرار داده است و بعلت مسائل تئوریکی و سیاسی حاد در مبارزات انقلابی خلق کرد ، این هفته نامه بتواند مبارزهٔ خود را در جهت روشن کردن هر چه بیشتر ، علمی تر و همه جانبه تر این مسائل تا به آخر ادامه دهد . "رزگاری" از این طریق نه تنها وظیفهٔ خود را در قبال جنبش رهائی بخش خلق کرد ادا خواهد کرد ، بلکه به مبارزات ضد امپریالیستی و دمکراتیک سایر خلق های خاور میانه نیز کمک مؤثری خواهد نمود .

**پیروز باد مبارزه میهن پرستان کردستان**

- ۲۱ -

ریکخراوی شورشگێری حیزبی تودەی ئیران سالی ١٩٦٥ دامەزرا لە ئەنجامی جیابوونەوەی زوربەی ریکخراوو شانەکانی حیزبی تودە لە دەرەوەی ولات لە سەرکردە راکردوە تەحریفی‌یەکانی حیزبی تودە ، وە بەدەس پیشکەری لە لایەن کادرانو تیکوشەرانی ئەم ریکخراوە لە ئیران ( جولانەوەی نوێی کومونیستی ئیران ) دروست بوو کە لەم ژمارەیەدا کورتەی بەیاننامەیەکیانتان پیشکەش ئەکەین دەربارەی وەزعی ئیرانو ناردنی جریک بو کوردستانی عیراق .

ریبازی سیاسیو نوساوینیشکردنو جوری بیرکردنەوەو سەرچاوەی هەلهینجانی ئایدیولوجیو هەلوستی ( ریکخراوی شورشگیری حیزبی تودە ) و( جولانەوەی نوێی کومونیستی ئیران ) بەتەواوەتی جیاوازە لەهی سەرکردە تەحریفی‌یەکانی( حیزبی تودەی ئیران ) کە ئیستا هەموویان لەسەرخووانی بیگانە لە ئەوروپا لە باوەشی نازو نیعمەتا راکشاونو لەسەر ( رادیوی پەیکی راکردووەکانی ئیرانەوە ) قسەی زل ئەکەن .

ریکخراوی شورشگیری حیزبی تودەی ئیران لە دەرەوەی ولات کە ئورگانەکەی گوفاری تودەی ناوبراوە وە جولانەوەی نوێی کومونیستی ئیران ، لەو باوەرەدان کە قوناغی ئیستای ئیران قوناغی شورشی دیموکراتی نوییە ، قوناغی هەلتەکاندنی ژرەی نیمچە دەرەبەگی ـ نیمچە کولونی ئیستای ئیرانە ... لەو باوەرەدان کە ئیران لەریگەی خەباتی چەکدارەوە ، خەباتێکی دریژ خایەن کە لەدیهاتەوە دەست پێئەکات ، وە هیزی بنچینەیی شورش جوتیاران بێ سەرکردایەتی

## سەرکەوتوو بێ خەباتی رزگاری

**گوفاریکی هەفتانەی گشتی بەژمارەیەکی هەفتەنامە**

لەم دوایی‌یەدا چەندگەیشتە دەستمان کە « رزگاری » ـ رەهانی پارتی دیموکراتی کوردستانی لەمانگەکانی پێشوودا لەلایەن کوردی بلاوکراوەتەوە ، عیراتەوە لەسلیمانی بە زمانی ئەرەبیەوە کە لەلایەکەوە خەباتی « رزگاری » لە زروفیکا بلاودیموکراتی گەلی کوردو دژی ئیمپریالیستی و لەعیراقدا سەرلەنوی بزوتنەوەی دژی ئیمپریالیستی ئەوەدا گەلی مەسەلەی نوی بەرەلەسینی و لە جوارجیوەی کوردەوە کە روشنکردنەوەیان دێتە بەردەمی خەباتکەرانی هاوشتنی هەنگاوی تر وە لە مەرجی پێویست و ناچاریە بو ناوچەی **جوتیاری‌یەکان حیزبی چینی کریکار ، کە یان تیا دابمەزرینی و ئازادیکاو بنکەی شورشگێرانەیداو ئازادی بکا ... هەر لادی لە ئەنجامدا شار گەماروو نەتەوەکانی ئیران بە لەم ریگەیەوە ئیران ئازاد ئەبی ئامانجەکانی خویان ئەگەن . بەم سەرنجە ئەروانیتە**

**جا نووسینەکانی (تودە)بیرنەکانەوەو لی‌ی‌ئەکولیتەوەو مەسەلەکانی ئیران وە بەم پەیەمەسەلەی تەحریفیەتا بە هەلی ئەسەنگینی ، بویە لەدیاری کردنی هەلویستا گشتی وە لە مەسەلەی عیراق وە هەروەها بەرامبەر بەرامبەر بە تەحریفی‌یەکانی هەلویستیکی راستو بە مەلا مستەفای بارزانی‌هەیە .**

**دروستو شورشگیرانەیان خەباتیمان بو هەفالانی**

**سلاوی گەرمی هاوشورشگیری حیزبی تودەی تیکوشەری ریکخراوی هەروەها بو هەفالانی ئیران لە دەرەوەی ولات وە کومونیستی ئیران . تیکوشەری جولانەوەی نوی‌ی گەلانی ئیران .**

لایەکی کەوە ، مەلا مستەفای بەرزانی وەکوو کونە نوینەری کونەپەرستترین چینەکانی میللەتی کورد کە بە روانینی رەگەزپەرستانەی « ئاریائی » وە سەرەتای « شاهنشاهی » نوینەرایەتی ناسیونالیسمی کورد ئەکاو کەوتوتە خزمەتکردنی ئیمپریالیزم سەهیونیزم و رژیمی گەندەلی ئیران . ئەو بەهوی کەلک وەرگرتنەوە لە پارمەتی ئابوری ، عەسکەری و پروپاگەندەی فراوانی ئەوانەو بە هاوکاری زور نزیک لەگەل تەحریفیەکانی عیراقا کە بە دارشتنی سیاسەتی هەلبازانە ریگەی تاکتیکی بورژوایی و غەیرە مەبدەئیەکانیانەوە جەزرەبەی کاریگەریان بە شورشی عیراق گەیاندە ئی‌ئەکوشی کە بەر لە گەشەکردنی خەباتی دژی‌ئیمپریالیستی و دیموکراتی گەلانی کوردو عەرەب بگری لەبەر ئەوە هیچ ئاسلەمیتەوە لە دەستدانە ئاوانو توقاندنی‌سەدەکانی ناوە راست .

ئەو مەبەستانەی کە لە لاپەرەکانی « رزگاری » دا نووسراوە وای نیشان ئەدا کە بلاوکەرەکانی ئەو گوفارە ئەتەقەلا ئەدەن بو روونکردنەوەی ئەم سی مەسەلەیەی ژیرەوە :

١ ـ تەقەلادان بو پیشاندانی ریگەی گەشەکردنی بزوتنەوەی ئازادی خوازانەی گەلی کوردی عیراق لە ریگەی تی کردنەوەی چینایەتی کوردستانی عیراق . دوزینەوەی قوناغ : ریگەیە ، ئامانجی شورشی کوردو پەیوەندی بە جولانەوەی دژی‌ئیمپریالیستی گەلی عەرەب لە عیراقدا وە لەم کاتەدا بەدار سواکردنی سیاسەتی خیانەتکاری‌یەکانی تەحریفیەکانی عیراق .

٢ ـ بایەخدان بە خەباتی گەلانی زوردلیکراوی دنیاو بەتایبەتی روژهەلاتی ناوەراست وە پیشاندانی پەیوەندی ئەم خەباتانە پیکەوە . لەم رووەوە پشتیوانی لە جەنگی رزگاری‌هینەری نیشتمانی ڤیتنام . دیفاع کردنی کاریگەری لەخەباتی چەکداری گەلی فەلەستین و خەباتی دژی‌ئیمپریالیستی گەلانی عەرەب . پاریزگاری لە خەباتی گەلانی‌ئیران دژی دەستگای رژیمی هەیئەتی کاربەدەستی ئیرانو لەسەروو ئەوانەوە شاو ریسواکردنی پروپوچی پروپاگەندەی دروویشەی دژی شورش و تەحریفیانەی‌یەکی ئیران . لەتوانریت بە نمونە بهینریتەوە .

٣ ـ بلاوکردنەوەی تیوری و سەرنجدانی مارکسیزم و بە تایبەتی گوی‌دانە بلاوکردنەوەی بیروباوەری ماوتسی تونگ .

لەپال ئەمانەدا رزگاری ئەتەقەلا ئەدا کە بە ریگەی بلاوکردنەوەی ئەدەبیات و شیعری گەلی بەوە ... شاعیرانو هونەرمەندانی کوردهانیدا بو داهینانی بەرهەمی شورشگیرانە کە لە خزمەتی کریکاران جوتیارانو روشنبیرانی شورشگیرا بی .

ئەم دروشمانە لە لاپەرەی دوایی « رزگاری » یا نووسراوە :

- **رزگاری بلاوکەرەوەی بیروباوەری جەنگاوەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی یە لە پیناوی نەهیشتنی ئازاردانی نەتەوایەتی و جەوساندنەوەی چینایەتی‌دا .**
- **رزگاری گوفاری کریکارانو جوتیارانو رەوشنبیرانی شورشگیرە .**
- **رزگاری هەلگری مەشخەلی بیروباوەری سوشیالیستی یە .**
- **رزگاری گوفاری تیکوشەرانی ریگەی رزگاری و دیموکراسی و سوشیالیزمە .**

ئیمە لە بلاوکردنەوەی ئەم هەفتەنامەیە زور ... بووین وە ئارەزووی سەرکەوتنی زیاتری بلاوکەرەوەکانی ئەکەین و ئومیدەوارین کە بە ئەرکی گەورەو مەسئولیەتی گرانی کە ( رزگاری ) گرتویەتیە ئەستوی و سەبارەت بەو مەسەلە تیوری و سیاسیە

# لە (حەیفا) وە بوگەلالە

**رادیو شڕەی مەلا چومبی بارزانی وەك گەلی رەفتارو کرداری تریشی نیشانەیەکی تری نیشتمانفروشی مەلا مستەفایە ، بەلگەیەکی تری بوون بە نوکەری ئالقە لەگوێی ئیستعماریەتی .رادیو شڕەی مەلا چومبی بارزانی جگە لە دروی زلی مەلا چومبیانە ، جنیو بوختان بە پارتی پیشرەوی کوردایەتی ، پارتی دیموکراتی کوردستان بلاو ئەکاتەوە .**

**ئەلێین دروی زلی مەلاچومبیانە ، چونکە مەلا** مستەفا بە دروی گەورەوشاخدار کردن مەشهورە وەك دروکەی زورملی‌یەکەی مەلالەگەل دەبلبەیەکی عراقیا کە ئەنجامەکەی ئەوە بوو مەلادەبابەکەی دا بەئەرزا ؟؟ یان دروکەی دژی ـ ستالین ـی فەرماندە ئەمرەکەی دەولەتی سوڤیاتی .. بو یە لامان زورئیعتیادیە کە رادیو شڕەکەی مەلاش هەموو روژیك بە خەیالی بەنگکیشانەی ئاغا سەنتوویەکلنیان دەیان سەرکەوتن بەدەست چەتەبەزیوەکانی مەلا چومبی‌بارزانی بخات . چونکە گەر رادیوکەی مەلا دروی زل زلی‌شاخدار نەکات رادیوی مەلا دەرناچیت .. جنیودانیش‌بەپارتی پیشرەوی کومەلانی رەنجدەری خەلکی کوردستان‌هەر کاویژ کردنەوەی بوختانەکانی مەلا چومبیە کەلە سالی ١٩٦١ ــ ەوە ئەیلیتەوە .

**بەلام ئیمە هەموو ئەم‌جنیودانە و بوختانەلبەستانەمان بەلاوەئاسایی و تەبیعیە چونکە دوژمن هەر ئەبیت وابیت هەروەك لاشمان مایەی شادی‌یە چونکە نیشانەی راستودورستی ریبازی خەباتی شورشگیرانەمانە ..سەبارەت‌بەوەی کە رادیو شڕەکەی مەلایش هەر زورنایەکی‌ئیمپریالزمی دوژمنە دیرینەکەی گەلی کوردوکوردستانە .. زورنا ژەنەکانیش هەر چاوەشەکانی ـمحطة الشرق الادنی للاذاعة العربیة ـ یەکەی حەیفای‌بەشی کوردین ، هەر رەفیق چالاك و رەمزی قەزازن ـدوو جاسوسە خو فروشە ناسراوەکەی بریتانیا وتەحقیقاتی جینائی نوری سعید .**

ئەم چاوەشانەی‌ئیمپریالیزم هەر هەمان دام‌و دەسگای حەیفاکەی سەربەئیستعمار و دوژمنی گەلی کوردن ، تەنها چەند زولەکوردیکی ترو چەند خوفروشیکی وەك مام‌وەستاهەژاری موکریانی ـ شایەری دەرباری بارزانی ـ یان زیادکردوە . ئەگینا ئاغایان هەر ئیمپریالیستەکانی ئەمریکاوئینگلیزن مەگەر ئیسرائیلی داگیرکەری حەیفای فەلەستینی عەرەب‌و حەمەرەزا شای بکوژی قازی محمدئەهیدی ئەمریان زیاد کردبیت ..

خو رەفیق چالاکی‌جاسوسی بەریتانیا و تاژیە رستکراوەکەی‌تەحقیقاتی جینائی ئەوساش هەر دوژمنی پارتی بوو ..هەر ئەو نەبوو شایەتی لە ماموستا برایم ئەحمەدوچەندین پارتی و سەدان شیوعی داو بەگرتی دان ...ئەگەر قارەمانە تەقەدومیەکانی م. ت ی‌مەلاوی ؟ بە ئیمەباوەر ناکەن با لە مام‌وەستا عەلی عبدالله پرسیار بکەن‌کە لە بەردەم دادگای کویە رفیق چالاك شایەدی‌لەسەردا ، یان « برا شیوعیە بەهائیەکانیان » کە چالاك‌سەرکردەیەکی خائینی ناودار‌یانە .. بپرسن . ئینجابزانن لەگەل کی‌و لەریزی کی‌دا وەستاون ؟؟ جا ئەی‌خوینەوار خوشەویست خوت حەکەم بە ، سەربەرزی‌و شانازی نیە بو ئەوانەی چالاك و قزاز جنیویان پی‌بدەن ؟ نیشانەیەکی تری ئەم راستیە نیە کە ئەمانە دوژمنی‌ئاغا ئیمپریالستی‌یەکانی ئەوانن ؟ هەر وەك مایەی‌سەر شوری و شەرمەزاریش نیە بولەوانەی چالاك و قزاززورنایان بو ئەژەنن ؟

ئەی ئەمەش دیسان‌نیشانەیەکی تری ئەو راستیە نیە کەبە تەواوەتی بونەتە نوکەری ئیستعمار ؟

**رادیو شڕەکەی مەلا هەرکتومت بەشە کوردی‌یەکەی رادیوکەی حەیفایە براوەتە گەلالە ، قەدرو ترخیشی لای گەلەکەمان هەر وەك هینەکەی‌حەیفایە . دوا روژ و ئەنجامیش هەر وەك رادیوکەی‌حیفا ئەبیت کە تیا چوون ونەمان لەگەل سەر شوری‌و خیانەت و شەرمەزاری بو کارگیری‌و هاوبەشەکانی .**

---

توندانەی لە خەباتی‌شورشگیرانەی گەلی کوردا ، ئەم هەفتەنامەیە بتوانیت‌خەباتی خوی لە کابەی رووناکردنەوەی قول‌تر یژانستی‌ترو هەموولایی‌ئەم مەسەلانە تا دوایی دریژەپی‌بدات . ( رزگاری ) لەم ریگەیەوە نەك تەنیا ئەرکی‌خوی لە بەرامبەری بزوتنەوەی رزگاری‌هینەری گەلی کوردابەجی‌ئەهینی وبەس ، بەلکو هەروەها پارمەتیەکی کاریگەری‌خەباتی دژی ئیمپریالیستی‌و دیموکراتی هەموو گەلانی‌روژهەلاتی ناوەراستیش ئەدا.

سەرکەوتوو بی خەباتی‌نیشتمان پەروەرانی کوردستان .

# شەهیدانی ڕێگەی ... ڕزگاری

٧

**عریف مجید کریم شوانی**



● کوری جوتیـــــاریکی کوردستان بوو ، لە دێی (بنە) لە ناوچەی شوان لە دایـــک بوە ، هەلگری بـــیروباوەڕیکی پتەوی پیشکەوتوانە بـــوو وە نمونەی شـــورشـــگیریتیو دلسوزی بوو .

● هەر لەو کاتەی کە بـوو بە پولیس پەیوەندی هەبوو بە پارتیمانەوە ، وە لە ســـالی ٩٦١ ە وە لە ریکخســـتنـدا خەباتی کردوە لەگـــەل هەڤالەکانی تریدا .

● لە سالی ٩٦٢ دا خویو هەموو هەڤالەکانی تری کە لە مەخفەری گاپیلون بـــوون وە لەگەل هـــەموو کەلوپەلی مەخفەرەکەدا هاتنـــە ریزی شورشەوە وە لە هەمـــان شەودا مەخفەری موکەبەیـــان گرت وە هەر بو بـــەیانی بەشداری شەری قارەمانانەی تەگەران بوو کە لە شـــەوی نەوروزی ئەو سالەدا بوو .

● لە شورشی کوردستاندا دەوریکی نەبەردانەی هـــەبوو بە دریژایی ئەو کاتانە نمونەی دلیریو ئازایەتی بوو لـــە چالاکیەکانی پیشمەرگـــەدا ، تەنانەت شەهید بوو کە بـــە پەلە لە سالی ٩٦٢ دا نـــیردرابە فریاکەوتنی مەلا بارزانی کە ئابلوقە درابوو لە سیدەکان وەتوانیان لەو شەرەدا رزگـــاری بکەن .

● لە سالی ٩٦٤ سـەری‌شوړ نەرد بو کودەتاکەی مـــەلا بەسەر پارتی پیشـــرەودا وەیەکیک بوو لەو باوەڕپتەوانەی کە بە دلسوزی لەگەل پارتیدا مایەوە .

● کە هەڤالانی پارتی ئاوارە بوون لـــە دەرەوەی وولات ، شەهید فەرمانەدەی هیـــزی گەروك بوو کە لەسەر سنوور مابوەوە بو پاریزگـــاری ریکخراوەکانی پارتیمان .

● لە سالی ٩٦٥ کە هیرشی میری دەستی پیکـــردەوە شەهید مجید یەکیك بـــوو لەوانەی لە ریزەکانی پیشەوەی خەباتا بوو بو بەرگری‌کردن لە گەلو خاکەکەی .

● پاش ماوەیەك لە تەویلە گیرا وە دوایی رەوانەی ماوەت کرا ، لەوی دەستبەسەر بوو ، وە دوای ماوەیەك دیسانەوە بە ئەمری مەلا بارزانی بەنـــد کرایەوە وە برا بو ناوچـــەی گەلالە وە لە ریگە بە ئـــەمری مەلا چومبی شەهید کرا .

● بەو چەشنە گیـــانی پاکی سپارد بە خاکی کوردستان وە گەیشتە کاروانی هەڤالـــەکانی شەهیدانی کوردو کوردستان ، وە تا دوا هەناســـەی وەك خەباتکەریکی کولنـــەدەری کوردایەتی لەسەر پەیمـــانی دلسوزی مایەوە .

---

روون کردنەوە :

لە ژمارەی پیشوودا بەهەڵە، هەلەی، جابەوە ناوی شەهید( محمـــود حاجی توفیق )نەنوسرابوو .

# راز ئەمەل

پێشکەش خەباتکەرانی شەبەزی جەزائیری
نیسان ٩٥٦ کەرکوک
(هـ.ل.ب)

گورتەی جارەکانی پێشوو :

« جوامێر دوای تەواو کردنی ماوەی گرتنی ، ئەهێنرایەوە بو شارەکەی خوی . لە ڕێگابیری ئەکردەوە کە چون دە ساڵ لەوەبەر ژنەکەی بەجێهێشت بەدەم ژانەوە چوو ماماتی بو بانگ کات و لە ڕێگا کەوتە قەمچی چەند ژەندرمەیەکەوە کە تەقەیان لە خەڵکی خوێناندنێک ئەکرد ، وە چون گوللەیەکیش بەر ڕانی ئەم کەوت و گیراو دە ساڵ حوکم درا .. وا ئیستەش هاتوتەوە سەردوکاری ژن و ماڵەکەی .. »

جوامێر (١) لە بیرکردنەوەدا گەیشتە ئێرە موچورکێکی ئاودامانی وای پیا هات کە بەیەکجاری زنجیرەی بیرەوەری لێکترازاند . ئیتر مات و خەمبار چاوی بریە ڕێگاکەو تا گەیشتە شاری ( ی ... ) نەلە دیمەنی بەلادا تێپەڕیوی ڕێو باندا شتێکی تایبەتی سەرنجیان خەریک کردو نەجەمەرێ بیرەوەریشی بودوزرایەوە کە وەکو گلولەی ئالوزاوی لێهاتبوو !

لەبەردەمی دایەرەی ئاسایشدا دابەزین ، بردیانە ژووری پاش چەند سەعاتێک ڕاگرتنی ناخوشی پر بێزاری ، پەنجەمورو چەند وێنەیەکیان وەرگرت ، ناونیشان و کاروناوی چەند ئاسیاوو خزمێکی نزیکیان لێپرسی و نووسی و دەستەبەریان کرد کەنابی بەهیچ جورێک شوێنی دانیشتنی خوی بگورێت بەبێ ئەوەی پێشەکی ئاگاداری ئەوان بکات . ئەوسا بەرەڵلایان کرد .

کە پێی خستە ئەودیوی دایەرەکە ، باوڵە تەنەکە کونە پچکولەکەی دەستی دانا لەسەر ئەرزەکە ، چاوێکی گێڕا بە دەوروپشتی خویا . یەکەمجار ، دوای دە ساڵ خوی دییەوە بەتەنیا ؛ بەسەربەستی ئەبەروا ! بێ ئەوەی دەستی لەگەڵ دەستی ژەندرمەیەکا کرابێتە کەلەبچەوە و یان پاوساڵی بەسونگییەوە لە پشتیەوە بێت ! پر بە سییەکانی هەوای پاکی هەلمژی . زەردەخەنە ـ یەکی تەنک ، بو چاوتروکانێک ، چارەی ترش و تاری ڕوونالک کردەوە . ئیتر پەروش و بێئارامی گەیشتنە « هیوا » ی کوڕی و (کاڵی)ی ژنی هەموو شتێکی کەیان لە گیان و مێشکیا شاردەوە . بەبێ ئەوەی ، تەنانەت ئەو گورینە زورەی لە شەقامەکەو خانوودوکانە کالێی ئەملاو ئەولاشیا تووزی ، سەرنجی ڕوویداوە ، ئەوەندەی ڕاکیشن . پا گوی بداتە دیمەنی کەژە ڕەنگاورەنگەکەی بەرامبەری ، کە جاران دلگیرترین دیمەن بوون لەلای . وە کەوا ئاوابوونی خور تارایەکی ئەرخەوانی جوانیشی بەسەرا کیشابوو . سەری داخست و چاوی بریە چەنی ڕێگاکە بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی تایبەتی تیا بەدی بکات . بە گوژم و گوڕیکەوە کە هیچ لە لەشی لاوازی چاوەڕوان نەدەکرا خوی ئەکوتا بەرەو ماڵ ! بیری لەوسەرسامی و خوشی و گەشکەیە ئەکردەوە کەوا بە ماڵا کردنی لە ناکاوی ئەیخاتە دلی ژن و کوڕەکەیەوە ! بەلام ئەبێ گومان « هیوا » نای نابێ ، لێ دوور ئەکەوێتەوەو بەخێیەوە ئەڕوانێتە ئەم پیاوە زەلامەی وا خەریکە خوی ماچ کات و دەست بکاتە ملی دایکی ! بە بەرچاوی مێشکی تی ئەپەڕی کە کاڵی بە دەنگێکی کپی بە فرمێسک ئاو دراوەوە بانگی ئەکات ـ « وەرە هیوا گیان ، ئەوە بابەیە ! دەی دەستی بکەرە ملی بابە ، ماچێکی بەری .. » ئەمەو بە دوو دلی و نیوە ڕەزاوە بەجوش و پەروشێکی زورولێک نزیک ئەبنەوە . هیوا دەستە خەپەتولەکانی ئەهاوێتە سەرشانی داتە ـ واوی ، ئەمیش دەم ئەنێ بە لاملیەوە ، لە پیش ئەوەدا بکەوێتە هەلمژینی ، تیر تیر بونی پیوە ئەکات !.. نەء خو هیوا منالوجکە نیە ، تەمەنی لە دە ساڵ تێپەڕیوە ، لەنە هەموو شتێک تی ئەگات . بێگومان دایکیشی ئەوەندە باسی ئەمی بو کردوەوە هەرکە چاوی پێی کەوت پەلاماری دەستی ئەدا ماچی کات . بەلام نەء .. ئەم ئەوەندە گورراوە لەوانەیە کاڵیی بە سەزمانخوشی نەیناسێتەوە نەخوازەلا منالێکی وەکوو هیوا .. « لێرەدا گەیشتە سەری ئەو کولانەی کە ئەبوو لێوەی بپێچ بکاتەوە بو ماڵی خویان . لەپڕ ڕەق ڕاوەستاو لە جێی خوی وشک بوو ، ماڵی چی و حاڵی چی ؟ ماڵ لەکوی ماوە ؟ هاتەوە بیری کەوا زور لە مێژە « لاوە » ی ئاموازی بوی نووسیوە ، ژن و کوڕەکەی بردوتە ماڵی خویان ژێرخانێکی داونی و خانوکەی خوشیانی بو داون بە کری و لە کری کەی مانگی دوو دیناری بو ئەم ئەناردو ئەوی کەشی لەخویان سەرف ئەکرد . هەروەکوو ئەم بیرکەوتنەوە ناکاوە لە خەیالی داییت و لووتی شکاندبێ هێز و گوڕ لەلەشیا نەما ، گەڕایەوە دواوە قاچی بە کیش ئەکرد ... کەواتە بەیەک گەیشتنەوەکەیان هیچ ئەو تام و خوشیەی نابێت کە بە درێژایی شەش مانگی

دوایی زیندانی یەکەی ئەمخوی بو ئامادە ئەکات‌و خەیالی لی‌ئەدا . لەبەرچاوی« لاوە » و ژن‌و منالەکانی لە کوی رووی دیت ئەو شتانەبکات‌و ئەو قسانەیان پی‌بلی کە لە دلیا گیلە ئەدەن ؟ هیچ .

ـ شتیکی ئاشکرایە کەنەتانەت ناتوانی ماچیکی کالی یش بکات ... دەی قەی‌چی‌کا ! خو دنیا هەر ئەو چەند دەقیقەیە نی‌یە کەتیایا بو یەکەمجار ، دوای دە سال ، چاویان بە یەکئەکەویتەوە .. ژیانیکی دوورو دریژیان لە پیشە ، هەرئەوەندەی هەیە کە خوا لە چورتم‌و تاویری روژگاریان‌پاریزی بەلام زور سەیرە ... چون بیری چووبووەوە کە لەو مالەدا نەماون بە دریژایی چەند سال ( لاوە )لە نامەکانیا باسی ئەوە ئەکات کە هیواو دایکی لە مالی ئەوان‌پیکەوە ئەژین .

گەیشتە بەر مالی ( لاوە ) .پاش تەختی سیودوو بە دەستیکی لەرزوك لەدرگاکەی دا . دوای ئیستیکی باش کوریکی هەشت‌نو سالە دەرگەی لیکردەوە . کە چاوی پی‌ی کەوت دلی‌داخوریا : « تو بلی‌یت ئەمە هیوا بیت ! بەراستی زورری لی‌ئەچی کە ئەو بیت . گەلی شیوەی لەو وینەیەی‌هیوا ئەچیت کە بە منالی گیراوە ، ئەو وینە نازدارەی ،دوای گەلی تکاو پارانەوە ( لاوە ) ی ئاموزای بە دزی‌دەسەلاتدارانی زیندانەوە گەیاندبویە ئەم .. ئەووینەیەی بە دریژایی چەندسال هەر کە شەوی لی‌ئەهات لەنووی لیفەکەی دەری ئەهیناو تا خەو بەلادائەبیردەوە پی‌ی رائەبواردو بەوتیشکە گەشە هیمنەپاکژەی لە چاوە رەشە پیکەنیناویەکانی هەلئەقولاتاریکی زیندانی روشن ئەکردەوە ، وهیشتا دنیاتاریك و لیل بوو کە لە خەو رائەپەری‌و دیسانەوە لەتوی‌ی‌لیفەکەیا بەباشی ئەیشاردەوە ، بو ئەوەی وەك وینەکەی کالی‌وەردیانە جانەوەرە دلرەقەکانی زیندانەکە،لە پشکنینیکی‌ناکاوانەی دوزنەوەو بەبەرچاوی خویەوە وەك درندە پارچەپارچەی نەکەن ... » وای چە ریکەوتیکی خوش ئەبیت« هیوا » گیان یەکەم چارەی ناسیاوبیت کە لە شاری( ی . ـ ) دا چاوی پی‌ی بکەویت !

منالەکە لە بیدەنگی‌وسەرنج‌دان‌و واق‌ورمانی ( کابرا ) بە ئەندازەیەك پەشوکاخەریك بوو دەرگاکە داخاتەوە جوامیریش لەبەرخویەوەئەی‌ووت هیوا ، هیوا ،

منالەکە زیاتر شلەژاو هەتائەهات دەموچاوی زیاتر نیشانەی ترسی لی ئەنیشت بەتایبەتی کەدی کابرای لە دەرگادەر دەستی گرتووە بەتای درگاکەوە نایەلیت پیوەی بداتەوە ... بە دەنگیکی پرترسی نزیکتر لە هاوارەوە ووتی :

ـ بو قسە ناکەی مامە بلی‌چیت ئەویت !

ئەم پرسیارە جوامیری لەچنگ شپرزەیی‌و بیرکردنەوە رزگار کرد بە ئەسپایی بەبی‌ئەوەی چاو لە کورەکە بتروکینی پرسی :

ـ کاکە لاوە لە مالە ؟

منالەکە بە گورجی وتی بابچم بزانم .

توند بە هەموو هیزی خوی‌تای دەرگاکەی پیوە داو جوامیری بە حەپەساوی‌وشەر مەزاری لە دەری هیشتەوەو خوشی بەراکردن‌گەرایەوە مالی ..

ـ ماویتی ـ

---

(۱) لەسەر داخوازی بەمجی‌هەندی خوینەرەوەی بەریز دامنا کە ناوی ئاشکرا لە قارەمانەکانی‌داستانەکە بنیم .



## کوچی دوایی هەقال‌هوشی مینە

**روژی ۳ـ۹ـ۹٦۹ دلی‌قارەمانیك لە لیدان کەوت کەتوانی لە دریژایی ژیانیا سەرکردایەتی گەلەکەی بکات‌بەرەو سەرکەوتن وە خوی‌بکات بە نموونەی شورشگیریك کە هەموو ژیانی خەباتی‌بی‌وچان بوە لە پیناوی گەلەکەی‌و هەموو مروڤایەتی‌دا وە کاتیك کە کوچی دوایی‌کرد هەموو گەلانی دنیا بەچاوی ریزەوە تەماشای قارەمانیتی گەلی ڤیتنام ئەکەن‌کە هەڤال هوشي مینەسەروکی بوو . وە شورشی گەلی ڤیتنام یش بوە داستانیك‌کە گەلانی ئازادیخواز دەرسی‌لی وەرئەگرن .**

**وە هەموو گەلانی دنیابەشداریان کرد لە ئاسوری‌دەربریندا لە کوچی هەڤال ( هو ) . هەڤال ماموستابرایم ئەحمەد سکرتیری‌کومیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان‌بروسکەیەکی لی‌دا بە ناوی‌پارتیەوە ، تی‌یدا ئاسوری گەلی کوردی دەربری بەرامبەرکوچی سەروك هو .**

گوڤارەکەیشمان داوای‌لی بوردنی خوینەرەوەکانی‌ئەکات کە لەم ژمارەیەدا نەمان توانی بە دریژی لەسەر هەڤال‌هوشی مینە بنوسین ، بەلام لەژمارەی داهاتوودا بە دریژی باسی ئەکەین .

# سەرکەوتن بۆ خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی نەبەزی فەلەستین

* خەباتی چەکدارنەی پیشمەرگە قارەمانەکانی فەلەستین دژی داگیرکەرەکانی ئیسرائیلی ڕۆژ بە ڕۆژ بەرە ئەسینیت و پتر سەرکەوتن و دەستکەوت بە دەست ئەهینیت .

*** پیشمەرگەکانی فەلەستین دلیرانە دریژە بە چالاکی خویان ئەدەن وە تادیت مەیدانی جەنگی شورشگیرانەیان فراوان وبەرین تر ئەکەن ، کار گەیشتوتە رادەیەك پیشمەرگەکان لەناو لەلئەبیب و حەیفا و قودسدا زیان بە دوژمن ئەگەیەنن .**


* ئیمرو دوای زیاتر لەدوو سال لە پەلاماردانە درندانەو فیلاوی یەکەی سەهیونیەت بە هاوکاری ئیمپریالیزم بو سەر نەتەوەی عەرەب وە دوای سەرکەوتنە عەسکەری یەکەی سوپای پەلاماردەری ئیسرائیل بو سەر لەشکرەکانی حکومەتەعەرەبیەکاندا ، وە دوای ئەو هەمو دیعایە و پروپاگاندەی ئیمپریالیزم و سەهیونیەت و کونەپەرست بو خەساندی گیانی خوگری و بەرگری عەرەبی کردیان ، هیشتا ورەو گیانی شورشگیرانەی تیکوشەرانی عەرەب هەر رووله بەرزبوونەوەیە .

*** جگە لەمە گەلی عەرەب ریگەی رزگاری خواستی دوزیەوە ، کەریگەی خەباتی شورشگیرانەی چەکدارانەی کومەلانی خەلکە ریگەی جەنگی گەلی ـ یە کە کومەلانی خەلك بەرابەری پیشرەوەشورشگیرەکانی خویان پیی هەلئەستن .**

x هەروەك ئیمپریالیستەکان وە هەمو ئەوانەی گەلانی عەرەب بەرەو تەسلیم بوون و پیك هاتنەوە لەگەل داگیرکەرانی ئیسرائیلی ئەبەن ، چاکتر ریسوا بوون . چارەسەرە ئیسلامی و بەناو ئاشتیانەی ئیمپریالیزم و هاوکارەکانیان باشتر ریسوابوون ، رووی رەشی کونەپەرستانی عەرەب باشتر ئاشکرا بوو بو گەلانی عەرەب

ئیمرو گەلانی عەرەب لەهەموو کاتیکی تر باشتر دوژمنەکانی خویان ئەناسن کە بریتین لە سەهیونیەت وە ئیمپریالیزمی فالەمی بەسەروکایەتی ئەمریکاو **کونەپەرستە خوفروشەکانی عەرەب ، هەروەك دوستەکانی خوشیان زور باش ناسیوە کەبریتین لە گەلانی شورشگیرانی دنیاو گەلانی سوشیالیست وهیزە پیشکەوتوەکانی گەلانی دونیای سەرمایەداری .**

گەلی کوردیشمانی کەدەمیکە میژوو چارەنوسی خوی و بزوتنەوەشورشگیری یەکەی لەگەل چارەنوسی کومەلانی خەلکی عەرەب و بزوتنەوە شورشگیری یەکەی گریداوە وەکو هەموو سەرکەوتن و ژیرکەوتنی جەماوەری عەرەب بە هی خوی ئەزانیت بە دل و گیان هاوبەشی خەباتی گەلی شورشگیری فەلەستین ئەکات و پشتیوانی شورشی گەلی فەلەستین ئەکات دژی ئیمپریالیزم و سەهیونەت بەتایبەتی **چونکە ئیمرو خەباتی شورشگیرانەی فەلەستین بوتە پیشەنگی خەباتی گەلانی روژهەلات هەروەك بوتە سەرچاوەی ئیلهامی خەباتی شورشگیرانی هەموو گەلانی عەرەب و گەلانی تری روژهەلات . بژی یەکیتی تیکوشانی کورد و عەرەب . سەرکەوتو بیت شورشی گەلی فەلەستین . مردن بو ئیمپریالیزم و سەهیونەت و کونەپەرستان .**



# دۆست و دوژمن بناسە

## کامانەن دوژمنانی راستەقینە ؟ وە کامانەن دوستانی راستەقینەمان ؟

شەمال

ئەم باســـە بو ئـــەو سەرلیشیواوانەیە کە دوستو دوژمن لیك جیا ناکەنەوەو ، بو پەردە لادانە لە روی ئـــەو کونەپەرستو بەکری گیراوانەی کە هەولو تەقەللاین گوم کردن و هەلگیراندنەوەی راستیو سەرلیشیواندنی خەلکییە .

گەشەکردنی کومەلــــی مروڤایەتی بە گویرەی چەند یاسایەکی ( موضوعی ) یە کە سەربەستن لە ئارەزوی خەلکیو حەزو خواستـــی تایبەتی‌یان و مەبەستی دووری ئەو گەشەکردنە رزگارکردنی کومەلانی خەلكو مروڤە لــە چەوساندنــەوەی چینایەتیو ئازاردانی نەتــەوایەتـــیو کوتوبەندی داگیرکـــاریو لابردنـــی مەترســـی شەرو نەهیشتنی هەژاریو نەزانینو نەخوشی بو ئەوەی مروڤ نەك هەر ببیتە خاوەن چارەنوسی خوی‌و بەلکو دەست بەســەر سروشتدا بگریتو ئاکوکی کوتایی سەرەکی ببیتە ئاکوکی نیوان مروڤو سروشت وە بو ئەوەی مروڤ نەك هەر لـــە سروشتو دەرکەوتوەکانـــی بگاتو تفسیریان بکات بەلکو بو ئەوەی دەستبەســـەر سروشتدا بگریتو بی‌گوریت بەو شیوەیەی گونجاو ئەبیت لەگەل پیویستیەکانی مروڤو زیاترو خیراتر گەشەپی‌کردنی کومەل .

جا هەمو ئەو هیزانـــەی خەبات ئەکەن لە پیناوی لابردنی کوسپەکانی ری‌ی ئەو گەشەکردنی کومەلایەتی‌یە لـــە سەرەوە باسکراوە ئەوانـــە هیـــزی پیشـــکەوتوو ئازادیخوازنو ئازانجیـــان گونجاوە لەگەل ئەو گەشەکردنە کومەلایەتیانەدا ئەوانـــــە ...زون گەلی هەن بەسەرچاوەی ـ۲۰ل ـە

بزوتنەوەی رزگاری خوازانەی گـــەلانو لەشکرگـــــای سوشیالیزمو جوتیـــارانو کریکارانی جیهانە کە لـــــە خەباتیکی بەردەوام دان لـــە دژی ئەوهیزە کونەپەرستانەی کوسپی ریـگای گەشەکردنن کە ئەوانەشـــی چینەکانی دەرەبەگو سەرمایەدارەکانو لەشکرگای ئیمپریالیزمـــی جیهانن کە دوژمنی گەلانـــی ئازادیخوازو تیکدەرانـــی ئاشتی جیهانو لاسارترین دوژمنانی گەشەکردنـــی کومەلایەتی .

جا نەتەوەی کوردمان کـــە بەشیکە لە کومەلی مروڤایەتیو ئازانجی لەگەل گەشەکردنی کومەلایەتیو نەهیشتـــنی ئازاردانی نەتەوایەتـــیو چەوساندنەوەی چینایەتی‌دایە لەگەل هەمو گەلانی دنیـــادا دوستو دوژمنیان یەکە . وە جگە لەو لیکدانەوەیە ، وە یان دەرهینانی نەتەوەکەمــــان لە خیزانی مروڤـــایەتیو دروست کردنی دوســـتو دوژمن یان دەستنیشان کردنی دووستو دوژمن لەســـەر بناغەی هەر لیکدانەوەیەکی تر بیت بی‌گومان جگە لــــە سەرلیشیواوی‌و نـــەزانین ، ئەوە کرداریکی دوژمنانـــەو پیچەوانەی بە رژەوەندی‌یەکانی نەتەوەکەمانو گەلانــــــی ئازادیخــــوازەو خزمەتـــی ئیمپریالیزمو کونەپەرستانە .

ئەگەر بمانــەوی زیاتر ئـــەم باسەمان ئاشکرا بیت جالاتر وایە تی‌بینی خەلکی بکەیـــن لە ژیانی روژانەداو لـــــە شیوەی بیرکردنەوەو لیـــك دانەوەیاندا و نمونــــــە بهینینەوە لە سەریان

فیربوون و دەنگوباســــیان ئیستگەکانی لیـــبرالیدا ئەهـــوازە کــــە بەردەوام چاوەروانـــی هـــەوالو لیکولینەوەن لی‌یانەوە . ئەو دروودەلەسانە بە راستیەکی تەواو ئەزانن‌و وەکو جبرە سەرکەوتنیك لەناو خەلکـــا دووبارەی ئەکەنەوەو بلاوی ئەکەنەوەو ئەیانـــەوی وا لەخەلکی بگەیەنن کە لـــەو لایەنانە دوستی گەلی کوردنو ئەوانە جگە لەوەی یارمەتی ( مەلا ) ئەدەن ئەوانە دوژمنی عەرەبنو ( دوژمنی دوژمنیش دوستە ) .

جا با بزانین ئەم بیرکردنەوەو هەلویستانە پەیوەندی‌یان چی‌یە لەگەل راســـتیدا وە ئازانجو زیانیان چی‌یە !

ئەو هەلویستو بیرکردنەوەیە پیچەوانەو دورترین شتە لـــە راستی وە تەنیا ئازانجی بـــو ئیمپریالیزمو کونەپەرستانەو دوژمنایەتی کردنـــە لەگەل نەتەوەکەمانو بەرژەوەندی یەکانی ئەو خەلکانە چەنــد جوریکن .

هەندیکیان ئەو بیرەیان ســـەبارەت بە نـــەزانینو ساویلکەیی‌و ئاسوی تەسکی بیرکردنەوەیانە . هەندیکیان ئەو بیرەیان لە هەلویستی کونەپەرستانەو سەبارەت بە بنچینەی چینایەتی‌و پیویستی پاراستنی ئازانجو بەرژەوەندی تایبەتی‌و هی چینە کونەپەرستەکانە .

وە دوا جوریان ئەوانەن کە راستەوخو بەکری گیراوو سەربەبیگانەنو بە گویرەی فەرمـــانو ئاموژگاری ئیلاتەکانی ئاغاکانیان ئـــەو دەورە ئەبینن‌و دەزگـــاو

دەستەو دایەرەی مەلا وە بەسەرگردایەتی مەلا ع ئاگاداری مەلا وە ع بە نهێنی لە مەلالەم بابەتەن وە خۆیان فرۆشتووە لەو دەورە خیانەتکاری و نا شەریفانەیە نەبێن و بوونە بەشێك یان پارچەو ئەداتێکی مەکینەی پیلانەکانی ئیمپریالیزم و پەیمانە دوژمنانەیی یەکانیان — بە تایبەتی سەنتۆ — وە لەگەڵ ئەو مەکینە گەورەیەدا لە کاردایەو بەو ئەرکە هەڵئەسن کە پێیان سپێراوە .

ئەگەر بگەرێینەوە سەرباسی ئەو کۆنەپەرستو سەرلی شێواوانە کە بە ناوی کوردایەتی و لە ژێر پەردەی نیشتمان پەروەری ودڵسۆزی دا لەبابەتەوی دوژمنە راستەقینەکانمان وەکو دۆست پێشکەشکەن و ئاگری قینی نەتەوایەتی و دوژمنایەتی بەرامبەر عەرەب و لە دژی عەرەب خۆش ئەکەن ئەبینین هەمو ئەوانە وە لە هەمان کاتدا بە داخێکی زۆرەوە .

ئاخ هەڵ ئەگیرسێن بە سەرییش جواردەی تەموزی ١٩٥٨ وانە بۆ سەردەمی پاشایەتی گور کراو کە گەلی کوردمان نەك هەر بێبەش بوو لە مافە دیموکراتی و نەتەوایەتی یەکانی بەڵکو عیراق و لایکی ژێردەستەو رەك داشێ دامەو شەترنج بوویە دەست ولاتە ئیستعماریەکانەوە بەگوێرەی قازانجی ئەوان یاری کراوە بە چارەنوس و ئارەزوی گەلانی کورد و عەرەب و لەو سەردەمەدا بوو کە ئەوبستراو یەکێتی هاشمی ) دابمەزرێنرێت و جگە لەوەی هیچ مافێکی دیموکراتی نەتەوایەتی کورد هەر رەچاونەکرابوو بەڵکو پڕۆژەکە بۆ ئەوە بوو کە زیاتر تەوقی ژێردەستەیی دیلی لێتوندکەن و گرەشێونیانە بۆ پوچ کردنی ناوەرۆکی شۆرشەکانی گەلانی ناوچەکەو لەگیرداڵی دەسکەوتەکانیان و بۆ روخاندنی رژێمە پێشکەوتووە دژ بە ئیمپریالیزمەکان و گرانەوەیان بۆ ژێردەستەیی ئیمپریالیزم . بێگومان ئیمپریالیزم هەر وەك چۆن هەڵوێست و ستراتیجیان دیار و ئاشکرایە بەرامبەر گەلانی دنیاو بزوتنەوە رزگاری خوازانەیی یەکانیان بە تایبەتی لەگەڵ نەتەوەکەماندا تاقی کردنەوەیەکی دوور و درێژیان هەیە .

دابەش کردنی نەتەوەو نیشتمانمان بە چەند سنورێکی دەسکرد هەموی بە گوێرەی بریاری کۆنگرەکانی ئەوان و نەخشەو پیلانەکانیان بوو و پیوە لکاندنی کوردستانمان بە ولاتانی عیراق و ئێران و تورکیا و سوریە بەشێك بوو لە دەسیسەکانیان کە بە بەرژەوەندی گەلانی ئەم ناوچەیە وە بۆ پاراستنی دەسکەوتی ئیستعماری خۆیان بوو کە ئەم بارە ئالۆزەی ئیستای لی پەیدا بووە و گەورەترین گیروگرفتی هێناوەتە ریی خەباتی نەتەوەکەمان بۆ رزگاری . بەوانەدا باس کران بۆمان ئاشکرا ئەبێت کە دوژمنی ئیمە ئیمپریالیزم پەیمانە دوژمنانەیی یەکانیایەتی و دۆستی ئیمە گەلانی ئازادیخوازی خەباتکەرە دژی ئیمپریالیزم و دەوڵەتە یەکری گیراوەکانی سەر بەوانە . بۆیە ئیسرائیل نەك هەر دۆستی ئیمەنیە بەڵکو دوژنمانەو هەر لەبەر ئەوانەشە کە نەتەوەی عەرەب دۆستی ئیمەن و دوژمنی ئیمپریالیزمی دوژمنمانن و هاوخەباتن لەگەڵمان داو گەلی ئامانجی تاوکۆیی دوورونزیکمان هەیە ، ئەگەرچی ئیمە

## بزانین کام ناکۆکی دوژمنانەیە وکامیان نادوژمنانەیە

نەتەوەکەمان بیبەشە کەمایەتی یەکی کەمتر لەو کیانە ئیستعماری یەدا و بۆ ئەوەی لە کاتی راپەرین و شۆرشەکانیا دوژمنێکی بەهێزتر بەرەنگاری بێت . ئەمە ئەو چارەنوسە شومە ئەبوو کە نەهاتەدی و کەزور لەو کۆنەپەرستانە ئاخی بۆ هەڵ ئەکێشن و هێرشی ئەبەنە سەر شۆرشی چواردەی تەموز .

با بزانین هەڵوێستی ئیسرائیل چییە لە نەتەوەی کورد و مەسەلەکەی بۆ ئەوەلەبێ بزانین ئەو دەوڵەتە خۆی مروشتی چۆنە ئیسرائیل دەوڵەتێکی دەسکردی ئیمپریالیزمەو بە یارمەتی و بەگوێرەی نەخشەی ئەوان لە ناو جەرگەی وڵاتی عەرەب دابەشێکی زۆری ئەو نەتەوەیەی دەربەدەر کردووەو خاکەکەی داگیر کردووە و بووەتە بنکەیەکی جەنگی ئیمپریالیزم و هێرشی دوژمنانە .

بۆ سەر گەلانی ئازادیخواز و هەرەشەکردنی بەردەوام لە ئاشتی جیهان و بۆ گێرانی پیلان و دەسیسەو دەبێتخستنە ناو کاروباری ناوخۆی میللەتان هەولی

ناکۆکیمان هەر هەیە لەگەڵ هەندی لە حکومەتە عەرەبیەکان و لەگەڵ شوڤینیزمی عەرەب وە هەر لەشمینی بەلام نەتەوەی عەرەب وە بە تایبەتی کریکاران و جوتیارانی هێزی پێشکەوتوو دژ بە کۆنەپەرست و ئیمپریالیزمن و بۆ پاشەرۆژی دور هەر دۆست و هاوخەباتمان وە کە ئیمە لەگەڵ عەرەب مەبەستمان کۆمەلانی خەڵکی پێشکەوتویانن لە کریکاران و جوتیاران نەکو حکومەتەکان و کۆنەپەرستان و شوڤینیستەکانیان .

کەواتە ئەگەر باسی ئەوە بکەینەوە یان پرسیار لەوە بکەینەوە کە ( دوژمنی دوژمنم دۆستمە ) چ مانایەکی راست ئەگرێتەوە ئەبێ ئەوە بکەیەنیت کە نەتەوەی عەرەب دۆستی کوردە چونکە ئەوانیش دوژمنی دوژمنەکانی گەلەکەمانن واتە دوژمنی ئیمپریالیزمن و دوژمنی ئەو دەوڵەتە بەکری گیراوانەن کە لە پەیمانەکانی ئیمپریالیزم دان و پاریزگاری بەرژەوەندی یەکانی ئەکەن .

وە لە لایەنەکەی کەشەوە دەوڵەتەکانی ئێران و ئیسرائیل

دوژمنی ناراستەوخـــوو راستەوخـوی ئیمەن وە ئەم راستیانە پیویستە زور ئاشکرابیـت .

ئایا ئیسرائیل لە سەردەمی پاشایەتی لەناوچوودا هیـچ دوستایەتی‌یەکی پیشان‌داوین ئەگەر بەسەرزارەکیش بیـت هیچ باسیکی کوردی عیراقی‌کردوە و باسی مافە نەتەوایەتی و دیموکراتی‌یەکانی کـــردوە ؟ئایا هەلویستی ئەوســـــاو ئیستای چی‌بوەو چی‌یە لـــەمەسەلــــە نەتەوایەتـــی‌و دیموکراتی‌یەکانی گەلەکەمـــان لە کوردستانی ئیران‌و تورکیـا ؛ هیچ باسیکی چەوساندنەوەی گەلەکەمان ئەکات لەو ولاتانەدا هیچ باسیکی کورد کـــردن بەتورك ( تتریك ) لە تورکیـــاو لە سی‌دارەدانی دەیـــــان‌تیکوشەری کوردستانی ئیران‌و خستنە زیندانی هەزاران ئـــەندامی‌ نەتەوەکەمان لە ئیراندا ئەکات؟ یان ئایا هەلویستی چی‌بوەوچون ئەبیـــت لـــــە هـەر بزوتنەوەیەکی گەلەکەمـــان لەولاتەکانی تورکیاو ئیرانـــی دوستیدا ئایا هەر هەلویستی دوژمنیەتی کردنی ئیمـــەو یارمەتی دانی داگیرکـــەرانی کوردستان نەبوەو هەر واشـــی ئەبیت ؟ بی‌گومان وەرامی ئەوپرسیارانە زور ئاشکران .

یادوای ئەوە بریینە سـەرباسی دەولەتی ئیرانی دوستی کورد !! — ( بی گومان ئەوە بەگویرەی لیکدانەوەی ئـــەو بەریزانەی لە پیشەوە باسمان‌کردن )

ئایا دەولەتی ئیرانی نوکەری‌ئیمپریالیزم نەبوو کە کوماری مەهابادی کوردی روخانـــدوسەرپای ئیران نەبوو کە شـــارو دیهاتی کوردستانی داگیرکردوتیکوشەران خەباتکەرانـــی گەلەکەمانیان کیشی زیندان‌ویەتی سیدارەکرد ؟ یـــان ئەوەکو هەندی بلین لـــەوەرابوردو بوەو وەکو عەرەبەکە ئەلی ( عفا اللە عما سلف ) یاباسیکی ئیستای ئەو بەهەشتە

بکەین کە نەتەوەی کوردمان وا لە ئاوی‌دا لە ئـــیران . وە با برانین ئەم دوستەی ئـــەوبەریزە بە سەعودا چوە ؛ یان کونەپەرستانـــە .. لــــا چ رادەیەك مافی بە نەتەوەکەمان رەوا بینیوە ؟

ئایا نەتەوەکەمان بـــە زمانیك ئەخوینیت لــــــە قوتابخانەکان‌و هەمو پلەکانی‌خویندن دا ؟ نەك ئەوە بەلکو تەنانەت خویندنی تەنیـــــا پولی سەرەتایی‌ش بـــــــە کوردی ئەخوینـــدری ؟ چ مافیکی نەتـــــەوایەتی‌و دیموکراتی دراوە بە نزیکەی‌پینج ملیون کوردی ئیران ؟

ئایا هەمـــــو ئـــەو مافە‌وئوتونومی‌یەی وەرگیراوە لەژیر سایەی شاهەنشای ئاریامیهر ( باوکی ئاری‌یەکان ) دا جگـــە لـــە زینـدان‌و ســـی‌دارەوچەوساندنەوەی چینایەتـــی‌و ئازاردانی نەتەوایەتی و جگـــە لەو ئیستگەیەی بوتـــــــی پروپاگەندەی زەهـــــــراوی‌سازمـــــانی ئـــەمنیەت‌و کونەپەرستانە بیجگە لەوانـــــە چ مافیك دراوە بە کـــوردو چین مافەکانمان‌و کام حکمـــی‌زاتی مان وەرگرتوە کـــــە وا جاری ئیمە تێی ئەگەیشتوین‌وئەو بەریزە کونەپەرستیـــە

( بەناو کوردانە ) بوئەتەبوقی‌پروپاگەندەکردن بویـــان ؟.
مەگەر ئەوانە تەنیا گورانیەکانی ( برایانی زیزی ) بیت‌و ئـــەم سازو ئاوازانە ئەوەندە بـــەگوی‌یان ئاشنا بیت هەر لـــە زور زوەوە ویژدان‌و هەستی‌نەتەوایەتی‌و هەمـــــــــتی بیرکردنەوەی ئەو بەریزانەی واسرر کردبیت کە تا ئیستاش لە خەوی ئەو ( مخدر ) بـــەئاگا نەهاتینەوە بو ئەوەی — تی‌بگەن بزوتنەوەی رزگاری‌خوازانەی گەلەکەیان لـــــە چ پلە یەك دایەو دوست‌و دوژمنەراستەقینەکانی کامانەن .

ئایا سیاسەتی دەولەتـــی‌ئیران ئەوە نی‌یە کــــــورد بەرەبەرە بتوینیتەوەو زوریە توندی بەرەنگاری هەمـــو داخوازی‌یەکی بیـت بەوەی‌خویندنی لی قەدەغە کردوین بە زمانی زگماکی خومان‌و هەموچاپەمەنی‌و بلاوکراوەیەکـــی کوردی قەدەغە کـــردوە ؟ وەیان ئایا بەیـــــت‌و باوەرەی ئەریامیهری ( باوکایەتـــــی‌ئاریەکان )

وە هەول‌دان بو پەروەردەکردنی بەو بروایەی کە کوردو فارس یەك ئەصلیان هەیە ( ئیتر پیویست بە مافی کورد ناکات ) وە هەروەها هەمو ئاریـــــن‌وشاهەنشاش باوکیانـــــەو پیویستە بالی رەحمەتی ( !! ) بکیشیت بەسەر هەمــــــــو ئاری‌یەکان‌دا ؛ ئایا لەمە جگـــەلە هەول‌دان بو خەلەتاندن‌و سەر لی‌شیواندنی کومەلانی‌خەلکی گەلەکەمان‌و توندتـــر کردنی کەلەپچەو بەنـــــدی‌ئازاردانی نەتەوایەتی هیـــچ شتیکی کە ئەگەیەنیت ؟ ئەگینائەریامیهر کە ئەوەندە بـــــە تەنگ ئاری‌یەکانەوەیەت بـــابالی رەحمەتی بەسەر گەلـــی لەلائی ئاری‌دا بکیشـــیت‌وهەندیـــك لــــەو بەیت‌و باوەرەیەش بو ئەو گەلە لـــی‌بدات . بو ئەوەی بەلای کەمەوە

کاربەدەستانی حکومەتی بونکە خاوەن دەسەلاتن لە ئیراندا و نوکەرایەتی ئیمپریالیـــزم‌کردونی بە دوســــــــت

یان یەك دوو دکتـــــوری‌نەفسی بو بنیرن یان رەوانەی خەستەخانەیەکی ( عقلـــی ) بکەن . بەلام شاهەنشاشـــی سـەگەو لە فیکەی خـوی زوونەگات وە لە لایەکی کەشـــەوە باس‌کردن‌و تاکید کردنە سەرئاریایەتی گەلی ئەلەمان یـــان هیچ گەلیکی کـــە لـــــــەوتەخشەیەدا نی‌یە کە ئاغاکانی ( ئیمپریالیزم ) بویان دیاری‌کردوە بەلکو هەر وەکــــــو ئاشکراو روونە مەسەلەکە هەربو سەرلی‌شیواندنی کومەلانی خەلکی کوردستان‌و داپوشینی‌چەوساندنەوەی نەتەوایەتی‌مانە لە ئیراندا و بو جی‌بەجی‌کردنی‌پیلانەکانی ئیمپریالیزمە لــــــە نـــــاوچەی روژهەلاتـــــی‌ناوەراستدا .

زور لەو بەریزانە وا زوو واز ناهینن‌و وەکو دوا تیـری ژەهراویان وە بو بەرگری‌کردن لـــە دەوری پـــر تاوانی نوکەرایەتی‌یان رەنگە وەکــــــو دواتیرو یاری کردن بە ( ئاخر وەرەتە ) بلین ئەی بوچی ئیران یارمەتی شورش ( !! ) ئەدات ؟ ئایا لەوە سودی کوردی تیـــانی‌یەو ئەوە دوستایەتی کردنی کورد نیە ؟

جاری ئەوەی ئـــەوان پێی‌ئەڵێن شورشی کوردو ئیمـــە

بۆیێ ئەڵێین بزوتنـــــــەوە یەکرێگرا وەکەی مەلا بارزانی :
ئەوەندەی هی ئێرانە ئەوەندەهی ئەو کوردە خۆ فرۆشانـە
نیە ... وە سیاسەتی ئێران بەرامبەر گەلی کوردی عێراق
هەر هەمان سیاسەتە بەرامبەر کوردەکانی ئێران .. ئایا ئێران
ئەوەی ئەوێت لە کوردستانی عێراقدا گەلی کورد مافی خۆیو
ئوتونۆمی وەرگرێت و بیشـەمەشەخەڵیکی رزگاریو هەموو
نەتەوەکەمان لە پارچەکـانـی تری نیشتمانی خۆشەویستو
داگیرکراومانا چاوی هیـــوابیریتە کوردستانی عــیراقو
ئیمەش هەڵسین بە خۆش کردنی گری خەباتی شۆرشگێرانەیانو
پشتو پەناو پشتیوانیــــانیـین ؟

رەنگە یەکێک بەکرێگیراویکی زۆر بێ شەرمیش بێت ئەوری
لە وەرامدا بلێ تا ئـــیران ئەوەی ئەوێت ، ئەی کەوانـە
راستیەکەی چییەو ئەگــەرواش نەبێـــت بۆچی دژی
شورشەکە ( !! ) ئاوەستێت ؟

ئیران بە گوێرەی پێویستی جێبەجێ کردنی بەشێک لـــە
پیلانیکی ئیمپریالیزمی ئاغـای ئازالجی لەوەدا بە دەســت
بکشێنێتە ناو بزوتنـــە وەی کوردەوەو پێویستی بەوەیە کە
ئەو بزوتنەوەیە بە دەســـتخۆی بێتو سەربەخۆی بێت
بۆ جێبەجێ کردنی پیلانــەگلاوەکانی ئیمپریالیزم بـــە
سەرکەوتویی یەکەم بۆ ئەوەی سەرنەخستنی مسرگەر کاتو
چارە نوسەکەی بە دەســـتخۆی بێتو کەی ویـــستی
کۆتایی پێ بهێنێ وە لـــەلایەکی کەشەوە بەربەســـتی
تەشەنەکردنی ئەو بزوتنەوەیەبێت بۆ ئەودیو سنور .

ئەگینا ج ئیرانو ج ئاغـــا ئیمپریالیستەکانی ئەگەر ڕۆژی
لە رۆژان ئەوە لــــــــــەسیاسەتیاندا بوو بێت هیچ
نەبێت پارمەتی یەکی کـوردی عیراق بدەن ( ئەگەر یەکێـــک
بلیت ئیروسیا لە کوردەکانـی کە ) ئەلێین ئەگەر ئەوەیـــان
بویستایە ئەیان توانی زۆرشت بکەن لەو بارەیەوەو مەسەلەکە
لەئاو کۆمەلی نەتـــــــــەوە یەکگرتوەکان دا ئاشـــکراکەنو
دنیایان پڕ ئەکرد لـــــەپروپاگەندە بەڵام ئــیران زۆر
بە بەزۆشەوەیە بۆ ئەو ڕۆژەی خەباتی گەلی کوردمان لـــە
کوردستانی عیراق دا بە فیرۆئەچێتوبـــو لەوەی ئـەوە
تەجزوبەیەکی دوراوو دەرسیک بێت بۆ کوردەکانی ئیران و بۆ
ئەوەی نە چارەروانی ئـەوەبکەن و نە هەوڵ بدەن بـــو
رۆژی رزگاری و هێنانەدی مافەدیموکراتیو نەتەوایەتییەکانیان

بەوانەدا کە باس کــرانئەگەینە ئەم ئەنجامـــانـەی
خوارەوە : ئیران کە پارمەتی بزوتنەوەکەی مـــەلا ئەداتو
جڵەوەکەی گرتوە تەنیـــا بۆئەوەیە کە ئەو بزوتنەوەیە لــە
ناوەختدا نەروخێت بەلکـــوجاری بەر دەوام بێتو دەوری
عامیلێک ببینێت لە روخاندنی حکومەتەکانی عیراقدا تـــا
حکومەتیکی کۆنەپەرســـتو سەربەئیستعماری وا بـەبـە
کایەوە ( بە ئەنجامی پیلانەکانی ئیمپریالیزم لە هەمو لایەکەوە)
کە لە بابەتی خۆیو بە دڵــی ئاغاکانی لەبێت ، بـو ئەوەی
عیراق بگرنەوە ناو پەیمانی ( سەنتو ) :



جا تا ئەو کاتە ئیستعمارو ئیران دەست بە پشتی مەلاوە
ئەگرنو ئاراستەی ئەکەنو ولەیانەوی لە شکان بیپارێزن
بەلام هەر ئەوەندەی ئـــەوپیلانە چوەسەرو جێگیر بـــو
وە ئەو ئامانجە گلاوەی هێنایەدی ئیتر ئەوا ئیشیان بـــە
مەلاو بزوتنەوەکەی نامێنـــێ ئەو کاتەش ئەگەرمەلا بەگوێرەی
فەرمانی ئاغاکانی بلاوەی بەچەکدارەکانی کردو هەراکەی
براندەوە ئەوا رەنگــــــەپاداشتی جاسوسی نوکەرایەتی
بدەنەوە ئەویش جێبەجێ کردنی هەندی داخوازی شەخسی
وە ئەگەر لە کاتێکدا مـــەلائەوەش نەکاتو یاخی بێت لە
ئاغاکانی ( کـە ئـــەوە زۆر جێگەی باوەر ئیە ) لەو کاتە بە
پەلاماردانو گەلەکۆمەکـــــی کردنیکـــــی دەوڵەتەکانی

سەنتوو تیکی ئەشکینن ئەوانەو کاتە کە سنوورییان لی گرت و پارەو چەکیان لی بڕیوئەو جاسوسە ناوخوییانەی ئیتە لە دەستەودایەرەکەیدان کە لیی کەوتنە کار . بە چەند رۆژیك لەبزوتنەوەو نە مەسەلەی کورد هیچی ناهیان .

بویە لە چاکترین احتمال دالە دوای جیبەجی کردنی فەرمانەکانی ئیستعماری ئاغای تەمەڵی دریژی بزوتنەوەو بەکریگیراوەکەی هەر لەوەندەبیت کە شەری بەربەرەکانی کردنی پارتیو لەناوبردنی پارتی پیبکەن وە ئەو ئیشە دوا فرمانی سەر شانی ئەبیت لەو پیلانە ئیستعماری یەدا .

ئیران بو ئەو ئەنجامەیارمەتی مەلا ئەدات جگە لەوەی ئیستاش پیش گەیشتنیبەو ( خەوە ) وە لە لایەکیشەوە مەلاوبزوتنەوەکەی کردوە بە دەسکەلاو مقاشی دەستی بو گرتنو کوشتن وئازاردانی رولە تیکوشەرەکانی کوردستانی ئیران وە لەوچارەسەرکردنو دامرکاندنەوەو مەیدانەدا وەکو ( جاشیکی سەنتویی دلسوز ) شانبەشانی چریکە جاشەکانی شاهەنشاوجەندرمەو سازمانی ئەمنیەتی ئیرانی بە ئەرکی سەرشانی هەلئەسیت . وە لە هەمان کاتیش دا کوردستانی عیراق کراوە بە بازاریکی باش بو شەریکە سەرمایەدارەکانی ئیران و تیك شکاندنی ئابوری عیراق .

رەنگە زورکەس ئەگەر بەوباسانەش رەزامەند بن بەهەر لەو رایەدا بن کە عەرەبدوست نیەو بلیین ئیمە تاقی کردنەوەی ناخوشمان هەیە لەگەلیاندا . راستە ئیمە تاقیکردنەوەی ناخوشمان هەیە بەلام ئیمە پیشوتر روونمان کردەوە کە ئیمە دوستایەتی کریکاران و جوتیاران کومەلانی چەوساوەی عەرەبمان بەلاوەراستەو پیویستە وە لە هەمان کاتدا ئەبی بجەنگین لەدژی ئەو شوفینیایەی مافەکانمان پی رەوا نابینن . جگە لەوەش هەتاوەکو لەگەل ئەو ئەتەوە عەرەبەدوستەشمان دا ئیمە نالیین ئیتر مرو بە بەئیمانەدا ناجیوهیچ گیروگرفت و ناکوکی نامینی لە نیوانماندا بەلکو ناکوکیمان هەر ئەمینیو ئیستاش هەیە وە ئەلا لە نیوان ئیمەو ئەواندا بەلکو لە سروشتو لە هەموو دەرکەوتەکانی سروشتدا ناکوکی هەیەو بەردەوامە . بەلام ئەبی ئیمە بزانین لەناو ناکوکیەکاندا کامانەن ناکوکیدوژمنانەو کامانەیان نا دوژمنانەیە وە هەتاوەکو ناکوکیە دوژمنانە ییەکانیش بە گویرەی گرنگیو بایەخی یانلەبی بەرودوا دایان بنیین .

ناکوکی دوژمنانەی ئیمەجگە لەوەی کە لەگەل ئیمپریالیزمەو لە هەموویان گرنگترو پیویستی زیاترە بە براندنەوە جگە لەوە ناکوکیدوژمنانەی ئیمە وەك ئەتەوەیەك لەگەل هەندی حکومەتە عەرەبییەکانو عەرەبە شوفینیستەکانە و بەلامهەرچی ناکوکی نیوان ئیمەو ئەتەوەی عەرەبیشە ئەوەیانتا دوژمنانەیە و شیوەی براندنەوە چارەسەرکردنیجیاوازە لە شیوەی براندنەوەی ناکوکی دوژمنانە.

ئیمە ناکوکی دوژمنانەیتوندوتیژمان ئیستا لەگەل بەرەینوکەرانی ئیستعماروئیرانو مەلادا هەیەو مەترسی هەرەگەورە لەو لایەنەوەیەلەوانە جگە لەوەی مەبەستیان گەراندنەوەیگەلەکەمانو گەلی عەرەبە بو سەردەمی نوکەرایەتی ئیستعماروپەیمانی سەنتو ئەو کارە خوی پیلانیکەلەسەر پاشە رۆژی بزوتنەوەی کوردایەتی وە بو مراندنی بزوتنەوەیرزگاری : خوازانەی گەلەکەمانە لە پارچەکانی ئیشتمانیدا و بو قایمتر کردنی گەلەبچەو بەندی دەسەلاتی داگیرکاریو سیاسەتە ئیستعماریەکانی ( تفریس )و ( وتتریك ) • و بو ئەوەی هەتا هەتایەئەتەوەکەمان لەژیر دەستەیی و کویرەوەریدا بهیلنەوە وەبەلای ئیمەوە وەکو ئاشکراشە ئەمە ( ناکوکی دوژمنانەی سەرەکی یە ) و پیویستە لەسەر کوردیکی دلسوزو ئیشتمان پەروەریکی پیشکەوتوو کە هەموو هەولوخەباتیان ئاراستەی براندنەوەی ئەو ناکوکییەکەن .

وە ناکوکی نادوژمنانەی ئیمەو ئەتەوەی عەرەب ئەگەر هەول بدریت چارەسەرگریت بە شیوەیەکی دیموکراتیو ئاشتیخوازانە ئەوە دارشتنیبناغەی برایەتییەکی بەتین ئەبیتو ئەگەر لە ئەنجامیئەوەدا لە کوردستانی عیراقدا حکمیزاتی ( ئوتونومی ) بەدی بهینریت ئەوا ئیمە هیچ ناکوکییەکی ئەوتومان نامینیو ئەتەوەی عەرەب و هیزە پیشکەوتووەکانی ئەبنە دوستوپشتیوانی خەباتی رزگاری خوازانەی گەلەکەمان لە بەشەکانی تری ئیشتمانماندا چونکە هەر کاتیك ئەوان لە عیراق دا ( حکمیزاتی ) یان بە ئەتەوەکەمان رەوا بینی هیچ کوسپیك نامینی لە رییەوەدا کە پشتگیری داخوازیەکانی ئەتەوەکەمان بن لە بەشەکانی تری کوردستاندا ئەگەرچی کەمتریشی ئەو داخوازیانەلوتونومی بیت .

ئەتەوەی عەرەب ئەك هەردوژمنی دوژمنەکانمانە کە ئیمپریالیزم و نوکەرانیەتی بەلکو لە شەریکی دوورو دریژ و خەباتیکی سەخت دایە لەدژییان وە ئیمەش هەر هەمان هەلویستمان هەیەو لەهەمان شەرو خەباتدایین لە جەبهەیەکی گەوەو شورشەداهاتووەکانی پاشەروژی ئەتەوەکەمان شتیکی نزیکەوچاوەروانکراوە ؛ بویە پیویستە بە بی هیچدواکەوتنیك چاو بە هەموو ئەو شتانەدا بخشینینەوەو دوستودوژمن راستەقینەمان بناسینو ئەو هەموو خەلك وتاقمە کونەپەرستو بەکریگیراوو خوفروشانە بەدرو بخەینەوەو رسوایان کەینو رووی راستییان دەرخەین لە بەر چاوی میللەت .

# سروودی نوێ

جمال شارباژێری

کوردستان .. کوردستان ..
نیشتمانی .. لانەمان .
خاکی پاکی ، کوردی ، مەردی .. قارەمان ..
پیشکەشی ..
باوەشی ..
توی ئەکەین ..
سەرو .. سامان ..
دڵو گیان ..
پر بەدەم هاوار ئەکەینو بانگ ئەکەین ..
کوردستان .. یانەمان ..

* * *


بیرو بروای ..
پر لە هیوای .. ڕێی خەبات
لە سەربڕیە
لە سەرڕێیە .. هەر ئەڕوات
بو خوین ڕشتن ..
بو گەیشتن .. بە ئاوات ..
ئیمە ، نەوەی کومەلیکی پیشڕەوین ..
لەم ڕێیە .. یان ئەمرین ، یان سەرئەکەوین .

* * *

ئیمە هیزی بازووی چینی چەوساوەین
ئیمە مەشخەل هەلگری نەوەی کاوەین
گوش کراوی یەلە باوەڕو سەرچاوەین ..
وریاو ژیرو چالاکو چاو کراوەین ..
تی ئەکوشین ..
تا ئەپیوشین .. سەربەستی
بە ئومیدی .
گەلی کوردی ... دەربەستی .
بەو ئاواتە
تا ئەگاتە .. هەبەشتی

* * *

ئیمە قالبووی شورشو کوردایەتین
ئیمە کالای پر بە بالای میللەتین
ئیمە کوردی .. کوردی ڕێی مەردایەتین
تولەسینو بەهیرشو هەلەتین
بو ڕووی زوردار
بو ستەمکار .. ناحەزین
لە شەستیری
لە زنجیری .. نالەرزین ..
لە هوروژمی
لەتەووژمی .. نابەزین
ئیمە نەوەی کوردستانی ، سەربەرزین ..
وەکوو لوتکەی شاخەکانی سەربەرزین



# یەکگرن

## قانع

**یەکگرن ئەی چینی جوتیار یەکگرن!**
**یەکگرن رولەی کریکار یەکگرن!**

با هەموو جوتیارو پالەو رەنجبەران
یەکگرن تا دەبنە هیزو پشتیوان
هەلگرن یەکسەر دروشمی هاوبەشی
بی جیاوازی لەسەر رەمزو نیشان
هەلگرن پاچو چەکو بیلو قەلەم
هەر لە روشەنبیر هەتا شوانو سەپان
هەل تەکینن ئەم نیزامە بوگەنە
دابریژن کوشکی یەکسانی ژیان
تیکی بشکینن وزەو ئامانجی بەگ
تەفرو توون کەن، ریشەکیش کەن، میروخان
کاکی کولاک دەس لە گەردن هەل بسی
تا بلین ها .. یەکیتی دەستی شکان
ئەرزو ئاو، بو چینی جوتیاری هەژار
بەرهەمی نوش کا وەکوو نوشی گیان
کومەلی بن: پر لە بروا و یەکیتی
یەکیتی چەند کوشکی شاهانەی رمان
ئیوە شورشگیرین، پیرەوتان هەیە
ئاگریک بن بو گیانی زالمان
نوکەرو سەرمایەداری چاوچنوک
شار بە دەرکەن، دەربەدەرکەن، بی وچان
ئەو کەسەی خوینی ئەنوشین وەک شەراب
سەرنگون کەن، بیکەنە پەندی زەمان
قەت لە بارووتو گەفەو شەستیرو خوین
سل نەکەن، تا ئەچنە هەوارگەی گەلان
ئیوە بنچینەو بناغەی کومەلن
ئەزدی شانی ئیوەیە ئەرکی ژیان
تی‌خروشین، تی‌بکوشین، کول مەدەن
تا بە زور بی هینتە دەس مافی رەوان
کومەلی سوشیالیزم بنیاد بنین
تاوەکوو ببنە نموونە بو جیهان
نووکی پاچو بیری وردو هیزی لەش
ببنە بورکانیک لە گیانی دوژمنان
ریکی‌خەن یاساو نیزامی هاوبەشی
با بروخی شاهو تەختی خاینان
بەگەرو سەرمایەدارو خانو میر
پەت بکەن، رایان بکیشن بو نەمان

ئەو حەلەی کاتی ولات رزگاری بوو
پیاوو ژن، پیرو جوانتـــان، شان بەشان
هەول بدەن بو ئاوەدانیو مەعریفەت
تاکوو ببنە ریزی پیشکەوتووی جیهان
ئەو دەمەش رولەی پرولیتاری کورد
دەبنە رابەر بو ولاتی کوردستان
کاشکی یاسایەکی تازەم ئەدی
پر لە سوود بی، بو گەلو بونیشتمان
چارەنووسی خوت بە دەستی خوت ئەبی دیاری بکەی
نەک تەمایەر بی کە بوت‌کەن هەندەران
قانعا ساتوش لەگەل لاوانی کورد
رووکەرە مەیدان وەکوو شیری ژیان

لە دیوانی (پاشمەرگە) ی
خوالی‌خوش‌بوو ماموستا قانیعەوە



## بو پیشەوە

قەلا .. قەلا ، قەلای پولا ..
هی ، ستەمکاری ناقولا ..
بازووی راستی ..
داد پەرستی ..
لە بنەرەتا ، ئەی رەمینی ..
هەرەس ، بە زورداری دینی ..
پالەو ، .. جوتیار .. چینی هەژار
لە لادی .. لە دەشتو ئیوشار
چەك بە دەست ، خەندە لەسەر روو
دین‌و دەچن ، سەرقال .. ماندوو
بنیات ئەنین کوشکی ژیان ..
لە ناو ئەچی .. چەلەمەی .. (نان) ..
یاسایەکی نوی بەکار دی ..
بەرزو بیروزو ، زور بەجی ..
تیایا نرخی ( مروف ) بەرزە ..
سەرمایەیە .. خوای سەر ئەرزە ..
گەداو .. دەولەمەند نامینی
مروف ئەبی بەرهەم بینی ..
ئەوسا هەرکەسە بە پیی رەنج
گەورەو بچووك ئافرەتو گەنج
ماف وەرئەگرن .. شادو بەختیار
ئەبن بە روژ .. شەوانی تار
نارەقەی روو .. فرمیسکی چاو
خوینی سووری بو ژین رژاو
تومار ئەکەن دوو ووشەی جوان
بژی کورد ... بژی کوردستان ..

« مەنگوری »

## فەرهەنگی جوتیاری

### گەلەجووت

ـ هەندی جار جوتیارەکان‌لە ناو خویاندا ری ئەکەون بو ئەوەی زوو بە زوو جـوت‌و کیلانی زەوی گوندەکـەیان بکیلن ، بە کومەل هەر روژەی‌ئیش بو یەکیکیان ئەکەن ، هەر کەسەیان جوتە گاکەی خوی،وە تفاقی جووت کردن ئەباتە سەر ئەو زەوی‌یەی کە ئـەوروژە نورەیەتی ، بە هاوکاری لە گەل هەموو جـوتیارەکانی‌تری ئاوایی‌یەکەدا ئەکەونـە کیلانی ئەو زەوی‌یە ... ئەو جوتیارانەی لە گەلـە جووتا بەشداری ئەکەن ، ئەبی‌هەر روژە بچـن بو هی یەکی‌کیان تا هـەمووی تەواوئەبی .

ـ جگە لەم جورەی گـەلەجووت کە بە خوایشـت‌و رەزامەندی‌و ریکـەوتنی‌جوتیارەکانە لە ناو خویاندا ؛ جوریکی تریش هەیە کە گەلەجووتە لـە زەوی‌و زاری ئاغادا ، دەرەبەگ بە پیی ئەوهەقەی هەیەتی بە سـەر دانیشتوانی ناوچەکـەیەوەهەموو سالیك ئەبی ئـەو جوتیارانەی کە زەوی‌و زاری‌ئاغا ئەکیلن ئیتر چ ئـەوانەیان کە تفاقی جووت کردن‌و گـاوولاخی خوی هـەیە بـە کەرستەکـانی‌یەوە وە چ‌ئەوانەی کە نیانە ، ئەبی‌چەند روژیك بە کومەل بچن جووتی‌زەوی‌و زاری دەرەبەگەکـە بکەن بە خـورایی وە بە بی‌کری .

دەرەبەگ هەر بە تەنیـازەوی‌و زار نادا بـە کری ، هەنـدی لەو زەوی‌و زارەی‌هەیەتی ، وە ئەوەندەی کـە پیی بکیلری‌و پیی بەرهـەم‌بهینری بو ئیش‌و کاری خوی تەرخانی ئەکا ، جا لە بـەرئەوەی خوی ئیش ناکـا وە ئەوەندەش کریکارو ئیـش‌کەری نی‌یە خویان ئیشەکەیان پی جی‌بەجی بکری ،جوتیارەکانی تر بەکار ئەهینن ، ئیتـر سا لە کاتی جووت‌دا کە پیی‌ئەلین گەلە جووت ، یان لـە کاتی درەودا کە پیی ئەلـین گەلە درەو لە کـاتی ئاودان‌و گیرەو کیشەدا .

گەلە جووت ، یەکیکە لـەشیوەکانی بیگار پی‌کردن کـەلە سەردەمیکی زور کـونەوەدەرەبەگ بە زور بە جوتیاری ئەکا . بیگار لە ئەندازەی کەم‌کردنەوە یا زیاد کردنی ئـەوبرە مولکانەیەی دیاری کراوەکە جوتیار بیدا بە ئاغا کـار ناکات .

گەلە جووت ، کە جوریکە لەئیش کردنی بە کومەلی تیکرای‌دانیشتوانی گوندیك یـاناوچەیەك رەنگە جـووری یەکەمی‌یان کە گەلە جـووت‌ئارەزوو مەندانەی جوتیارەکان‌خویان یەکی بوو بی لە خـوورەوشتە بەجی ماوەکـانی قوناغی ژیانی سـەرەتایی‌یەکەم کە هیشتا چینـایەتی‌دروست نەبوو بـوو ، وەئادەمیزاد مولکی‌یـەتی فەردی نە ئەناسی‌و هەموو شت مولکی‌کومەل بوو .. وە هەروەهـاجوری دووهەمیان کە بـەزور ئیش پی کردنی کومەلە بو یەکیکی کە کە خـاوەنی‌هویەکانی بەرهەم هینانـەرەنگە لە شـوینەوارەکانی قوناغی بەندایەتی بی کە ئاغـا بە کومەل چەندین بـەندەودیل‌و کویلـەی لە ئیش‌وکارەکانی خویا بە خـوورایی‌بەکار ئەهینا .



# هەڵبژاردە

## لە ووتەکانی سەرۆک ماو تسی تونگ

### ٨ ـ جەنگی گەلی

جەنگی شورشگیرانەجەنگیکی جەماوەری یە ، بە بی سازدانو پشت پی بەستنی جەماوەر بەرپا ناکری .

« بە تەنگەوەهاتنی ژیانی جەماوەرو وریایی کردنی ئوسلوبی کار » ( ٢٧ ی کانونی دووەمی ١٩٤٣ ) ، ن. هـ ٢ ب ١

قەلای ئاسنینی راستەقینەچی یە ؟ جەماوەرە ، ئەو ملیونان جەماوەرەی کە بەدلسوزی و راستگویی یەوە لایەنی شورش ئەگرن .ئەوانەن قەلای ئاسنینی راستەقینە ، قەلایەک ئەهیچ هیزیک ئەتوانی بیرووخینی ، وە ئەرووخاندنی هەرگیز لە ووزەدایە . هیزەکانی دوژمنی شورش ناتوانن ئیمە بشکینن ، بەلکو هەرئیمە ئەیان شکینین . ئەگەر ملیونانمان لە جەماوەر لەدەوری حکومەتی شورشگیر کوکردەوەو جەنگی شورشگیرانەمان بەرین تر کرد ، ئەوا ئەتوانین بەسەرکلەمووو دوژمنەکانی شورشدا زال بین ، وە دەس بەسەرتیکرای چین دا بگرین .

لە هەمان سەرچاوەی پیشووەوە

دەوڵە مەندترین سەرچاوەی گەلدا . هوی بنەرەتی ئەوەی کە ژاپون ویرای دەستدریژیکانە سەرمان ئەوەیە کە جەماوەری گەلی چین ریکنەخرا بوون . ئەو دەمەی ئەم ناتەواوی یە ئاهیلین ،پەلاماردەرانی ژاپونی ناچار ئەکەین کە بەرەنگاری سەدان ملیونی گەلەکەمان بین کە لە خەو راپەریون ، جا ئەو کاتەئەو پەلاماردەرانە وەکوو گای بەلەسە بوویان لی دی کە ئاگر لە هەموو لایەکەوە گەماروی داون ، تەنیا ئەرەیەک بەسە بو ئەوەی تداویان بەرین ، وە جگە لەگر گرتن هیچ دەرەتانیکی تریان نامینی .

« لە بابەت جەنگی دریژخایەنەوە » ( ئایاری ١٩٣٨ ) ، ن. هـ ، ب ٢

ئەبی بە توندی بەرەنگاری ئیمپریالیستەکان بوەستین پاش ئەوەی لە پەلاماردانداگەیشتوونەتە ئەم رادەیە . پیویستە لەشکریکی نیزامی بەهیزمان هەبی ، وە لە پال ئەمەشدا چەندین تیپی میلیشیای گەلی لە سنووریکی فراواندا ریکبخەین . بەم چەشنە ئیمپریالیستەکان ئەگەر پەلاماری خاکی ولاتەکەیان دائین بە گران

ئەتوانن تەنیا هەنگاویک هەلبیننەوە .

دووانیک لەگەل نوینەری ئاژانسی دەنگوباسی شینخو ( ٢٩ ی ئەیلولی ١٩٥٨ )

ئەگەر بە تیکرایی سەرنجمان لە جەنگی شورشگیرانەدا ،کردەوەکانی جەنگی پارتیزانی گەلی لە لایەک وە کردەوەکانی هیزە سەرەکی یەکە ، واتە لەشکری سوور ، لە لایەکی کەوە وەکوو هەردوو بالی مروف پیکەوە یەکتری تەواوئەکەن ، جا ئەگەر هەر لەشکری سوورمان هەبی بەتەنیا بی جەنگی پارتیزانی گەلی وا وەکوو شەرکەریکی یەک دەستمان لی دی . گەل لە هەریمی بنکەکاندا بەتەواوەتی ، ئەوەندەی پەیوەندی بە جەنگەوەیە ،گەلیکی چەکدارە . ئەمەیە هوی سەرەکی ترسانی دوژمن لە هاتنە ناو هەریمی بنکەکانەوە .

« کیشە ستراتیجی یەکانی جەنگی شورشگیرانەی چین » ( کانونی یەکەمی ١٩٣٦ ) ،ن . هـ ، ب ١


گومانی تیا نی یە کە سەرکەوتن یا تیشکان لە جەنگدا بە شیوەیەکی بنچینەیی بەندە بە باری سەربازی و سیاسی و ئابوری و سروشتی هەردوولاوە . بەلام هەر بە تەنیا لەسەر ئەمە بەند نی یە ، سەرکەوتن یا تیشکان هەروەها بەندە بە ووریایی هەر یەکی لە هەردوو لای سەرکردایەتی جەنگەوە .نەخشەی ستراتیجی سەربازی لە تەقەللا دانیا بوسەرکەوتن ناتوانیت لە سنووری باری مادی تی پەربکا . بەلام ئەتوانیت بگرە پیویستە لەسەری کە لەناوخودی ئەم سنوورەدا ، تەقەللای بەدەستهیتانی ئەمسەرکەوتنە بدات . شانوی بزوتنەوەکانی نەخشەی ستراتیجی سەربازی لەسەر بنچینەی باری مادی مەوزوعی دائەمەزریت ، بەلام لەسەر تەختەی ئەم شانویە ئەتوانیت نووانندنی چەندین چیروکی جوراوجوری زیندوو پر لەهەلویستی قارەمانەتی و گیانبازی پیشان بدا .

لە هەمان سەرچاوەی پیشووەوە

مەبەستی جەنگ بەتەواوەتی ئەمەیە « خو پاراستن و تەفروتوونا کردنی دوژمن » ( مەبەست لە

تەفروتووناکردنی دوژمن دووت کردنەوەیەتی لە چەك یا « پرزە لێبڕینی توانای بەرگرییە » بەڵ هەڵواسینی هەموو دوژمنەکان ) . لە چەرخە دێرینەکاندا رم و قەڵغان لە جەنگا بەکارئەهێنران ، رم بو هێرش بردن و بو تێخستنی دوژمن بەکارئەهێنرا ، بەڵام قەڵغان بو بەرگری و خوپاراستن . وەتا ئەمروش چەك هەر درێژەکێشانی ئەم دووچەکەیە . بومباهاوێژ ، توپی ڕیز ، توپی ماوە دوورو گازی زەهراوی ، درێژە کێشانی گورانی رمە ، کەچی پەناگە ، کڵاوی پولایین ، قەڵابەندی چیمەنتویی و رووپوشی پارێزەری گاز ، درێژەکێشانی گورانی قەڵغانە . بەڵام تانك چەکێکی نوێیە ئیشی رم و قەڵغان بە جووتە ئەکات . هێرش بردن هوی سەرەکی لەناو بردنی دوژمنە ، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانرێت واز لە بەرگری بهێنرێت . مەبەستی راستەوخوی هێرش بردن تەفرو تووناکردنی دوژمنە ، بەڵام لە هەمان کاتا مەبەست خوپاراستنیشە ، چونکە ئەگەر تو دوژمن لەناو نەبەیت ، ئەو تو لەناو ئەبات . مەبەستی راستەوخوی بەرگری خوپاراستنە ، بەڵام لە هەمان کاتا بەرگری هویەکە بو پشتیوانی کردنی هێرش بردن یاخود بو خوئامادەکردن بەنیازی گواستنەوە بو هێرش بردن . کشانەوە بەبەشێك لە بەرگری دائەنرێتە بگرە درێژە پێدانیتی ، بەڵام ڕاوتان درێژەپێدانی هێرش بردنە . ئەبێ بڵێین کە تەفروتوونا کردنی دوژمن گرنگترین مەبەستی جەنگە ، خوپاراستن مەبەستێکی سەرەتایییە ، چونکە مروڤ بە چالاکی ناتوانی پارێزگاری خوی بکا لە ڕێگەی تەفرووتووناکردنی ژمارەیەکی زوری دوژمنەوە نەبێ . بویە هێرش بردن کە هوی بنەرەتی تەفرو توونا کردنی دوژمنە بەئیشی یەکەم دائەنرێت ، بەڵام بەرگری کە بە هوی یارمەتیدەری تەفروتوونا ـ کردنی دوژمن و هوی خوپاراستن دائەنرێت ئیشی دووەمە . هەرچەندە زوربەی بزوتنەوە جەنگییەکان لە زور کاتا بزوتنەوەی بەرگرین ، وەلە هەندێ کاتی ترا بزوتنەوەی هێرش بردنن ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر جەنگ مان بە تێکرایی وەرگرت هەر هێرش بردن خاوەن بایەخی یەکەم ئەبێ .

« لە بابەت جەنگی درێژخایەنەوە » ( ئایاری ١٩٣٨ )
ن . هـ ، ب ٢



وەرگێڕانی : وەزیر

# بۆچی شۆڕشی دیموکراتی نوێ ئەبێتە ڕێگەی شۆڕشی وڵاتانی نیمچە کۆلۆنی نیمچە دەرەبەگی ؟

سەرنجێکی پێویست :

ئەم باسە هێژایە ، لەبابەت ئەو ڕێگەیەوە کە شۆڕشی گەلانی زۆرلێکراوی وڵاتانی نیمچە کۆلۆنی ـ نیمچە دەرەبەگی ئەبێ بیگرێتەبەر ، لە بنچینەدا بە زمانێکی بێگانە بە چوار کەرت دۆستێکی بێگانەمان لە دەرەوەی وڵات نووسیویتی کە ڕەوشەنبیرێکی مارکسیستی شۆڕشگێڕە ، لەبەر گرنگی باسەکە ڕزگاری بە پێویستی زانی وەری بگێڕێتە سەر زمانی کوردی ، وە بە چەند جارێک هەر چوار بەشی لێکۆڵینەوەکە بڵاوبکاتەوە .

ڕزگاری لە کاتێکا کە هەرجارە لە خەرمانی بیری پێشکەوتووی گەلانەوە مشتێک وەرئەگرێ ، بۆ کەلک لێوەرگرتن و دەوڵەمەندکردنی بیری پێشکەوتووانەی کورد و پێکەوە گرێدانی تەجروبەی شۆڕشگێڕانەی کوردایەتی لە گەڵ تەجروبەی گەلانی ترو موتوربەکردنی بیری کوردی بە بەرزادەی بیری نووسەرە پێشکەوتووەکانی جیهان . وە هەرگیز مەبەستی لە وەرگێڕانی ئەم جۆرە باسە زانستیانە لەبەرکردن و لاسایی کردنەوەی کوێرانەو وتنەوەی تووتییانە نییە .. — ڕزگاری —

( شۆڕش ئەمیوانداری و نووسینی وتارو نیگارکێشان و چنینی نەخشی سەرچل و بەرگە ، نە بەو سووکی و ئاسانی و خۆشی و نەرم و نۆڵییەیە ، وە نەبەو ناسکی و ئەدەب و هێمنی و دڵنەرمییەیە شۆڕش ڕاپەڕین و کارێکی تونەو تیژە چینێک پەنای ئەباتە بەر بۆ خاپوورکردنی چینێکی کە )

« ڕاپۆرتێک لەبابەت لێکۆڵینەوەی جوڵانەوەی جوتیارانی خونانەوە »
( مارتی ١٩٢٧ ) ن . هەڵب ١ — ماوتسی تونگ

## ١ — پێشەکی :

گۆڕانی ناو کۆمەڵەکانی مرۆڤ لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوودا بە پێی یاسا زانستییەکان ڕوو ئەدات . لەو یاسا زانستییانەی کە لە کۆمەڵێکی چیناوی دا دەرخەری ناکۆکییەکانی نێوان هێزە بەرهەمهێنەرەکان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان بەهۆی مارکس و ئەنگلزەوە کە دانەری بناغەی سوسیالیزمی زانستی بوون دۆزراونەوە . مارکس و ئەنگلز لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی گەشەکردنی ئابووری و سیاسی کۆمەڵەکانا وە لە ئەنجامی ئامێتەکردنی ئەمانەییەکەوە لەگەڵ گەشانەوەی بیرکردنەوەی مرۆڤدا لە کاتێ ئەلە ئەو علوم دا ماتریالیزمی مێژوویییان دۆزییەوە . بۆیان دەرکەوت کە هێزە بەرهەمهێنەرەکان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵە چیناوییەکاندا هەرچەندە بە جۆرێکی لاسەنگ و ناهاوتا گەشە ئەکەن ، لە هەمان کاتا کارئەکەنە سەر گەشەکردنی یەکتری . بەڵام گەشەکردنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان و بە جێمانی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە چاو خێرایی ئەم گەشەکردنەدا ، ئەبێتە هۆی ئەوەی کە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان ببنە کۆسپی بەردەمی گەشەکردنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان وە لە ئەنجاما وەستاندنی ئەو گەشەکردنە . جا بەرگرتنی بەرهەم هێنان پەیدابوونی تەنگ و چەڵەمەی لێ ئەوەشێنەوە کە بە گۆڕینی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان کۆتایی دێت ، ئەوسا ئەو ڕژێمەی لە کۆمەڵدا هەیە ، پاش شۆڕشێکی توندوتیژ جێی خۆی چۆڵ ئەکا بۆ ڕژێمێکی نوێ کە گەشەکردنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە ژێر سایەیدا ئاسان ئەکا . لە کۆمەڵە چیناوییەکانا لە بەرئەوەی هەر چینە نوێنەری شێوەیەکی تایبەتی بەرهەمهێنانە . بۆیە لە ئەنجاما ناکۆکی ئەکەوێتە نێوان ئەو چینانەی کە نوێنەری بەرهەمهێنانی پێشکەوتوون و لە باری گۆڕان و گەشەکردنان ، لەگەڵ ئەو چینانەدا کە نوێنەری بەرهەمهێنانی بە جێماون و لە باری لە ناوچووندان ناکۆکییەکی ئەوتۆکە هەر لە ڕێگەی شۆڕشی توندوتیژەوە چارە ئەکرێت .

مارکس و ئەنگلز لە ڕابوردووەوە تا سەردەمی خۆیان لە چوار قۆناغی مێژوویی گەشەکردنی کۆمەڵیان کۆڵییەوە کە بریتی بوون لە : کۆمیونی سەرەتایی ، بەندایەتی ، دەرەبەگایەتی ، سەرمایەداری وە هەر لە سەر بنچینەی ئەم لێکۆڵینەوەیە پێشبینی یان کرد کە گەشەکردنی داهاتووی کۆمەڵ بەرەو سوسیالیزم و لە دوای ئەو بەرەو کۆمیونیزم واتە کۆمەڵی بێ چینایەتی ئەچێ .

بۆ لێکۆڵینەوەی وردوزانستی هەریەکێ لەم قۆناغە مێژووییانە پێویستە کەڵک لە یاساکانی ماتریالیزمی دیالەکتیک و ماتریالیزمی مێژوویی وەربگیرێ کە بە هۆی جوڵانەوەی سەرکردە مەزنەکەی پرۆلیتاریای جیهانەوە نووسراون . ئەگینا سەبارەت بە فلان یا بەهەمان خصوصیەتی تایبەتی وڵاتێک ، بە سەبارەت هەڵسەنگاندنێکی دوور لە چینایەتییەوە بۆ مێژوو ئووشی .... ڵائیبەتمان ئەکا کە لە ئەنجامدا ناتوانین سفاتی تایبەتی ، ڕێگە ، هێزە بنەرەتییەکان و ڕابەری شۆڕشی دیاری بکەین و بەری شۆڕشگێڕانە هەنگاو ئەنێین و تووشی شکانمان ئەکات .

لەم وتارەدا باسی گواستنەوەی کۆمەڵ ئەکرێت بە کورتی لە قۆناغی دەرەبەگییەوە بۆ قۆناغی سەرمایەداری ، گۆڕانی سەرمایەداری بە

ئیمپریالیــزم‌و گواســتنه‌وه‌ی‌بۆسۆسیالیزم ، پاشان لی‌کۆلینه‌وه‌ی ئه‌و قۆناغانه‌ی گواستنه‌وه کــــه‌له‌باری‌ئیستای ولاتانی‌نیمچه کولونی‌و نیمچه‌ده‌ره‌به‌گی‌دا پیویســــته‌بوگه‌یشتن به‌سوسیالیزم .

## ٢ ـ شورشی بورژوا دیموکراتی :

ریژیمی ده‌ره‌به‌گی له روژهه‌لاته‌وه‌تا روژئاوا به دریژایی چــــه‌ندین سه‌ده‌ی‌یه‌ك له سه‌ریه‌ك به‌رده‌وام بووه له‌م ماوه دریژه‌دا ئابوری داخراوو به‌جی‌مــاوی ده‌ره‌به‌گی ، ئابوری‌ده‌سته‌لاتدار بو . له‌گه‌ل گه‌شه‌کردنی هیــزه به‌رهه‌م هینه‌ره‌کانــــا وه‌به‌راده‌ی‌یه‌که‌م له‌گه‌ل گه‌شه‌کردنــی هویه‌کانی به‌رهه‌م‌هینانا ، چه‌نـــدچینیکی تازه له سکی کومه‌لــــی ده‌ره‌به‌گی هاتنه ده‌ره‌وه که بریتــی‌بوون : له بورژوازی وکریکــاران . بورژوازی خاوه‌نی‌هو‌تازه‌کانی به‌رهه‌م‌هینان بوو له‌به‌رئه‌وه بو فروشــتن‌و ساغ کردنه‌وه‌ی که‌ل‌و په‌له‌کانی خوی‌پیویستی به‌بازاڕو ئالوگور هه‌بوو . به‌لام ئابوری داخراوی ده‌ره‌به‌گــی‌بواری ئالوگور کردنی که‌ل‌وپه‌لــی به‌جیتی بورژوازی نه‌ئه‌داو به‌رده‌می‌گه‌شه‌کردنی په‌یوه‌ندی سه‌رمایه‌داری ئه‌گرت .

ناکوکــی نیــوان جوتیــاران‌وده‌ره‌به‌گه‌کان‌و ناکوکی نیــــوان سه‌رمایه‌داران وده‌ره‌به‌گه‌کان لــــه‌ناکوکی‌یه بنچینه‌یی‌یه‌کانی کومه‌لــی ده‌ره‌به‌گی‌بوون . جوتیاران سه‌ره‌رای‌ئه‌وه‌ی که‌له‌ژیرباری چه‌وســانه‌وه‌ی ئابوری‌وسیاســی بی به‌زه‌یی‌یانه‌ی‌ده‌ره‌به‌گه‌کانا بوون گه‌لی‌جار له‌دژی ده‌ره‌به‌گایه‌تی راپه‌ڕین به‌لام هه‌مووکه‌ره‌تیك ئه‌شکان چونکه چینیکــی گه‌شاوه‌ی‌وا نه‌بوون که به‌سترابــن‌به‌هوی به‌رهه‌م‌هینانی پیشکه‌وتووه‌وه تا به‌و پی‌یه‌ش خاوه‌نی ئایدیولوژی‌پیشره‌وی‌بن وبتوانن رابه‌ری خه‌بات بکه‌ن دژی ریژیمی ده‌ره‌به‌گی . بــه‌پیچه‌وانه‌وه له‌گه‌ل گه‌شه‌کردنــی پیشه‌ســازی‌دا جوتیاران به شینه‌یی‌ژماره‌یان که‌می ئه‌کرد چونکه به‌شیــك له‌وانه لادیکانیان به‌جی ئه‌هیشــت‌وبه‌شیوه‌ی کریکاری له‌رشــــته جیاوازه‌کانی پیشه‌سازی‌دا لــه‌لایه‌ن‌بورژوازی‌یه‌وه به‌کری ئه‌گیــران . له‌کاتیکاکه ناکوکی نیوان بورژوازی‌وسیستیمی ده‌ره‌به‌گی توندوتیژترین ناکوکی کومه‌ل‌بوو ، ده‌ره‌به‌گه‌کــان‌نوینه‌ری په‌یوه‌ندی‌یه‌کونه‌کانـــی به‌رهه‌م‌هینان بوون . ئه‌وانـــــه‌هه‌رله‌وکاته‌دا که به‌رده‌می گه‌شه‌کردنی به‌رهه‌م هینانیان ئه‌گرت هه‌ر وه‌کـــوچینیکی مراده‌ره‌وه‌بوو روژ بــه‌روژ لاوازتر ئه‌بوون . بورژوازی هــــوی‌تازه‌ی به‌رهه‌م هینانی به‌ده‌سته‌وه‌بوو ، له‌ی‌ویست به‌رهه‌م‌هینان گه‌شه‌بکا ،خاوه‌نی ئایدیولوژی پیشکه‌وتوو بــوو وه دژی سته‌می ئابوری‌و سیاســی‌ده‌ره‌به‌گه‌کان خه‌باتـــی ئه‌کرد . بورژواکان چینیکی گه‌شــــاوه‌بوون‌وهه‌رروژ ده‌سته‌لات وئه‌فوزیکــــی زیاتریان ده‌ست ئه‌که‌وت . به‌م جوره‌ته‌نیا بورژوازی بوو که له‌ی‌توانــــی رابه‌ری خه‌باتی دژی ده‌ره‌به‌گی بگریته‌ئه‌ستو . بورژوواکان به‌دریژایـــی چه‌ندســه‌ده له خه‌باتـــا بوون دژی‌ریژیمی ده‌ره‌به‌گی به‌لام به‌هــــوی لاوازی سیاسی‌و ئابوری‌یانه‌وه چه‌ندین‌جار توشی شکان هاتن .

له‌گه‌ل پیشکه‌وتنی زانــــــست‌وپیشه‌سازی‌دا وه به‌هوی شورشی پیشه‌سازی‌یه‌وه که دوای سه‌رده‌می‌ریشانس لــه ئه‌ورووپــــا رووی‌دا بورژوازی نه‌ك هــــه‌ر لــــه رووی‌ئابوری‌یه‌وه به‌لکو له‌رووی سیاسی‌و ئایدیولوژیشه وه ده‌سته‌لاتیکی زوری‌به‌ده‌س‌هیناو له‌ژیر دروشمی ئازادی، یه‌کسانی وبرایه‌تی‌دا کومه‌لانـــــی فراوانی‌کریکارو جوتیارانی له‌ده‌وری خوی‌کوکرده‌وه بوتیکشکاندنـــــی‌ده‌سته‌لاتی ده‌ره‌به‌گی . به‌سه‌رکه‌وتنی شورشی‌فرانسه ١٧٨٩ بو یه‌که‌م‌جارله‌م ولاته‌دا ده‌سته‌لاتی سیاســـی گرته‌ده‌ستــو که‌لکی له هه‌مــــــوو هویــــه‌کوه‌رگـــــرت‌بـــو گه‌شاندنه‌وه‌وجیگیرکردنی‌په‌یوه‌نــدی ســـــه‌رمایه‌داری له‌سه‌ر جــه‌م کاروباره‌کانی ئابوری ، سیاســـی ، ئایدیولوژی‌و کومه‌لایه‌تی‌دا .

شورشه بورژوا دیموکراتی‌یه‌کـــان‌به‌رابه‌ری بورژوازی‌و به‌ده‌ســــتی کومه‌لانی کریکارو جوتیار لـــــه‌وولاتانه‌دا که‌له رووی پیشه‌سازی‌یه‌وه پیشکه‌وتوو بوون ، به‌شینه‌یی به‌ئه‌نجام‌گه‌یشت . به‌لام بورژوازی له‌وکاته‌وه که‌بوو به‌جیتی کاربه‌ده‌ست بـــــوپاراستنی ده‌ستکه‌وتی چینایه‌تی خوی (وه‌کوو که‌مایه‌تی‌یه‌کی چه‌وسینه‌ره‌وه)که‌وته دامرکاندنه‌وه‌و تالان‌کردنی به‌شی هه‌ره‌زوری کومه‌ل . له کاتیکاکـــه‌سه‌فه‌تی کومه‌لایه‌تی وهاوبه‌شی به‌رهه‌م هینان ئاکوك‌بوو له‌گه‌ل خاوه‌نــداری‌تایبه‌تی هویه‌کانی به‌رهه‌م هینانــا ، له‌م‌هوکــــانی به‌رهه‌م‌هینانــــی‌گرته‌ده‌ست‌خوی .

بورژوازی سه‌ره‌رای چه‌وساندنه‌وه‌ی‌ســـه‌ختی کریکـــاران په‌یوه‌ندی سه‌رمایه‌داری کیشایه لادیکانیشه‌وه‌جوتیارانی خسته ژیرسته‌می سیاسی‌و ئابوری خویـــه‌وه ، ورده بورژوازی‌وبه‌راده‌ی یه‌که‌م به‌رهه‌م‌هینــــه بچووکه‌کانی ئابووت‌کرد ولــــه‌جوارچیوه‌ی په‌یوه‌ندی‌یه‌کانـــــی سه‌رمایه‌داری‌دا گه‌ماروی دان .



بورژوازی کاربەدەست ئیتر لەوچینە پیشڕەوە ئەما کە لەژابوردوا سەرکردایەتی شۆڕشو خەباتی دادپەروەرانەی گرتبوە ئەستۆ ، بەڵکو داواکاری سەپاندنی جۆرە پەیوەندی یەکی دواکەوتوو بەجێماوی وابوو لە بەرهەمهێنانا کە لەگەڵ گەشەکردنی بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتیدا ناکۆکبوو. بۆیە لەئەنجاماگۆڕایە چینێکی مردارەوە بوو کە بەپێچەوانەی گەشەکردنی مێژوویی یەوە وەستابوو .

کۆمەڵانی کرێکار بەشێنەیی ئەنارەزای چەوساندنەوەی سەرمایەداری بوون ، کە ئاگاداری دەستەڵاتی چینایەتی خۆیان بوون ، خۆیان لەنەوتی ئایدیۆلۆژی بورژوازی ئازادکرد . خۆیان ڕێکخستو توانی یان لە ئەنجامی ئەجروبەوەرگرتنا لەشکانی ئەوخەبات وماناگرتنانەدا کە دژی سەرمایەداری کردبوویان وە لەگەڵ بەدەستهێنانی ئایدیۆلۆژی چینایەتی خۆیانا ،توانی یان خەباتی خۆیان ڕێکبخەن لە پێناوی تێکدانی ڕژێمی سەرمایەداری دا .

مارکس و ئەنگلز بەهۆی بەشداری کردنیانەوە لەخەباتی پرولیتاریای ئەوروپادا و کۆکردنەوەی ئەوئەجروبانەی لەم خەباتەدا وەرگیرابوون مەسەلەی وردوخاش کردنی ماشینی دەوڵەتی بورژوانی لەرێگەی شۆڕشی توندوتیژەوە وەدامەزراندنی دیکتاتۆری پرولیتاریایان تۆمارکردوەکوو تیوری شۆڕشی پرولیتاریا وە هەروەها پەدەرس وەرگرتن لەئەجروبەی کۆمۆنی پاریس ۱۸۷۱ باساکانی گەشەکردنی کۆمەڵی سۆسیالیستی بەرەو کۆمۆنیزم بەدۆزنەوە . لەو کاتە بەدواوە پرولیتاریا ئیتر سەبارەت بەوەی کە تیوری شۆڕشی خۆی لەدەستابووەکوو چینێکی ئەوتو کەدووارۆژ بەوەوە بەستراوەو ڕێکخراوەوهۆشیارە هاتەکایەوە وە لەعمبەتێکی کاریگەری پەیداکرد لەمەیدانی خەباتی سیاسی دا چونکە ئوبالی گەورەی سەرکردایەتی کردنی چینە چەوساوەو ڕەنجدەرەکان لەخەباتا دژی چەوسانەوەی چینایەتی کەوتە ئەستۆی ئەو .

مارکس لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەما لە ئەنجامی بەراوردکردنی شۆڕشی بورژوازی ئاڵمانیا لەگەڵ شۆڕشەکانی سەدەی حەڤدەهەمی ئینگلیز و سەدەی هەژدەهەمی فەرانسەدا باوەری وابوو کە ئاڵمان لەبەرئەوەی لەژروفێکی پێشکەوتووتری شارستانیدان لەئەورووپا پرولیتاریای ئینگلیزو فەرانسەی سەدەکانی ۱۷ و۱۸ بۆیە هەر شۆڕشی بورژوازی ئەلان پێشەنگی ڕاستەوخۆی شۆڕشی پرولیتاریایی .

لینین لەساڵەکانی سەرەتای سەدەی بیستەما ( ۱۹۰۵ ) لەبابەت شۆڕشەکانی بورژوا دیموکراتی یەوەوەڕای نووسی :


« لەئەنجامی شۆڕشی بەوەوەبەستراوە ئایا چینی کرێکار کەلە لەنگەی هەڵچنینی سەر استبدادا زوربە هێزە بەڵام لەرووی سیاسی یەوە لاوازە ، هەر دەوری پارمەتیدانی بورژوازی ئەبینی ، یانا دەوری سەرکردایەتی شۆڕشی نیشتمانی «لینین باوەری وابوو : یەکەم سەبارەت بەوەی کە « پرولیتاریا بەهۆی وەزعی تایبەتی خۆیەوە پێشڕەوترین و تاقانە چینی ئەگورە ، هەڵگری ئوبالی ئەوئەرکەیە کە لەجولانەوەی گشتی دیموکراسی شۆڕشگێرانەی ڕووسیادا دەوری سەرکردایەتی بگێری » . دووەم ئەوەی کە پرولیتاریا حزبی سیاسی تایبەتی خۆی هەیە کە لە بەستراوەتەوە بە بورژوازی یەوە وەدەرئەتی پرولیتاریا ئەدات وەکوو « هێزێکی سیاسی ئەبێو سەربەخۆی بیکەوە بەستراوبی » . سێیەم ئەوەی

کە پرولیتاریا لە بورژوازی زیاتربە تەنگ سەرکەوتنی یەکجارەکی شۆڕشەوە دیت لەبەرئەوە « شۆڕشی بورژوازی لەرو یەکی دیاری کراوەوە زیاتر بەکەلکە بو پرولیتاریاتا بورژوازی خوی »

لە کاتێکاکە « بو بورژوازی باشترەپشت بەهەندێ پاشماوەی سەردەمی کون ببەستی وەکوو پاشایەتی ولەشکری هەمیشەیی وشتی تری لەمبابەتە ، لەدژی پرولیتاریا . بو بورژوازی باشترە کەشۆڕشی بورژوازی سەرجەم شوینە وارەکانی سەردەمی پێشوو بە تەواوی لەبنەرەتەوە هەڵ ئەتەکێنی بەڵکو هەندێکی بهێڵێتەوە . **واتە شۆڕش تەواوتەبی وبەئەنجام ئەگا ،یەکجارەکی وبی ئامان نەبی** ( خەتی ژێر ئەم وتەیە لەلایەن نووسەرەوە کێشراوە) ... بو بورژوازی باشترە ئەبەو گورینە پێویستانەی لەرێگەی بورژوادیموکراتی یەوە جێبەجێ ئەکری تادیت لەسپایی تر ، نەرمتر و بەهۆی اصلاحاتەوە بکریت نەك بەهۆی شۆڕشەوە ... چونکە هەر کاتێك وانەبی بو کرێکاران ئاسانتر ئەبی بەقسەی ئەرەنسی یەکان « تفەنگ لەمشانەوە بگوێزنەوە بو ئەوشانی تر » واتە ئەوچەکەی کەشۆڕشی بورژوازی پێی داون ... رووی بکەنە بورژوازی خوی . بە پێچەوانەوە بوچینی کرێکار واباشترە ئەو گورینە پێویستانەی کەلەرێگەی بورژوا دیموکراتی یەوە ئەکری ، لەری اصلاحاتەوە نەبی بەڵکو لەری شۆڕشەوەبی . چونکە ڕێگەی اصلاحی ڕێگەیەکی پرپیچو ئورتە ، ڕێگەی لەناو چوونی پرئازارو بەشێنەیی گرووپی ئەندامی لەشی گەلە کە پرولیتاریاو جوتیاران تیا لە هەمووان پێشتر ولەهەمووان زیاتر ئازار ئەچێژن . ڕێگەی شۆڕشگێرانە نەشتەرکاری یەکی خێرایە وانی کەمترە بو پرولیتاریا ، ڕێگەی هەڵکەندنی ڕاستەوخوی بەشە ڕزیوو بوگەنەکانە ڕێگەیەکە لەئاستی پاشایەتی ودەزگاکانیا کە کەلاکێکی بوگەن و ڕزیوو هەوا بەپیسی یەکەی بوگەنی ئەکا کەمتر .

وەك دەرئەکەوی لەماوەی مێژوودامەسەلەی سەرکردایەتی کردنی شۆڕشەکانی بورژوازی تا ئەوکاتەسەرکردەی شۆڕش بوو کە نوێنەری بەرهەمهێنانی پیشرەوو ئایدیۆلۆژی پیشرەو بوو بەڵام لە وکاتەوە کە پرولیتاریا وەکوو چینێکی هوشیارو ڕێکخراو لەمەیدانی خەباتی کۆمەڵایەتی وچینایەتی دا هەنگاوی نا ئیتر بورژوازی سەبارەت پەرەوشتی چەوسێنەرەوانەو دواکەوتووی خوی نەیئەتوانی مەسەلەی سەرکردایەتی کردنی شۆڕش بگرێتە ئەستو وتادوایی دریژە بە شۆڕشیدا بگرە لەنیوەی ریدا دەستی لەدایە خوریکخستنەوە لەگەڵ هێزە کونەپەرستەکانی ترا ، لەکاتێکا کە پرولیتاریا داواکاری کۆمەڵایەتی کردنی بەرهەمهێنان ولەناوبردنی مولکیەتی فەردی بوو وەوەکوو چینێکی گەشاوەو هوشیار ، ڕێکخراوو شۆڕشگێر لەریزی پێشەوەی کۆمەڵانی خەڵکا دەستی دایە خەبات دژی چەوسێنەرەوەکان و کونەپەرستان وبە دڵنیایی یەوە لە پیناوی سەرکەوتنی یەکجارەکی شۆڕشا واتە لەپێناوی چەسپاندنی دیکتاتۆری پرولیتاریا ودامەزراندنی کۆمەڵی سۆسیالیستی داهەنگاوی ئەنا . ئەم یاسایە کە لەتوانا نەبوو خوی لێ لابدریت یاسای گەشەکردنی ڕاستەقینەی شۆڕش بوو لە کۆمەڵەپێشکەوتووە پیشەسازی یەکاندا کە هیشتا شۆڕشی بورژوادیموکراتی تیا رووئەدا بەرووەبە هوی ئفوزی چینی کرێکارەوە بەپێی قسەی مارکس ئەم شۆڕشانە ئەبوو پێشەنگی ڕاستەو خوی شۆڕشی سۆسیالیستی بووایە .

# سەرکەوتنێکی گەورەی پێشمەرگەی کوردستان بەسەر چەریکی شاە و مەلا



ئەو چریکانەی کە بــــــە شەقامەکانی سلێمـــــانی‌دا پێشانی کومەلانی خـــەلکی دران •

پیشکەشە بە تاقمــــــــەی تەحریفیەکەی بەهادین کـــەتا ئیستا جولانەوە چـەکدارە بەکریگیراوەکەی مەلا بارزانی‌بە شورش دائەنین )

( ((ە)) حکومەتی شـــــای نوکەری سەنتو بە جوریکـــی شیتانە هەول ئەدات بـــو لیدانی سەربەخویی ولاتە – کەمان ئەوەتە دەستی کـــردوە بە زنجیرەیەك بلاوکردنـــەوەی بەیان‌نامەی ژمهواری دەمی بە ناوی ( بەرەی نیشتمانی )یان ( قەومیەعەرەبەکان ) یـــــان بەناوی ( اسلامیتەوە ) بـــو تەفرەدانی کومەلانی خـــەلکی عراق وە لە لایەکی ترەوە بە هەموو توانایەوە هەولی تـــازە کردنەوەی شەر ئەدات لـــــە کوردستانا بو ئەم مەبەستەش بە هەزاران جاشي کوکردوتەوە ( چریك ) وە دابەشي کـــردون لە سەر سنورەکانی ولاتەکـ مان بە تازەترین چەکـەوە وە بەجلی پیش‌مـــەرگایەتیەوە •• وە گەلیك لەو چریکانە لـــــە سنود کراون بەم دیوا گوایـــە لە ژیر پەردەی شـــــــــری یاریەدانی شورش‌دا • ئیمـــە ئەمە بە دەست دریژی‌یەکی بی‌نابروانە دائەنیین بو ســــــەر سەربەخویی ولاتمـــــــان ••هەروەها بـــــــە نەخشەیەکی ئیستعماری ئەدەینە قەلەم وەداواله سەرکردەی شورش وە ( بارزانی ) ئەکەین بە تایبەتی‌کە سنوریك بو ئـــەم کردەوە دوژمنانەیە دابنی ••

ژمارە ( ۷ ) نشرەی ( دەنگوباس )کە ( بلاوکراوە – یەکـی ناوبەناوی حزبی شیوعی عراقە – لیژنەی لیوای‌سلیمانی ) سەرەتای ئابی ١٩٦٩

ئەمەی سـەرەوە بەشیکە لەودەنگوباسانـــــــەی تاقمـــی تەحریفی‌یەکان لـــــە سلیمانی‌دەری ئەکەن وە ئیمە بی کەم‌و زیاد وە کوو خوی ئەی خەینەبەر چاوی خوینەوارانی بــو ئەوەی خەلکی خوی ســـــە‌ پشك بن لەوەدا کە خو گیـــل کردنی ئەم تاقمە ســـــــــەرلی‌شیراوە گەیشـــــتوتە چ رادەیەك :

١ – ئەمانە بە خەیالی خویان‌داوا لە سەرکردەی شـــورش وە بە تایبەتی لە بارزانی ( ! )ئەکەن کە سنووریك بـــــو دەستیوەردانی ئیران دابنی ••گوایە توطیی ئەمانە ئەوەندە نەفامو نەشارەزا بن نەزانن کەئەو چریکانە وە هەروەهـــــــا ( پسپوری ئیسرائیلی) لە سەرداوای ئەوانەی ئەم تاقمـــــە بەسەر کردەی شورش‌یــــان‌دائەنین هاتوون ؟

٢ – کوکردنەوەی هەزاران‌جاش ( چریك ) وە هینانیـــــان لە دەرەوەی ولاتەوە بــــــــو یارمەتیدانی ( شورش ! ) هەر وەکوو گەلی کورد خوی کەسی‌نەمابی ، ئەمە ئەوە بـــەو لاوە کە نابووت بوونی سیاســـــي وعەسکەری جولانەوە بـــەکری گیراوەکەی مەلا بگەیینی چی‌ترئەگەیینی ؟

٣ – ئەم تاقمە نە کاتیکـــــاکە باسي چریك ئەکەن ، خویان لە پال هەمان تاقما وە شـــان‌بە شانی ئەوانو لە ژیر تەنیـــا سەرکردایەتی‌یەکا وە لەریزی‌یەك لە شکرو جولانـــــــەوەدا ئەجەنگن ••

جـــــا خوینەدەواری بەریزلیدوان لەم مەنسەلەیـــــــە



**هەندی لەو تفاقـــــــەجەنگیانەی لە چریکـــەکانی ناوچەی نەورولی گیـــران لەگەل چریکە دیلەکاندا**

( پیشکەشە بەو ساویلکانەی تا ئیستا لەو هیوایەدان کـەمەلا کوردایەتی ئەکا. )

ئەفـــەرانەوە کە لە ئەمریکـا مەشقی تایبەتی دا دراون لـــە سەر جەنگی تایبـەتی .. وە لە کوتایی دا بەیانەکە باسـی ئەو دەورە ئەکات کە جی بەجی کردنی سپیردراوە بە مـــەلا چومبی لـــە نەخشــــەی ئیمپریالیستەکانا .

### گیـــرانی دیلی چریک بەسلیمانیدا

چریکە دیلەکان لەلایـــەن پیشمەرگەوە لە ناو شـاری سلیمانیدا گیردران وە بـــە هەزاران خەلکیان لی کـــو بوو بووەو سەیری دیلەکانیان کرد .




**هەندی لەو دەستکەوتانەی لە چریکەکان گیروان لـــە ناوچەی نەورولی**

(پیشکەشە بەو چەکدارانەی تا ئیستا لای مەلاویەکـــان ماونەتەوەو هەلخەلەتینراون و هەستی نەتەوایەتیان استغلال کراوە )

## * لە گـــەورە پیاوانی میژوو

لە ٥ ئابی / ١٨٩٥ م دا فریدریک ئەنگلز لە لەندەن مرد . ئەنگلز لـــە دوای کارل مارکسی هاوریی ( کە لە سالی ١٨٨٣ دا مرد ) ، گەورەتریـــن زاناو پەروەردەکەری پرولیتاریـــای سەردەمی خوی بوو ، لە سەرانسـەری جیهانی پیشکەوتوو دا . وە لـــەو کاتەوە کە سەرەنجام کارل مارکـــس و فریدریک ئەنگلزی کوکردەوە ، کـاری ئەم دوو هاورییە بووە کاریکـــــی ناوکویی .. وە بولەوەی تی بگەیـــن فریدریک ئەنگلز چی کردوە لــــــە پیناوی پرولیتاریادا ، پیویستە لـــە دوونی ئەو گەورە تی بگەین تـــە باوەرو چالاکی مارکس پی ی هەستاوە لە پیش خستنی جـــــوولانەوەی کریکارانی ئەو سەردەمەدا . مارکـس وئەنگلز یەکەم کەس بوون دەربان خست کە چینی کریکار بە ناچاری ، لەگەل داواکانیا لە دایک ئەبیت ، لە ژیـــر رژیمی ئابووری ئیستادا ، لەگــــەل چینی بورجوازیدا ، بی گومـــــــان پرولیتاریا دروست ئەکات و ریکــی ئەخات . هەروەها دەریان خســـت کە ئەو هەولو تەقەللا جوامیرانەیەی کە سانیکی بەخشندە بی هەلئەستـــی رەگەزی ئادەمزاد رزگار ناکات لـــەو کزیرەوەرییانەی کە ئیستا تەنگیی هەلچنیوە ، بەلکو ئەو خەباتــــــــە چینایەتییەی پرولیتاریای ریکخـــراو ئەیکات ئادەمزاد رزگـــــار ئەکات. بـ مارکس ولەنگلز یەکەم کەس بـوون لە نووسینە زانســــتییەکانیاندا چەسپاندیان کە سوشیالیزم شیوەیەک لە خەیالی کەسانیکی خەوالو نییـــە ، بەلکو دوا ئامانجو سەرەنجامـــی پیویستی پیشکەوتنی هیـــــزە بەرهەمهینەرەکانی ناوکومەلـــی ئـەم سەردەمەیە . چەمکو لەو میژووەی تا ئیستا نووسراوەتەوە میژووی خەباتی چینەکان بووە ، وە زال بوونـــــی سەرکەوتنی چەند چینیکی کومەلایەتی

# فریدریك ئەنگلز



chalakmuhamad@gmail.com

« ج مەشخەلیکی ، باوەرکوژایەوە ج دلیك لە لیـــدان کەوت ·»(١)

( ئەم نووسینە لە پـەراوی‌مارکس ، ئەنگلز ، مارکسیزم) وەرگیراوە

نوسینی ـ لنین ـ

فؤاد مەحموود کردوویـــەبە کوردی

بووە بەسەر چەند جینیکی تردا . وەلەم شیوەیە بەردەوام ئەبیت تاکـو بنچینەی خەباتی چینەکانو زال بوونی‌چینایەتی بمینیت ـ یان تاکـــوو مولکیەتی تایەتیو بەرھەمـــــیکومەلایەتی شیواو بەردەوام بیت ـ .

بەرژەوەندی پرولیتاریا پیویستی‌بەرووخاندنی ئەم بناغانە ھەیە بویە پیویستە کە خەباتی کریکارانـــــیریکخراوو خـــاوەن ھوشـــیاری چینایەتی بەرەو ئەم مەبەســــــتەئاراستە بکریت ، چونکە ھەمــــوو خەباتیکی چینایەتـــی خەباتـــی‌سیاسی‌یە .

ھەمرو پرولیتاریای خەباتگەر لـــەپیناوی ئازاد بوونیا ئیستا لـــەم رایانەی مارکـــــسو ئەنگلـــــزی‌نوستوتەوە . بەلام کاتیك ئەم دوو ھاوری‌یە لە ماوەی چل ســـــالدا ،ھاوکاریان کرد لـــــە بلاوکـــــراوە سوشیالیستیەکانو جوولانــــــەوەکومەلایەتی‌یەکانی سەردەمی خویانـدا بەم باوەرانە وەك شتیکی تـــــازەدەرکەوت ، گەلیك لە کەسانـــــــی بەھرەدارو بریەھرەو ، بەشەرەف‌وبی‌شەرەف ، لەو کاتەدا ھیــــــچ دژایەتی‌یەکیان لـــــــە بەرژەوەنـدی‌سەرمایەداریو پرولیتاریادا ئەئەدی چونکە کەوتبوونە کوری خەباتەوە لەپیناوی سەربەستی سیاسیو لەدژی پاشاکانو پولیسو پیاوە دینی‌یەکانداتەنانەت ئەو جورە کەسانە دانیـــان بەوەدا ئەئەنا کە کریکاران ئەتوانـــن‌وەك ھیزیکی کومەلایەتی سەربەخــر ئیش بکەن . وە لە لایەکی تریشـــەوەکومەلیکی گەورە لەو خەو خوشانە ، وە ھەندیك جار لە خەوخوشـــــەبلیمەتەکان بگوەریان وابوو کـــــــە پی‌سەقاندنی کاربەدەستانو چینـــەکاربەدەستەکان بەزورداری ئـــــەو رژیمە کومەلایەتی‌یەی ھەیە ، بەسەبردامەزراندنی ئاشتیو خوشـــــــــی گوزەرانی‌یەکی تەواو لەسەرزەمیندا .ھەروەھا خەویان بە سوشیالیزمیکـە وە ئەدی کە ئی‌کوشانی لە پینـــــاوانەکریت . بەکورتی نزیکـەی ھەمرو سوشیالیستەکـــانی لەو کـــــاتەودوستەکانی چینی کریکار بە گشتی وەك برینیك سەیری پرولیتاریا یانەکرد وە بەترسەوە سەیری ئـــــەم برینەیان ئەکرد کە چەند پیشەســـازی‌گەشە بکات ئەمیش ئەوەنـدە گەورە ئەبوو ، ئویە بە ھەمـــــوو ریگایـــەك‌ھەولیان ئەدا لە پیناوی راگرتنـــی گەشەکردنی‌پیشەسازی و پرولیتاریادا لە پیناوی راگرتـــــی رەورەوەی میژوو دا .

وە پیچەوانەی ئەو مەترســــــی‌یەگشتی‌یەوە کە پیشکەوتنی پرولیتاریا پەیدای کردبوو ، مارکسو ئەنگلـــزھەمرو ھیوایان بە گەشە کردنـــــی بەردەوامی پرولیتاریاوە بەســــتبوچونکە ھەتا ژمارەی پرولیتاریا لـــــە زوربدابیت ھیزیان پتر ئەبیـــت وەك‌چینیکی شورشگیر سوشیالیــزم نزیك‌تر ئەبیتەوە ـ بەم شیوەیـــــەئەتوانین بە چەند ووشەیەك لـــــــە کردەوەی مارکسو ئەنگلز بەرامبـــەرچینی کریکار بدوینو بلیین ( فیریان کرد کە خوی بناسیتو لە خوی بکاتەوە زانستیان لە جیگای خەیـــــــال دانــا ) .

بویە پیویستە ھەمرو کریکاریـــکناوی ئەنگلز ومیژووی ژیانی بزانیت ، وە بویە پیویستە لە سەر ئیمە کـــەلەم نووسینەدا ( وەکرو ھەمـــــــو بلاوکراوەکانی ترمان کە ئامانجـــــزیندوو کردنەوەی ھوشـــــــیاری چینایەتی کریکارانی رووسە ) وینەی‌ژیانو چالاکی فریدریك ئەنگلـــــــز بکیشین کە یەکیکە لە گەورەتریــــــنجووتە پەروەردە کەرانی پرولیتاریاری ئەم سەردەمە .

ئەنگلز لە سالی ١٨٢٠ دا لـــــەبارمن ، کە شاریکە لە ناوچەی رینانی لە ولاتی پروسیا لە دایـــــك بوو ،باوکی خاوەن کارگەیەك بوو ـ وە لــە سالی ١٨٣٨دا ئەنگلز بەھوی باری‌خیزانەکەیەوە ناچار بوو پیش ئەوەی خویندنی ئامادەیی تەواو بکات لـــــەیەکیك لە دەزگا بازرگانی‌یەکاندا لــە شاری بریمن وەك مووچەخوریـــكیش بکات ـ بەلام ئیشـــــوکاری بازرگانی بەھیچ جوریك ریگەی لـــەئەنگلز نەگـــرت بو ئــەوەی رادەی زانستی وسیاسی خوی بەرز بکاتەوە. وە ھەر لەو کاتەوە کە لـــــــە

ئوتابخانەی ئامادەیی بوو کینـــەی‌ئەکیشا لە ئوتوکراتی ستەم‌و زووری بیروکراتی ــ وە دراســــــــــەفەلسەفی‌یەکانی پالی کیشا بوو بەسەر فەلسەفەی ئەلمانیادا ، وە ئەنگلز بووبە یەکیك لـــە هەلگرانی ئـــەم فەلسەفەیە ، وە لەگەل ئەوەشـــدا هیگل دەولەتی پروسیای ئوتوکراتی بە دلا چووبوو ، وە وەك ماموستایەك‌لە دانشگای بەرلین خزمەتی ئەکرد . بەلام باوەری هیگل شورشگیرانە بوو‌بروای هیگل بە میشـــکی ئادەمزادو مافەکانی وە بیروڕا بنەرەتی‌یەکـانی‌فەلسەفەی هیگل کە جیهانی لـــە جوولانەوەیەکی کاریگەرانەی بەردەوام‌لە گوران‌و پیشکەوتنی دا دائەنیت . ئەم باوەرانەی هیگل ســەرکردایەتی‌قوتابی‌یەکانی ئەیلەبووتی بەرلینی‌کرد ، کە ئەیان ئەویست دان بە بـــاری‌بیستای ژیانا بنین‌و پیی رازی بن ، وە باوەریان وا بوو کە خەبـــات‌دژی ئەم خەباتە لە ناوەروکی یاسای پیشکەوتنی بەردەوامی جیهان دایە . چونکە ئەگەر هەموو شتیك لـــە پیشکەوتندا بیت ، وە ئەگەر چەنـــد دەزگایەك جیگای چەند دەزگایەکی تر بگریتەوە ، کە واتە بوچی تا ســـەر ئەبیت ئوتوکراتی پاشای پرووســـیا یان ئەیسەری رووسیا بەردەوام بیت . وە بوچی دەولەمەند بوونـــی کومەلیکی زور کەم لەسەر شـــانی‌زوربەی زور بەردەوام بیـــت . وە بوچی دەسەلاتی بورجوازی بەردەوام‌بیت لە دەست گرتن بەسەر گەلدا ؟ فەلسەفەی هیگـــل چارەســـەری‌پیشکەوتنی میشك‌و باوەری ئەکـــرد بە جوریکی ئەوتو ئایدیالیست بـــوو‌کە پیشکەوتنی سرووشـــت‌و ئادەمزاد پەیوەندی کومەلایەتی خەلکی بەســـەر‌ئەنجامی پیشکەوتنی میشك دائەنـــا . . مارکس‌و ئەنگلز پاریزگاری باوەری‌هیگل یان کرد دەربارەی گـــورانی هەمیشەیی(٣) بەلام پیشەکی باوەری‌ئایدیالیزمیان خستە بەرچاو ــ وە لەسەر بناغەی ژیان بویان دەرکەوت‌کە پیشکەوتنی میشك پیشکەوتنـــی سروشت لیك ئاداتەوە ، بەلکو بـــە‌پیچەوانەوە پیویستە دروست بوونی میشك بگەرینینەوە بو سروشت ، بو مـــادە . . . وە پیچەوانەی هیگل‌و هیگلی‌یەکانی ترەوە مارکس‌و ئەنگلز‌میتریالیستی بوون . وە بەگرتنـــی باوەری میتریالیزم ، لە جیهـــان‌و‌ئادەمزادە وە بویان دەرکەوت کـــە چون هومیتریالیستی‌یەکان بنچینەی‌هەموو دەرکەوتەکانی سرووشـــتی هەروەها پیشکەوتنی کومەلی ئادەمزاد‌بە ستراوە بە پیشکەوتنی هیـــزە میتریالیستی‌یە بەرهەم هینەرەکانەوە‌پەیوەندی خەلکی لە نیوان یەکدا ، لە ماوەی بەرهەم هینانی ئەو شـــتە‌پیویستی‌یانەدا کە پیویستی ئادەمزاد پرر ئەکاتەوە ، بەستراوە بـــــە‌پیشکەوتنی هیـــزە بەرهـــــەم هینەرەکانەوە . وە لەم پەیوەندیانەوە‌لیك دانەوەیەك ئەبینین بو هەمـــوو دەرکەوتەکانی ژیانی کومـــەلایەتی‌و‌چاوچنوکی‌و بیرو باوەرو یاســـاکانی ئادەمزاد ــ پیشکەوتنی هیزە بەرهـــەم‌هینەرەکان چەند پەیوەندی‌یەکـــی کومەلایەتی پەیدا ئەکات کە لەســـەر‌بناغەی مولکیەتی تایبەتی دروســـت بوون ، بەلام ئەمرو ئەبینین کە چـــون‌پیشکەوتنی هیزە بەرهەم‌هینەرەکان خوی مولکیەت لە زوربە داگیر ئەکات‌و‌ئەیخاتە دەستی کومەلیکـــی زور کەمەوە . ئەو مولکیەت ئاهیلیت کە‌بنچینەی رژیمی کومەلایەتی لـــەم سەردەمەیە . وە لە خویـــەوە بەرەوتەو تلانچە ئەروات کـــــــــە سوشیالیستی‌یەکان خستویانەتە بەرچاوی خویان . بەلام شتی گرنـــگ ئەوەیە کە ئەم سوشیالیستانە تی‌بگەن‌کە چ هیزیکی کومەلایەتی بەهـــوی باری ژیانیانەوە لە کومـــەلی ئەم‌سەردەمەدا ، بەرژەوەندیان لـــــە دامەزراندنی سوشیالیزمدا هەیە . بو ئەوەی ئەم هیزە هوشیار بکەنەوە



لە بەرژەوەندی‌یەکانی خوی‌و ئەرکە‌میژوویی‌یەکەی سەرشانی . ئـــەم هیزە پرولیتاریایە ئەنگلز لـــــە‌ئینگلترە پرولیتاریای ناسی لـــە ناوەندی پیشەسازی ئینگلیزدا ، لەمانشستەر ، کە لە سالی ١٨٤٢ دا لە وی نیشتەجی بوو ، بە هوی ئـــەوەوە کە لە یەکیـــك لە دەزگـــا بازرگانی‌یەکاندا کە بەشی باوکـــی‌پیوەی بوو کاری ئەکرد . ئەنگلـــز بەکار کردنیکی سادە لە کارگەکەداوازی ئەهینا ، بەلکو بە گەرەکـــە پیسەکاندا گـــەرا کـــە جیگەی‌دانیشتنی کریکاران بوو . وە بـــە چاوی خـــوی توانی هەژاری‌و نوبرەوەری‌یەکانیان ببینیت . وە بەم تی‌بینی‌یە تایبەتی‌یانەی خوشی وازی‌نەهینا بەلکو هەموو ئـــەو نووسراوانەی خویندەوە کە لە پیش ئەوا کەسانیکی‌تر نووسیبویانەوە دەربارەی ژیـــانی چینی کریکاری ئینگلیز هەروەهـــابەووردی دراسەی هەموو ئەو بەلگە رەسمی‌یانەی کرد کە دەستی کەوت . پەراوەکەی ( باری چینی کریکار لـــە ئینگلترە ) کە لە سالی ١٨٤٥ دا دەری کرد ، بەرهەمی ئەو دراســـــــەو تی‌بینی‌یانە بوو . وە لە دوایـــدا‌باسی ئەو کارە گرنگە ئەکەین کـــە پەراوەکەی ئەنگلز ( باری چینـــــی‌کریکار لە ئینگلترە ) هەیبوو . زور کەس ئەنانەت پیش ئەنگلز بەســـی‌ئازارەکانی پرولیتاریایـــان کردوەو پیویستی یارمەتی دانیان کردوە . بەلام‌ئەنگلز یەکەم کەس بوو سەلماندی کە پرولیتاریا تەنها هەر چینیکی ســـتەم‌کیشە ، بەلکـــو ئەو بارە ئابووری‌یە ناڕەوایەی پرولیتاریا ئەی جـــوڵی‌بەرەو پیش پالی پیوە ئەنیت ، بـــە جوریك کە ئەگەریتەوە ، وە هانـــی‌ئەدا بو خەبات لە پیناوی رزگاربوونی یەکجـــاری دا . بەم شـــیوەیە‌پرولیتاری خەباتگەر خوی یارمـــەتی خوی ئەدا . جولانەوەی سیاسی چینی‌کریکار ، کریکاران بەرەو ئەوە ئەبات تی‌بگەن کە هیچ ریگایەکی تریـــان‌لەبەر دەمانی‌یە جگە لە سوشیالیزم وە لە لایەکی تریشەوە سوشـــیالیزم‌نابیتە هیزیك تانەبیتە ئامانجی خەباتی سیاسی چینی کریکار . ئەمەیە باوەرو‌بنەرەتی‌یەکانـــی پەراوەکەی ئەنگلـــز دەربارەی باری چینی کریکار لـــە‌ئینگلترە ، وە ئەمەش ئەمرو لـــە لایەن ئەو پرولیتاریایەوە پەســـەندکراوە کە بیر ئەکاتەوەو خەبات ئەکات بەلام لەو کاتەدا زور تازە بوو . ئەم‌باوەرانەی لەم پەراوەدا دەربرا بـــە شیوەیەکی دل فرین‌و بەراست ترین‌نمونەو ترسناکترین دووداوەوە دەربارەی هەژاری پرولیتاریـــای‌ئینگلیز داریژرا بوو . ئـــەم پەراوە نامەیەکی پرر تاوانی سەرمایەداری‌وبورجوازی بوو . وە ئەو کارەی ئەم پەراوە کردی زورگەورە بوو . وە لەهەموو جیگایەك پەراوەکەی ئەنگلزیان بە نمونە ئەهینرایەوە وەك چاکترین‌وینە دەربارەی باری پرولیتاریاری ئەم سەردەمە . ئەوی راست بیت‌نە پیش سالی ١٨٤٥ وە نە دوای ئەو سالە . دەربرینیکی‌وا راست‌و دل‌فرین‌و تا ئەم ســـنوورە دەرنەکەوت دەربارەی کویرەوەری چینی کریکار .

ئەنگلز ئەبوو بە سوشیالیست لـــە‌ئینگلترە نەبیت . لـــە مانشستەر پەیوەندی بەست لەگەل ئەندامانـــی‌جولانەوەی کریکارانی ئینگلیزی لـــەو کاتەدا ، وە دەستی کرد بە نووسین‌لە بلاو کراوە سوشـــیالیستی‌یە ئینگلیزی‌یەکاندا . لە گەرانەوەیدا بو‌ئەلمانیا وە لە کاتی تیپەرد بـــوونی بە پاریسدا لە سالی ١٨٤٤ دا مارکـــس‌ئاسی ، کە ماوەیەك بوو نامەیـــان بو یەك ئەنارد . لە پاریس بە هـــوی‌سوشیالیستی‌یە فەرەنسی‌یـــەکان‌و ژیانی فەرەنساوی مارکیش بـــووبوو بە سوشیالیـــست . وە لەوی ئەم دوو هاوری‌یە پەراوی (خیزانی پیروزە)یان رەخنە لە رەخنەی رەخنەگرەکان

یان نووسیی . وە ئەم پەراوە کـەبەشێی زۆری مارکس نووسیبوی وە ساڵێك پێش دەرچوونی پەراوی (باری چینی کرێکار لە ئینگلتەرە ) دەرچوو بوو. ئەم پەراوە بنچینەکـانی سۆشیالیزمی میتریالیزمی شۆرشگێرانە دا ئەڵێت کە باوەڕە سەرەکی یەکانمان باس کرد . وە خێزانی پیرۆز ناوێکە بۆ گاڵتە پێ کردن بە جووتە برا ئەیلەسوونەکـە باوەڕ (٤) تاقمەکـەیان . ئـەم ئاغایانە ڕەخنەی وا یان بلاو ئەکردەوە کە خۆی لە سەروو هەموو شتێکەوەدا ئەنا ؛ لە سەروو پارتی یەکانەوە ، لە سەروو سیاسەتەوە وە نکوڵـی هەموو چالاکی یەکی کردەوەی یـان ئەکرد . وە تەنیا بە داڵغە لێـدان دڵ ئی بوون لە ( ڕوویەکی ڕەخنـەگرانەوە ) لەو جیهانەی لـــەچواردەوریانە وە لەو ڕووداوانەدا کە تیایدا پێش ئەکەوێـت. ئەم دوو ئاغایە باوەڕ بەو چارە سـەیـری پرولیتاریایان ئەکرد کە دەستەیەکـەهیچ بیر کردنەوەیەکی ڕەخنەگرانەیان نی یە . مارکس وئەنگلز هەڵوێستیکی توندو تیژیان هەبوو لە دژی ئـەم ڕیبازە زیان بەخشو بێمێشکانەیە ؛وە بەناوی ئادەمزادی ڕاستەمینەوە ، یان کرێکار کە چینە کاربەدەستەکان وەدەوڵەت زۆریان لێ ئەکـات داوایان کرد نەك بە داڵغە لـێدان ،بەڵکو بە خەبات لە پێناوی ڕێـك خستنێکی باشتردا بۆ کـۆمەڵ بێ گومان ئەمان تەنیا لە پرولیتاریادا ئەو هێزە ئەبینن کە بەرژەوەنـدی هەبێت لەم خەبات کردنەدا وە هەر ئەو ئەتوانێت ئەو خەباتە بکـات وەپێش بلاو کردنەوەی پەراوی خێزانی پیرۆز ، ئەنگلز لە گۆڤارەکەی مارکس ورۆگەدا (٥) ( الحولیة الفرنسیة – الالمانیة ) دا ( چەند لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانـەی دەربارەی ئابووری سیاسی ) (٦) بلاو کردەوە کە بـەچاوێکی سۆشیالیستی ، ڕاستی یـە بنەرەتی یەکانی ڕژێمی ئابووری ئـەو سەردەمەی تیاشی کردبووە ، کە بێ گومان ئەنجامی دەسەلاتی موڵکایەتی تایبەتی یە . پەیوەندی مارکس بـە ئەنگلزەوە وای لە مارکس کرد کـە بایەخ بدات بە ئابووری سیاسی ، ئەم زانستی یەی کە بە نووسـینەکانی شۆرشێکی تەواوی تیا بەرپا کرد ؛ وە لە ساڵی ١٨٤٧ – ١٩٤٥ ئەنگلز لـەبروکسل وپاریس ژیانی بردە سەر ، لەم ماوەیـەدا لێکۆڵینـەوەزانستی یەکانی بەست بە چالاکـی و لێشی کردنی یەوە لە ناو کرێکـارەئەڵمانی یەکانی ئەم دوو شارەدا ؛ وە لەو ماوەیەدا مارکس وئەنگلـــپەیوەندیان دروست کـرد لەگەڵ ( سازمانی کۆمۆنیستەکان ) کـەڕێکخراوێکی نهێنی ئەڵمانی بوو ، ئـەم سازمانە داوای لێ کردن کە ئەوباوەڕە بنەرەتی یانەی سۆشیالیزم بخەنە ڕوو کە دایان ڕشتبوو . بـەم شیوەیە لە ساڵی ١٨٤٨ دا بەیاننامە بەناو بانگەکەیان ( بەیاننامـەی پارتی کۆمۆنیستیان ) دەرکرد . ئـەم نامیلکەیە بەرامبەر چەندین پـەراوی گەورە بوو : تا ئێستاش گیانـی ئەو نامیلکەیە ئەبێتە بەری هەمـوو پرولیتاریای ڕێکخراوو خەباتکەرەوە لە جیهانی پێشکەوتوودا ئەیخاتـە جووڵان .

بەڵام شۆرشی ١٨٤٨ کە لە سەرەتادا لە فەرەنسا هەڵگیرسا وە لـە دوایدا پەرەی سەند بۆ وڵاتانی تری ڕۆژئاوا وای لە مارکس وئەنگلز کرد کە بڕیاری گەرانەوە بدەن بـۆ وڵاتی خۆیان وە لەوێ ، لـە پروسیای ڕینانی سـەرکردایەتی ڕۆژنامەیەکی دیموکراتیان کـرد ( ڕۆژنامەی ڕینانیای تازە ) کە لـە شاری کولۆنیا دەر ئەچوو ، ئـەم دوو هاوڕێیەگیانی هەموو هەوڵێکی شۆرشگێرانەی دیموکراتی بوون لـە پروسیای ڕینانی دا . وە بەوپەڕی توانایانەوە پارێزگاری یان لـە بەرژەوەندی و سەربەستی گەل کـردلە دژی کۆنەپەرستەکان ، بەڵام وەکو ئاشکرایە سەرکەوتن بۆ ئەم هێـزە کۆنەپەرستانـە بوو . ڕۆژنامـەی ڕینانیای تازە وە ستێنرا ، وە چونکە مارکس لەو ماوەیەدا کـە پروسیای بەجێ هێشتبوو ڕەگەزنامە ( جنسیة )ی پرووسی نەماوو لە وڵات دەرکرا . بەڵام ئەنگلز بەشداری ڕاپەڕینـەچەکدارانەکەی گەلی کرد وە لەمنی شەڕدا بەشداری کرد لە پێنـاوی ڕزگاری دا ، وە لەدوای شـکانی شۆرشگێرەکان لە ڕێگەی سویسرە ڕەوای کرد بۆ لندن .

هەروەها مارکس چووە لـنـدن وەلەوێ نیشتەجێ بوو ، بەڵام ئەنگلس ماوەیەك کەوتەوە کار کـردن وەك مووچە خۆرێك وە لە دوایدا هەر لەو دەزگا بازرگانی یەدا کە لە چلەکانـدا کاری تیا ئەکرد بوو هاوبەش لـە مانشستەر . وە تا سـاڵی ١٨٧٠ ئەنگلز لە مانشستەرو مارکس لـە لندن ئەژیان . بەڵام ئەمە ڕێگەی لێ نەگرتن کە باوەڕیان بە توندی یـەك بخەن . وە ڕۆژانە نامەیان بۆ یـەك ئەنارد وە لەم نامانەدا ئـەم دوو هاوڕێیە بیروڕاو زانیـاری یەکتریان بۆ یەك ئـەنارد . وە هەردوکیان بە یەکەوە بەردەوام بوون لە دارشتنی سۆشیالیزمی زانستی دا . وە لە ساڵی ١٨٧٠دا ئەنگلز لـەلندن نیشتەجێ بوو وە لەگەڵ مارکسدا بەردەوام بوون لە ژیانـێـبیرکردنەوەیەکـی هاوبەشـی پڕ چالاکی یەکی گەرم ، تا ساڵی ١٨٨٣ ،ساڵی مردنی مارکس . وە بەرهەمی ئەم لێش کردنە لە لایەن مارکسـەوە( پەراوی سەرمایە ) بوو کە گەورە ترین نوسراوە لە سـەر ئابووری سیاسی لەم سەردەمەدا . وە لـە لایەن ئەنگلزە وە کۆمەڵێك نووسینی گەورەو بچووك بوو . مارکس لەشی کردنەوەی ڕووە پڕ پێچو پەناکانی ئابووری سەرمایەداریدا لێشی ئەکرد وە ئەنگلز زۆرجار لە نووسینەکانیدا وە بە شیوەیەکی ڕوون ودیالەکتیکی لە فراوان ترین شتە زانستی یەکانو ڕووداوە جۆر بە جۆرەکـانی ڕابوردوو ئەوسای ئەخستە ڕوو ، لەجوارجێوەی تێگەیشتنی میتریالیزمی مێژوو لای مارکس و تیۆوری بنـــەئابووری یەکەی وە لـــە ناو نووسینەکانی ئەنگلزدا ئەمانـە باس ئەکەن : پەراوە دیالەکتیکیەکەی ئەنتی دوهرینگ ( کە تیایدا گرنگترین شتەکانی فەلسەفەو زانستی یـە سروشتی و کۆمەلایەتی یەکان ئـەکاتەوە ) وە پەراوی ( بنچینـەی خێزان و موڵکیەتی تایبەتی و دەوڵەت ) – وە (لودفیگ فویرباخ) (٧) وە وتارێك دەربارەی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی ڕووسیا ( بـە کوردراوی بۆ زمانی ڕووسی لـە ڕۆژنامەی سۆسیال دیموکرات دا لـە ژمارەی یەکەم ودووەمدا لـە جنیف بلاوکرایەوە ) وە کۆمەڵێك وتاری نایاب دەربارەی مەسەلەی نیشتەجێبوون ؛ وە لە دوایدا دوو کورتـە وتار دەربارەی پێشکەوتنی ئابووری لە ڕووسیا ؛ بەڵام نرخێکی گەورەیان هەیە (٨) .

مارکس پێش ئەوەی نووسـینە گرنگەکەی ( سەرمایە ) تەواو بکـات مرد . بەڵام مسوەدەی نووسینەکـە ئامادە بوو . بەم شیوەیە ئەنگلـز دوای هاوڕێکەی بە ئەرکێکی گـرانهەستا ، بەرگی دووەم و سێهەمـی سەرمایەی چاك کردو دەری کـرد .بەرگی دووەمی لە سـاڵی ١٨٨٥ دا بلاوکردەوە وەبەرگی سێهەمی لـە١٨٩٤ دا . ( بەڵام کاتی نەبوو کـە بنوانی بەرگی چوارەم ئامادە بکات )وە ناچار بوو کە ئەرکێکـی گەورە بکێشێت بۆ ئامادە کردن و دەرکردنی ئەو دوو بەرگە ؛ ئەدلەر(٩) کـە سۆشیالیستیکی _ دیموکراتـیـی بەناوی بوو ئەڵێت : ئەنگلز بـو

بەدەوگردنی بەرگی دووەم و سێیەم لە(سەرمایە) شوێنێکی پیرۆزی هاوڕێ بلیمەتەکەی دانا ، بێ ئەوەی بیەوێت ناوی تایبەتی خۆی لە پاڵ ناوی مارکسا بە ووشەیەك تووسێکە ئەسرێتەوە . ئەم دوو بەرگە لە ( سەرمایە ) لە ڕاستی دا ئیشێکی هاوبەشیی مارکس و ئەنگلز بوو . ئەفسانە کۆنەکان گەلێك نموونە دەربارەی هاوڕێیەتی ئەگێڕنەوە ، وە ئەتوانای پرولیتاریای ئەوروپادا هەیەبلێت زانستییەکەی دووزانای تێکۆشەر دایان ناوە ، کە پەیوەندی تایبەتیان لە سەروو هەموو پەیوەندیەکەوەیە کە هەموو ئەفسانەکانی پێشینیان باسی ئەکات دەربارەی هاوڕێیەتی نێوان خەلکی . ئەنگلز هەمووکات وە بەراستی خۆی لەدوای مارکس دائەنا . وە بۆ یەکێك لە هاوڕێ کۆنەکانی نووسی و ئەڵێت هەمووکات دووەمینی کەمانچەژەن بووم لە پاڵ مارکسا ) . خۆشەویستی ئەنگلز بۆ مارکس لە ژیانیا ، وەڕێزگرتنی یادگارەکانی لە مردنیا بێ سنوور بوون . ئەم تێکۆشەرە بەجەرگەو بیرکەرەوە گەورەیە خاوەن گیانێکی پڕ خۆشەویستی قووڵ بوو .

له دوای جوڵانەوەی ١٨٤٨–١٨٤٩ چالاکی مارکس و ئەنگلز لە دەربەدەریدا تەنیا لە مەیدانی زانستیدا دەرنەکەوت . بەڵکو مارکس لە ساڵی ١٨٦٤ ( کۆمەڵەی رەنجدەرانی جیهانی ) دروست کرد ، وە ماوەی دە ساڵ سەرکردایەتی کرد . هەروەها ئەنگلز هاوکارییەکی چالاکانەی لە ئیش وکاریا کرد ، بەڵام کۆمەڵەی جیهانی یەکە کە بە پێی باوەڕی مارکس پرولیتاریای هەموو ولاتانی کۆئەکردەوە ، چالاکی ئەم کۆمەڵەیە زۆر گرنگ بوو بۆ پێشخستنی جوڵانەوەی کرێکاران هەر چەندە ئەم کۆمەڵەیە لە حەفتاکاندا ئەما بەڵام ئەو دەورەی مارکس و ئەنگلز بۆ یەکگرتنی کرێکاران پێی هەستان ئەوەستا ، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەتوانین بڵێین کە دەوریان وەك دووریگا پێشاندەری خاوەن باوەڕ بۆ جوڵانەوەی کرێکاران ، هەمووکات لە زیاد بوون بوو چونکە جوڵانەوەکە خۆی بێ وەستان لە پێشکەوتندا بوو . وە لە دوای مردنی مارکس ، ئەنگلز بە تەنیا بوو بە ڕێگا پێشاندەری سۆشیالیستەکانی ئەورووپا . وە سۆشیالیستە ئەلمانییەکان کە ڕۆژ بە ڕۆژ هێزیان گەشەی ئەکرد هەر چەندە دەوڵەت ئەی چەوساندەوە ، ئەهاتن بۆلای ئەنگلزو داوای ڕێ پیشاندان و ئامۆژگاری یان لێ ئەکرد هەروەها نوێنەرانی ولاتە دواکەوتووەکان : ئیسپانییەکان ورۆمانییەکان وڕووسەکان کە ئەبوایە چاویان بڕدایەتەوەو هەنگاوەکانی یەکەمیان هەڵبهێنن . هەموویان لە سەرچاوەیەکی ڕوونو بەردەوام هەڵیان ئەهێنجا سەرچاوەی زانیاری پیرە ئەنگلز وتەجروبەکانی .

مارکس و ئەنگلز زمانی ڕووسیان ئەزانی وە ئەدەبیان بەم زمانە ئەخوێندەوە ، بایەخێکی زوریان ئەدا بە ڕووسیا ، وە بەچاوێکی ڕێزو خۆشەویستییەوە سەیری جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی ئەم وولاتەیان ئەکردو پەیوەندییان لەگەڵ شۆڕشگێڕە ڕووسەکان پەیدا ئەکرد ، هەردووکیان دیموکراتی بوون پێش ئەوەی ببنە سۆشیالیست وە هەستی دیموکراتییان کە پاڵی پێوەئەنان بۆ ئەوەی کێنە لە زۆرداری سیاسی بخەن بەشێوەیەکی بێ سنوور ، بەهێز بوو ئەم هەستە سیاسییە ڕەگماکییە ، سەرەڕای لێکەیشتنێکی قووڵ لە تیوری پەیوەندی نێوان زۆرداری سیاسی و هەڵچوونی (طغیان) ئابووری ، وە بۆ تەجروبەیەکی دەوڵەمەند لە ژیانا . ئەمانە هەموویوای لە مارکس و ئەنگلز کرد کە خاوەن هەستێکی ناسك بن بەتایبەتی لە ڕووی سیاسییەوە . بۆیە لەو خەباتە قارەمانانەیەی کە کۆمەڵێکی کەم لە شۆڕشگێڕەکانی ڕووس لە دژی دەوڵەتی ئەبسەری خاوەن دەسەلات پێی هەستان جێگای بەزەیی ودۆستایەتی یەکی زۆر بوو لە لایەن ئەم دوو شۆڕشگێڕە خاوەن ئەجروبانەوە . وە بە پێچەوانەی ئەوانەوە هەوڵدان بۆ واز هێنان بەناوی قازانجی ئابووری هەڵبەستراوەوە لە گرنگ ترین پەلەترین ئەو ئەرکانە کە لە بەردەمی شۆڕشگێڕ ڕووسەکاندایە وەئەبەستمان لەمە بەدەست هێنانی سەربەستی سیاسییە . ئەم هەوڵدانە بەلای ئەوانەوە شتێکی گومان لێکراوە بەڵکو زۆر بەسادەیی بە خیانەتیان ئەزانی لە شۆڕشی کۆمەڵایەتی پیرۆز ( ڕزگارکردنی پرولیتاریا پێویستە لە سەردەستی پرولیتاریا خۆیدا بێت ) . هەمووکات مارکس و ئەنگلز ئەمەیان ئەزانی ، بەڵام بۆ ئەوەی پرولیتاریا خەبات بکات لە پێناوی ڕزگار بوونی لە ڕووی ئابوورییەوە ، پێویستە لەسەری کە هەندێك مافی سیاسی بەدەست بهێنێت . وە لەلایەکی تریشەوە مارکس و ئەنگلز بەڕوونی ئەیان بینی کە شۆڕشی سیاسی لە ڕووسیادا بایەخێکی گەورەی ئەبێت بۆ سەر جوڵانەوەی کرێکاران لە ئەورووپای ڕۆژئاواشدا . ڕووسیای ئوتوکراتی هەمووکات قەڵای کۆنەپەرستان بوو لە هەموو ئەوروپادا . دۆخی دەوڵەتی ڕووسیای لەبار بەشێوەیەکی بێ سنوور کە لە ئەنجامی جەنگی ساڵی ١٨٧٠ دا دروست بوو ، وە بوو بە هۆی ناکۆکی لە نێوان ئەلمانیاو فەرەنسەدا بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ ، بایەخی ڕووسیای ئوتوکراتی وەك هێزێکی کۆنەپەرست پترکرد . تەنیا ڕووسیایەکی ئازاد پێویستی نەبەچەوساندنەوەی پۆلۆنی یەکان وفینلەندی یەکان وئەلمانەکان وئەرمەنی یەکان و گەلانی تری بچووك ، وە ئەپێویستی بە ئیش کردنێکی بەردەوام هەیە بۆ هاندانی ئەلمانیاو فەرەنسا لە دژی یەکتری ، وە هەل هەلئەخات بۆ ئەوروپای ئەم سەردەمە بۆ ئەوەی هەناسەیەکی خۆشی بدات و لە ئەرکی جەنگ ڕزگار بێت ، وە هەموو کۆنەپەرستەکانی ئەوروپا بێ هێز ئەکات و چینی کرێکاری ئەوروپا بەهێز ئەکات بەم هۆیەوە وە لە پێناوی سەرکەوتنی جوڵانەوەی کرێکاران لە ڕۆژئاواشدا ، ئەنگلز بەگەرمی حەزی ئەکرد کە سەربەستی سیاسی لە ڕووسیادا دابمەزرێت ، بە نەمانی ئەنگلز شۆڕشگێڕە ڕووسەکان چاکترین دۆستیان لەدەست چوو .

نەمری بۆ خەباتکەری مەزن وپەروەردەکەری گەورەی پرولیتاریا

لە پاییزی ١٨٩٥ دانووسراوە .

---

١ ئەم دوو دێرە شیعرە کەلێنین کردویەتی بە سەرتوێی ووتارەکەی ( فریدریك ئەنگلز ) لە پارچە هەڵبەستەکەی شاعیری گەورەی ڕووس نیکراسوفە . ( یادی دوبرولیوبوف ) .

٢ ، ٤ ، ٥ ، ٧ هێگل ، باوەر ،روگە ، لودڤیك فویرباخ ، لەووتاری کورتەیەك لە مێژووی ژیانی کارل مارکس دا لە ژمارەی پێشووی ڕزگاریدا باسمان کردبوو . ( وەرگێر )

٦ بەراوێکی نایاب و خوێندەوارانەو دەوڵەمەندە لە ناوەڕۆکدا . وە بەداخەوە کە بەشێکی کەمی نەبێت نەگوێزراوە . بۆ ڕووسی ئەوێش دەربارەی چاو پیاخشاندنێکە لە پێشکەوتنی سۆشیالیزمدا (پێشکەوتنی سۆشیالیزمی زانستی ، چاپی دووەم جنیف ، ١٨٩٢ ) .

# یه کیتی نیشتمانی ــ ( کونفیدەرەیشن ) ی قوتابیانی ئیران ــ لقی ئەمریکا پشت گیری خەباتی رزگاری خوازانەی گەلی فەلەستین ئەکات

**بریاری نویەمی کونگرەکەیان لە بارەی گیروگرفتی روژهەلاتی ناوەراستەوە ئەلی:** سەرکەوتنەکانی ئیمپریالیزم کانی بە و زوو لەناو ئەچی وخەباتی رزگاری خوازانەی گەلی فەلەستین لە گەشەکردن و سەرکەوتنی بەردەوام دایەو سورە لەسەر خەبات لە پیناوی سەربەستی داو لە دژی ئیمپریالیزم و قەلا دروست کراوەکەی روژهەلاتی ناوەراستی کە ئیسرائیلە

هیزە رزگاری خوازەکانی فەلەستین نەك هەر بە پشتیوانی گەلی فەلەستین بەلکو بە پشتیوانی هەمو گەلی عەرەبی لە خەبات دایە. **بریارەکە ئاشکرای ئەکات کە :** ئەم خەباتە رەوایە لە لایەن هەمو هیزە پیشکەوتوەکانی جیهانەوە وە بەرگری کردنی فراوانی گەلی فەلەستین و ریگای خەباتی بی لادان دژی ئیمپریالیزم بە بی هیچ گومانیك جیگایەکی گرنگی گرتوە لە نیوان سەرتاپا خەباتی گەلان بو دامالینی بەندایەتی ئیمپریالیزم بەرزبونەوەی خەباتی توندوتیژی هیزە رزگاری خوازەکانی فەلەستین ناکوکی نیوان هیزە ئیمپریالیستەکان و هیزە دژ بە ئیمپریالیستەکان لە هەریمەکەدا زیادی کردوەودەوری هەمو ئەوانەی ئاشکرا کردوە کە بە دوای ( چارەسەرکردن ــ ریکەوتن) دا ئەگەری لە روژهەلاتی ناوەراست دا وە جیای کردونەتەوە. لە کومەلانی گەلی عەرەب .

**وە لە بارەی دەوری ئیرانەوە بریارەکە ئەلی :** رژیمی ئیران بە فەرمانی ئیمپریالیزم بەردەوامە لە گیرەشیوینی دا لە دژی خەباتی گەلی عەرەب وە بەردەوامە لە گەشەپی کردنی پەیوەندی یە سیاسی و سەقافی و ئابوری و لەشکری یەکان لەگەل دەولەتی دروست کراوی ئیسرائیل .

**لە کوتایی دا ، کونگرەی نویەم پشتیوانی دەربریوە بو خەباتی دروستی گەلی عەرەبی فەلەستین و نارەزایی توندی ئاشکرا کردوە بەرامبەر رژیمی کونەپەرستی ئیران . وە بەم دروشمانە کوتایی یان بە بریارەکەیان هیناوە .**

**ــ ژیان بو خەباتی رزگاری خوازانەی گەلی فەلەستین**

**ــ روخان بو ئیمپریالیزم و قەلاکەی لە روژهەلاتی ناوەراست دا ــ رژیمی دروست کراوی ئیسرائیل ــ.**

## اعلان

توجد مناقصة سرية لتعهد انشاء مجاري رئيسية في مناطق مختلفة في مدينة السليمانية وجسرين على طريقي محلة خبات وكردي سيوان من مشاريع اعمار الشمال المنفذة من قبل البلديات وفق الشروط والمواصفات التي يمكن الحصول عليها لدى مديرية بلديات اللواء لقاء مبلغ ١٦ دينارا غير قابل للرد .

على الراغبين تقديم عطاءاتهم الى سكرتير لجنة فتح العطاءات فى المديرية المذكورة خلال مدة اقصاها انتهاء الدوام الرسمي ليوم الاثنين الموافق ٢٩-٩-١٩٦٩ بعد تعزيزها بتأمينات نقدية او كفالة مصرفية او صك مضمون لامر هذه المتصرفية بمبلغ ١٦٢٠ دينارا مع شهادتي التسجيل لدى دائرة ضريبة الدخل وغرفة التجارة .

تهمل العطاءات التي لاتقدم فى الموعد المعين او التي لا تتوفر فيها الشروط .

العقيد

عبدالقادر جلال

و. متصرف لواء السليمانية

٨ مەبەست لە ووتارەکەی ئەنگلزە ( پەیوەندی یە کومەلایەتی یەکان لە رووسیادا ) وەکو ئاییریە داتراوەکەی ئەم ووتارە ، کە لە بەرامبەری ( فریدریك ئەنگلزو رووسیا ) دا نوسراوە . ئەم پەراوە لە سالی ١٨٩٤ دا لە جنیف دەرچووە .

٩ ئەدلەر ئیکتور : ( ١٨٥٢ــ ١٩١٨) یەکیکە لە ریکخەرو سەرکردەکانی سوشیالیزمی دیموکراسی ئەمساوی لە . هەشتاو نەوەدەکاندا . ئەدلەر لەگەل ئەنگلز پەیوەندی پەیدا کرد بەلام دوای مردنی ئەنگلز خیرا بوو بە ئیسلاحی ، وەك یەکیك لە سەرکردەکانی هەلپەرستی دەرکەوت.

# اعــــلان

توجد مناقصة سرية لتعهد اجراء الاضافات في المباني المدرسية التاليــــة وفق الشروط والمواصفات التي يمكن الحصول عليهـــا لدى الادارة المحلية لقاء سره خمس دنانير غير قابل للرد .

على الراغبين تقديم عطـــاءاتهم الى مجلس ادارة اللواء الساعة ١١ زوالية من يوم الاثنـين الموافق ٢٢–٩–١٩٦٩ معززة بتامينات نقدية او كفالة مصرفية او صك مضمون لامر هـــذه المتصرفية بمبلغ ٤٥٠ دينارا مع شـــهادتي التسجيل لدى دائرة ضريبــــة الدخل وغرفة التجـــارة .

تهمل العطاءات التي لا تقدم فى الموعد المعين او التي لا تتوفر فيها الشروط .

سيروان الجاف
و. متصرف لواء السليمانية

١ – كشف لانشاء ثلاث غرف وطارمـــة فى مدرسة بابان وكوردستان المزدوجين بمبلـــغ ١٣١٧٫٦٥٠ دينارا

٢ – كشف لانشاء ثلاث غرف مـــع صالون وطارمة في مدرسة نوروز ونالي بمبلغ ١٧١٦٫٠٠٠ دينـــارا .

٣ – كشف لانشاء سبعة غرف وقاعـــة وطارمة فى مدرسة بوتان في سرجنار بمبلـــغ ٣٣٩٦٫٥٠٠ دينارا .

٤ – كشف لانشاء اربعة غرف وقاعة وطارمة فى مدرسة سرجنار بمبلغ ٢٨٢٧٫٥٠٠ دينارا .

٥ – كشف لانشاء سياج والمرافق الصحية في مدرسة قلياسان بمبلغ ٤٨٤٫١٦٠ دينارا .

٦ – كشف غرفتين وطارمة لمدرسة كولالـــه وجيمن بمبلغ ٦٤١٫٧٠٠ دينارا .

# اعــــلان

الحاقا باعلاننا ٣٠٣٤ في ١٨–٨–١٩٦٩

بالنظر لظهور راغب واحد ولغرض فســح المجال امام المقاولين للاشتراك فى تعهـد تجهيز بلدية السليمانية بالمواد الانشائية قررنا تاجيـل المناقصة السرية الى الساعة ١١ زوالية من يوم الاثنين الموافق ٢٢–٩–١٩٦٩ .

على الراغبين تقديم عطاءاتهم الى سـكرتير لجنة فتح العطاءات فى مديرية بلـــديات اللواء خلال المدة المعينة وفق الشـــروط المعلن عنها في حينه .

سيروان الجاف
و. متصرف لواء السليمانية

# اعــــلان

توجد مناقصة سرية لتعهد انشاء مدرســة ذات اربع صفوف في قرية اللهى التابعة لناحيـة بازيان وفق الشـــروط والمواصفات التي يمكن الحصول عليها لدى شعبة اعمار اللواء لقـــاء دينارين غير قابل للرد .

على الراغبين تقديم عطـــاءاتهم الى مجلس ادارة اللواء الساعة ١١ زواليـــة ما يوم الاثنين الموافق ٢٢–٩–١٩٦٩ معززة بتامينات نقديـة او كفالة مصرفية او صك مضمون لامر هـــذه المتصرفية بمبلغ ( ١٤٥ ) دينارا مع شـــهادتي التسجيل لدى دائرة ضريبة الدخل وغرفـــة التجارة .

تهمل العطاءات التي لا تقدم فى الموعد المعين او التي لا تتوفر فيها الشروط .

سيروان الجاف
و. متصرف لواء السليمانية

# اعــــلان

توجد مناقصة سرية لتعهـد انشاء غرفتين مع طارمة في مدرسة متوســـطة شورش في السليمانية وفق الشروط والمواصفات التي يمكن الحصول عليها لدى الادارة المحلية لقاء دينارين غير قابل للرد .

على الراغبين تقديم عطـــاءاتهم الى مجلس ادارة اللواء الساعة ١١ زوالية من يوم الاثنـين الموافق ٢٢–٩–١٩٦٩ بعد تعزيزها بتامينـــات نقدية او كفالة مصرفية او صـــك مضمون لامر هذه المتصرفية بمبلغ ٩٥ دينارا مع شـــهادتي التسجيل لدى دائرة ضريبة الدخل وغرفـــة التجــــارة .

تهمل العطاءات التي لا تقدم فى الموعـــد المعين او التي لا تتوفر فيها الشروط .

سيروان الجاف
و. متصرف لواء السليمانية

# نظامی گنجوی

بڕێ نووسی - محمد صالح دیلان

١ ـ شەرەفنامە . ئەمیرشەرەفالدین خان

٢ ـ خلاصەی تاریخی کوردو کوردستان ـ محمدامین زکی بگ .

٣ ـ خوسرەو شیرین ـ چاپی باکو .

٤ ـ کلیات نظامی ـ چاپی تاران .

٥ ـ نظامی شاعر الفضیلە ـ الدکتور عبدالمنعم محمد حسنین .

**هەولدانی بو ناسینی .**

ئەشی لە میژوودا جورەپیاویکی ناودار هەبی کە ساغ کردنەوەی بە سەرنەتەوەیەکدا هیچ جورە قازانجیك نەگەیەنی بەونەتەوەیە ،یا بە ئیمروی ئەو نەتەوەیە ، پیویست ناکا ناوەحل دری .

بەلام ناسینی بلیمەتیکی وەکو (نظامی)و ساغکردنەوەی بەسەر نەتەوەی کوردا مالیاگەشەداری و گرنگی میژووی رابوردومانە . ئەم شاعیرەگەورەیە کە برروای زوربەی شاعیرانی فارسزمان وایە کە یەکە شاعیری دونیایە )و بروای هیندیکیان وایە کەخواوەندی(١) ( شعرایە ) ، ئەلین ساغکردنەوەی ئەم! کوگاری کەرەسەی کون و تازەی شیعرە ) ، ئەو دەرگای بیرکردنەوەو خەیالی ووردە ، بەسەر نەتەوەی کوردا سەرمایەیەکی هونەری شیعری بە سروشت لەنەتەوەکەمانا دروست بوو ئەگەیەنی .

سەرنج دانیکی وورد لەنەتەوەکانی جیهان و شانازی پیوە کردنیان بە میراتیەنەمردوەکانیانەوە پتر رامان ئەکیشی بو ئەوەی ئیمەش وەکو نەتەوەیەکی هاوبەشیکەر لە دروست کردنی(حضارات)دا هەقمان هەبی ئەشت بدوین ، بینەوە سەر(نظامی) .. تەماشاکردنیکی ریکخراوە شیعریەکانی وەکو( مخزن الاسرار ، خسرو شیرین ، مجنون و لیلی ،هتد) بەلگەی بی لیدوانی ووشەکانی سەرەوەیە .مروڤی چەند سەدەیەك لەمەوبەر داواکاری خوشەویستی راستەقینەو دەس و دلپاکی و زمان پاکی و کورنوش نەبردن بو (دروستکەر) نەبی بو هیچ کەسی نەبردن و خەلکی هاندان بو خویندەواری (علم)و بلیەخبی دانو ئاموژکاری نەردنی دوورکەوتنەوە لە هاشەوشتی بی بناغەو شانازیکردن بە دایك و باوکەوەو دەربرینیئەو شانازیانە بە ئاشکرا .

ئەم جورە پیاوانە ئیمرونەك قازانج بە نەتەوەیەك ئەگەیەنی بەلکو پشودانیکە بودونیای بەیەکا هلتووی میژوو بشکنین ، شەرابیکی تەزوودەرە ، بە ناخ و دەروونی ئەو کەسانەی بەری هەورازو سەختی رابووردووی نرێك و کونماناویان بو ئەنجامیکی راست و رەوان نیشان دانی ئەم نەتەوەقارەمانە .

**سوفیەت و نظامی :**

لە حوزەیرانی سالی١٩٦٣دا لە باکو پایتەختی ئازربایجانی سوڤیتی کونگرەی روژهەلاتناسانی یەکیتی سوڤیەت بەسترا ، جگە لەروژهەلات ناسانی سوڤیت کومەلە شارەزایەك لە شیعرومیژووی گەلانی روژهەلات بەشدارو بانگ کرابوون بوئەو کونگرەیە ، لە روژی دووان لە هونەرو شارەزایی ،قسە گەرم بوو وە بە گەرم بوونیشەوە ئەوەستا گەیشتەجوشین ، هەندی لە شاعیرو شارەزاکانی ئازربایجان ..ئەیانووت نظامی ئازربایجانیە، دەستەیەکیش لە ئەندامانی کونگرەکە ئەیانووت نظامی.. تادجیکیە .. و فارسزمانەوشیعری بە زمانی فارسی وتووە .. و لە (قوم)ی نزدیك (تاران) ئیستاوە رەویان کردووەو چوونەتە «گەنجە» .

لە کاتی پشوودان لەکونگرەکە یەکیکی (کورد ـ دوست) بە یەکی لە ئەدیبە کلتمانی ووت .. ئەگەر مەسەلە بیتە سەرئازربایجانی و فارسی زمانی یا ئیزانیتی ( من ئەیدەم بەئیوە ) .

بەو جورەی کە لە سەرەوەباسکرا چەن دانیشتنیك لە کونگرەکە خەریك بوو بەنظامییەوە وە هەر بەو جورەش دەسگای میژووناسیسوڤیت لای مەبەست بوو کە ئازربایجانی بی یا تادجیکی فارسی زمانی وە جگە لە ریز هەستی هەلسەنگاندنیشی بەرامبەر ئەگیراو ئەو مروڤە جیگای سەرنج و لی وورد بوونەوە بوو .

**نظامی .. کوریە :**

ناوی ( الیاس و لقبی نظام الدین کوری یوسف کوری زکریە ، (التخلص) شیعریەکەی نظامییە هەرچەندە هەندی لە زاناو زاناکانی شیعری فارسی ئەلین ناوی (وەیسە ) . دەربارەی لەدایك بوونی چەندقسەیەك هەیە بەلام ئەوەی لەراست نەچی بە گویرەی ریکخراوە شیعرییەکانی وەکو ( اقبال نامە ) و( اسکندرنامە ) وا دەرئەکەوی کە لە سالی ٥٣٩ی کوچیدا لە دایك بووبی و لە سالی ٦١١ی کوچیدا گەیبیتە ئارامگای

گورر .

بەم گویرەیە ئەبی شەستسالی تەمەنی بووبی ، نظامی ری‌و رویبکی ئایین‌یانەپەروەردە بووە هەموو جورە بابەتەکانی ( علمی‌فقهی )خویندوەو شارەزایی‌یەکی تەواوی لە (قورئان)دا بووە . لە پاشا دەستی داوەتە ئەستیرە شوناسی هەرچەن‌هەندی لەو بروایەدان کە زوربروای پی‌نەبووە ،(فلکیات‌وجوغرافیای ئەو دەمەی ) قوول خویندوەتەوە لە(تصوف)دا دەستیکی سپی درەوشەداری بووە لەگەل‌ئەوەشا هەندی لە شارەزاکانی ئەلین .. نەء .. تەنهاگوشەگیری‌و بیرکردنەوەی پی خوش بووە .

نظامی ری‌و شوینیکی‌دیاربووی هەبووە لای دەستەلاتدارانی ئەوسا ،دەروون پاك‌و بی‌گری‌و بەرز بووە ،ئاموژگاری کەری راست‌گویی‌و نەفرەت‌کەر بووە لە چەوت‌گویی ، دژ بە شەروشوردو فیتنە ئەنگیزی بووە ، چەن بەسەر خوی‌داهەلی‌دابی‌و شانازی کردبی بە شیعرەکانیەوە ئەوەندەی لەزانیاری خوی نیشان‌داوە بەرامبەر بە خواپەرستی .

خویندنەوەیەکی زوری بووەدەربارەی پزیشکی ئەو سەردەمە وە بە هەندیکی‌کاری کردوە وە جورەها دەرمانی لە گژوگیای چیادروست کردوە . ئاگای لە کرداری روژانەی‌خەلك بووەریزی لە خوو رەوشتی باش گرتوەو بیزی لە کرداری بەدکردوتەوە هان‌دەری خەلکی بووە بو جم‌وجوول‌و وەرزش.

نظامی هەمیشە بە دووی‌خویندنەوەدا گەراوە و ئەلی : ( لە چەن دیریکی کووژاوەچەند ووشەیەکم دەرهیناوەو لە چەند لاپەرەیەکی بەرپووت‌چەند دیریك‌و لە چەند کتیبیکی کون چەندلاپەرەیەك ) .

زمانی عەرەبی‌و فارسی زورباش زانیوە ، خەلکی هان‌داوە بە شیعر کە لە بەنوەگی‌پاشایەتی واز بهینن چونکو لای ئەو نزیك بوونەوە لەپاشاکان وەکو ( لوکەی ووشك بردنە بەردەمی ئاگرە ) وکورنوش تەنها بو دروست کەرە .

**( چەند وینەیەکی‌شیعرەکانی دەربارەی باسەکە)**

**١- از صحبت پادشا بەپرهیز**
**چون پنبە خشك ازآتش تیز**
**نزیك بوونەوە لە پاشاوەکو لوکە بردنە بەردەمی ئاگری تیژە .**

**( مجنون لیلی )**

**٢- کسرو از راستی بـرزدعلم را**
**ببیند از خزان باج غمرا**
**سرو لەبەر ئەوەی راست‌هەلچوە ، تاڕای خەزان نادا بە سەرپاو هەمیشە چواروەرزە سەوزە .**
**( خسرو شیرین )**

**٣- سمایە گزیدە لبی‌خورشیدرا**
**شانە زدە با سری بیدرا**
**روژئاژی لە لیوی سیبەرگرتوەو باش شانە ئەهینی بە پرچی شورەبی‌دا .** **( خسرو شیرین )**

**٤- سهی سرواز چمن قامت‌کشیدە**
**زعشقش لالە پیر آهن‌دریدە**
**بالای سەرووی راستی ناوچیمەن سەوزە مایەی کراس درینی گولالە سورەیە .** **( خسرو شیرین )**

**٥- سحرگاه چون روان شدجامە جمشید**
**عروسانە بر آمد جرم‌خورشید**
**بەیانی کە جامی جمشیدرۆناکی تی کەوت ماتای (دنیا) وەکو بوکی ئەستیرەی روژهاتە دەری**

**٦- سخن از من افریدەچەفتوەت از مروەت**
**هنر اشکارا چە طراوەت‌از جوانی**
**قسە لە من دروستکراوە ، وەکو جوامیری لە دەروون هونەر لە ئەوە دیارکەوتوە وەکو تەرو پاراوی لە جوانی .**

**راست کردنەوە**

١- لە ژمارەی پیشووتری‌رزگاری‌دا لە شیعری (پایز)ی دیلان‌دا وای دەستپی کردبوو
پایز بوەری گەلای‌درەخت
زستان .. با زەردبی‌دەشت‌و چیاو کیو
راستیەکەی وایە :
پایز ... بوەری گەلای‌درەخت
زستان ... بی‌هینەوەیشوومەی سەخت
خەزان ... با زەرد بی‌دەشت‌و چیاو کیو
بەفر ... دای پوشەهەورازو نشیو

٢- لە شیعری جەمیلی‌جوانەمەرگدا لە بەندی ( جەمیل پیاو بوو )نووسراوە :
ئەو پیوانەی کە پی‌ئەوتری پارە
بو دونیایان ریگای هات‌ونەهاتە
راستیەکەی وایە :-
ئەو (پی‌وانەی)(١) لای‌زور کەسی ئەم کاتە
بو دونیایان ریگای هات‌ونەهاتە
ئەو پیوانەی کە پی‌ئەوتری (پارە)
لە هەندی (قات) بوهەندیکیش بە بارە

---

(١) لە ئاتشکدەدا ئەلی : لەشاعیریکیان پرسی ، لە فارسی زمانا کی زور شاعیرە ؟ ووتی :
در شعر سەکس پیمبرانند
هرچند کەلا نبی بعدی
اوصاف‌و قصائدو غزلرا
فردوسی‌و انوری و سعدی
وتیان ئەی ( نظامی ) .. ووتی لەوەخواوەندی شوعەرایە

(١) پی‌وان = قیاس

# ڕەخنەیەك لە بابەت :
# ئەدەبی نووسراوی كۆنی كوردییەوە

**كورد وەكو نەتەوەیەكی زیندوو ، خاوەنی زمانی نەتەوایەتی خۆیەتی كە پێی ئەدوێ‌و بەكاری ئەهێنێ بۆ لە یەكتری گەیشتن‌و ئاڵوگۆڕی بیرورا لە كارو باری كۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و سیاسی‌دا ، زمان كە یەكێكە لەو كۆڵەكە گرنگانەی بوونی نەتەوەیەكی پێوە بەندە، دەورێكی گرنگ ئەگێڕی لە هەموو كایەكانی ژیانا ، كوردیش خاوەنی زمانی تایبەتی خۆیەتی ئەگەر چی چەند لەهجەیەكی جیاوازی تیایە ، بەڵام بێگومان جیاوازی بە هیچ جۆرێك لە یەكێتی زمانەكە ناگۆڕی ، مادەم سەرجەم ئەو لەهجە جیاوازانە لە بنچینەدا وەچەی ڕەچەڵەكیی زمانێن‌و لە شێوەی داڕشتن‌و گرامەری‌و شوێنی لە یەكچوو وەك یەكیان هەیە .**

زمانی كوردی هەر لە مێژەوە پێك هاتوە لە چەند لەهجەیەكی ناوچەیی جیاواز ، بێ ئەوەی دەر فەتێكی ئەوتۆ دەست گەلی كورد كەوتبێ بە درێژایی مێژوو كەهەوڵ بدات بۆ یەكخستنی هەموو ئەو لەهجانە لە زمانێكی یەكگرتووی وادا كە بكرێت بە زمانی بنەرەتی نووسین‌و ئەدەب‌و كاروباری ڕەسمی ... ئەوەی كە بوەتە هۆی ئەمە بەرادەی یەكەم چەند هۆیەكە لەوانە :

نەتەوەی كورد وەكو نەتەوەیەكی ژێردەستە ، هەرگیز دەوڵەتێكی یەكگرتووی نەبوە كە سەرانسەری كوردستانی گرتبێتەوە تا یەكێ لەو لەهجانە بكات بە بنچینەی زمانی كوردی‌و ئیشوكاری ڕەسمی‌و نوسین وە بیسەپێنی بەسەر ناوچەكانی ترا ، بەڵكوبە پێچەوانەوە هەمیشە لە ژێر دەستی داگیركەرانیا بوو ، بە تایبەتی هی عەرەب‌و فارس جا لەبەر ئەوە زمانەكانی عەرەبی‌و فارسی لە كوردستاندا بوە بە باو ، بووە بە زمانی خوێندن‌و نووسین چونكە زمانی خۆنزیكخستنەوە بووە لە دەوڵەت‌و پیاوە دەسەڵاتدارەكان ، وە هەر لەبەر ئەمە كوردستان بازاڕێكی ئابووری یەكگری نەبووە كە بێ بە هۆی یەكخستنی لەهجەكانی ..

جگە لەمانەش ، زرووفی توپوگرافی كوردستان ، لە یەك پچڕاوی كوردستان بەهۆی قورتی سروشتییەوە هۆیەكی گەورە بوو بۆ لە یەك دوور كەوتنەوەی لەهجەكان‌و فراوان بوونی دەلاقەی نێوانیان .

لە سەدەكانی كۆنا بە هۆی زاڵی دەسەڵاتی عەرەبی ئیسلامی‌و لەدوایدا هی تورك‌و فارس ، زمانی كوردی ڕێگەی بەكار هێنان‌و گەشەكردنی نەدراوە چونكە فێربوونی زمانی كوردی‌و بەكارهێنانی لەو سەردەمەدا هیچ سوودێكی ئابووری‌و سیاسی نەبوە ، بەتایبەتی كە كورد خۆی دەوڵەتێكی یەكگرتووی نەبوە ، بازاڕێكی ئابووری یەكگرتووی نەبوە ، حاكم‌و كاربەدەستە گەورەكانی زۆربەیان بێگانە بوون‌و كوردییان نەزانیوە .

سەرباری ئەمانەش هەموو ، كوردستان مەیدانی تەراتێن‌و ڕمبازێنی لەشكرەكانی عەرەب‌و فارس ، وە هی تورك‌و مەغۆل بووە ، لە ئەنجامی ئەو شەڕو شۆڕانەدا گەلێ جار شوێنەواری شارستانی‌و خوێندەواری كوردستان وێران‌بووە وە بە تاڵان براوە .

لەبەر ئەمانە هەموو زمانی كوردی تا سەدەی ڕابوردوو كە هەستی نەتەوایەتی ژیایەوە و نەتەوە بە پێی تێگەیشتنی زانستی نوێ كەوتە قۆناغی پێك هاتن‌و گەشەكردن ، بە دواكەوتوویی مایەوە وە بە درێژایی ئەو چەند سەدەیە ئەدەبێكی نووسراوی ئەوتۆ نیە بشێت بكرێ بە سەرەتای دەستپێكردنی ئەدەبی نووسراوی كوردی لە كاتی لێكۆڵینەوەی مێژووی ئەدەبی كوردییا .

ﺷ بەڵام ئەوی ئەمەوی لێرەدا لێی بدوێم ئەوەیە كە نەتەوەی كورد وەكو نەتەوەیەكی زیندووی خاوەن ڕابوردوو ، كە گەلێ بیركەرەوەو زاناو نووسەری گەورەو مەزنی تیا هەڵكەوتوە بە ڕادەی بیری خۆیان بەشدارییەكی



کاریگەریان کردوە لە دەوڵەمەند کردنی سامانی بیری گەلانی عەرەب‌و فارس‌و زیادکردنی خەرمانی ئەدەبیاندا ... چون ئەبی بە دریژایی چەند سەدەی رابوردوو نامیلکەیەکی کوردی ، نوسراویکی ئەدەبی یا عیلمی ، تەنانەت پەرە کاغەزیکی بە زمانی کوردی نوسراوی نەبی بەهیچ یەکی لە لەهجەکانی .

ئەگەر خوینندەواران لیم نەگرن وە توهمەتی شیت گیریم نەدەنە پال کە ئەلیم کە نەتەوەی کوردیش لەم روەوە شتیکی هەر هەیە ، بە زورنەبشی فەوتابی‌و لەناو چوبی بەلام بیگومان ئەبی سەرمایەیەکی کەسی هەر مابی با کەم‌و کورت‌و ئایە خیش بی ... بو نمونە بەلای منەوە نووسەرەکانی کورد ، بە تایبەتی ئەوانەیان کە رەنجیان داوە لەگەل لی کولینەوەو نووسینەوەی میژووی ئەدەبی کوردیا ، وە تا ئیستا هیچ بایەخیکیان نەداوە بە نوسراوە مەزهەبی‌یەکانی یەزیدی‌و کاکەیی لەم رووەوە کەم‌تەرخەمی‌یان نواندوە ، چونکە هەر وەکو عەرەب‌و فارس‌و نەتەوەکانی تر گەلی نوسراوی ئاینی بە بەشیکی نەمری ئەدەبی نووسراوو تراثی فیکری‌یان دائەنین و لە لی‌کولینەوەی میژووی ئەدەبی‌و فیکری‌یاندا کەلکی لی وەرئەگرن ، هەر بەو جورە ئیمەش ئەتوانین کەلك لە نوسراوەکانی یەزیدی‌یەکان‌و کاکەیی‌یەکان .. وەربگرین ، وە بە تایبەتی ئەوانەیان کە بلاو کراونەتەوە هیچ نەبی بو لیکولینەوەی شیوەی نووسینی کوردی کون‌و دارشتن وە شیوەی ری نووس‌و وشەکانی چونیەتی پیك‌هاتنی رستەکانی زمانی کوردی .. وە لەم بارەیەوە پیویستە ئەم چەند سەرنجە

# لەگەڵابە

گیانەکەم گەر ، ژینت ئەوی ، لەگەل منا
گەر نەتەوی ، دەست لانەچی ، لە گەردنا
لەگەڵابە ، با هەر پشتم پیت ئەستور بی ،
لە بەهاری ، ژینی شادی‌و لە مردنا
لە گەلا بە گەر هاتو روژی لە روژان ،
بوو بە تافە ، تفم لە چاوی دوژمنا
لە گەلا بە ، گەر پەتی سیدارە ووتی :
کرنوش بەرە ، ئاتخنکینم ، قیژانم — نا —
لەگەڵابە ، لە پیادەییم ، رەوەو ئاسو
لە بیداری‌و لە ئارەقەی ، رەش رشتنا
لەگەڵابە ، لە سرینی ، روخسای خور
لە تاریکی‌و لەکەی هەوری ، وا چلکنا
لەگەڵابە ، سوینتیش ئەخوم ، گەر ماندوبیت
یا کول بەەی ، لە رووی هەوراز ، سەرکەوتنا
جیت ئەهیلم ، دەست هەلئەگرم ، لە گەرفنت
من چون کاروان ، جی ئەهیلم ، لە ری‌ی ژنا
عبدالله پەشیو

---

بەهین :

* یەزیدی‌یەکان‌و کاکەیی‌یەکان ... ئەگەرچی هەندی نوسراوی ئاینی‌یان هەیە یەکەمیان بە شیوەی بادینانی‌و دووەمیان بە شیوەی هەورامی ، بەلام تا ئیستاش لە ترسی ئازاردان‌و کوشتن بەناوی کافری‌و لە دین دەرچوونەوە ناویرن باسی بکەن یا پیشانی خەلکی بدەن .

* ئەو نوسراوانەی بلاوکراونەتەوە زور کەمن ، وە هەمووی لە لایەن بیگانەوە تایبەتی ئەوروپایی یەوە بلاوکراونەتەوە کە زوربەیان زمانی کوردی وە یاخود ئەو لەهجانەیان نەزانیوە تا دراسەی بکەن‌و لی‌ی بکولنەوە .

* یەزیدیەکان وکاکەیی‌و هەندی مەزهەبی‌تر کەنوسراوی ئایینی تایبەتی خویان هەیە .. ئەوەی کە لی‌ی بلاوکراوەتەوە و بیستراوە ئیجگار کەم‌و دەستکاری کراوو شیواوە ، وە زوربەی تا ئیستاش نەکەوتوەتە بەرگوی .

وەرزیر

## رزگاری و خوێندەوارانی

**بەرپرسی پەڕەکە : کاوە**

هەر گۆڤارو ڕۆژنامەو نووسراوێك لەناو جەرگەی جەماوەری خەلکەوە هەلقولابێ و بۆ کەلك و سوودی بەختیاری ئەوانەوە هاتبێتە کایەوە ، لە پێناوی ڕوشن بیری ئەوانا ڕێی گرتبێتەبەر دیارە ئەو گۆڤارە یان ڕۆژنامەیە هەموو کەرەسەی توانای خۆی لەوانەوە ، وەر ئەگرێ و ئەوان پشتیوانی ئەکەن .

ڕزگاریش کە زمانی ڕەوانی کرێکارو جووتیارو کاسبکارو ڕوشنبیر و شۆڕشگێڕانی کوردستانە ، زمانی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردە ، پەیمانی داوە کە ئەو ڕێڕەوە ڕاستە شۆڕشگێڕییەی گرتوویە ، زیاتر گەشەی پێبداو پتر خۆشی بکا لە پێناوی ئازادیی و بەختیاری گەلی کوردی تێکۆشەراو برای عەرەبیا ؛ لەو ماوەیەدا کە ڕزگاری لەکاتی دەرچوونی خۆیا دواکەوتبوو ، خوێندەواران زۆر بە پەرۆشەوە ؛ لە هەموو لایەکەوە چ بە نامەو چ بە دەم پرسیاری ئەوەیان لێمان ئەکرد کە بۆچی وا دواکەوت؟ ئێمەش تێکڕا وەلامی ئەو کەسانە ئەدەینەوەو ئەلێین ، ئەو هۆی دواکەوتنی تەنها لەبەر بێ چاپییە کە ئەویش بەشت بە دلسۆزانی گەلەکەمان زۆری پێ ناچێ بەسەریا زال ئەبین . لەم ژمارەیەدا نامەیەکی زۆرمان بۆ هاتووە لە لایەن خوێنەوارە تێکۆشەرەکانمانەوە ، ئەو نامانەش ، هەندێکیان چیرۆك و هەندێکیان هۆنراوەو بەخشان و وتارو هەندێکیشیان نامەی پیرۆزبایییە لە گۆڤارەکەیان ، ئێمەیش وەلامی هەر یەکێ لەو نامانە ئەدەینەوە ، بە هیوای ئەوەی کە خوێندەوارەکانمان پشتمان ساردنەبێتەوەو زیاتر بەرهەمەکانیمان بۆ بنێرن بۆ ئەوەی لاپەرەکانی ڕزگاری پێ برازێنینەوەو خوێندەوارانی کەلکی لێ وەرگرن . بۆ ئەو خوشك و برایانەی کە تازە دەسیان داوەتە نووسین و توانایەکی ئەوتۆ لە خۆیانا نابینن ، داوایان لێ ئەکەین کە تا بۆیان ئەکرێ بخوێننەوەو لە خوێندنەوەشا زۆر وورد بن ، هەر لەگەل دەستیشاندانە نووسین ، با لەپێشەوە لە گۆڕینەوە دەس پێبکەن ، ئەو شتەیشی کە ئەیگۆڕن شتێکی بەکەلك و کورت بێ ، جا لەو ڕێگەیە وورده ووردە لەو بەهرەیەیان جێبەجێ ئەکەن کە لەخۆیانا شك ئەبەن ئەمە بۆ ئەوانەی کە ئەیانەوێ چیرۆك و وتار بنووسن ، بۆ ئەوانەش کە بەهرەی هۆنراوەیان هەیە ، هەر وەکو جاری پێشوومان داوای زۆر خوێندنەوەی هۆنراوەی شاعیرە بەناوبانگەکانمانی لێ ئەکەین و ئەوانیش شارەزاییەکی تەواو پەیا بکەن لە هۆنراوەی عەرەبی و بیگانەدا گەر لە توانایانا هەیە .

**مامۆسوو کاوانی لە بەتالیۆنی گۆیژەوە ٣ .**
چیرۆکی خۆمالی بۆ ناردووین، هەرچەندە خەتەکەشی وەك خۆی ئەلێ خەتی شۆڕشە ، بەلام ئێمە خوێندمانەوە ، بیرو چیرۆکەکان خراپ نین ، بەلام داوا لە مامۆسوو ئەکەین کە ڕێمان بداو پێی بلێین کە ئەو جۆرە چیرۆکانە بۆ ئەوە باشن کە شەوانی زستان لە گۆی ئاگردان بگێڕدرێنەوەو کاتیان پێ بەسەربەرن ، نەك بۆ گۆڤارێکی وەك ڕزگاری جا داوا لە مامۆسوو ئەکەین لەمەودوا شتی باشترمان بۆ بنێرێت . .

**کاك عەلی محەمەد عەسکەری ( چالاك ) لە چەمچەماڵەوە تا ئێستا** چەند نامەیەکی بۆ ناردووین کە بەراستی وورباییو توانای نووسینی کاك عەلی دەرئەخەن لە زمانەکەمانا ؛ هەروەها وێنەی چەند پێشمەرگەیەکی شەهیدی بۆ ناردووین ، وێنەی ئەو شەهیدانەی کە لە پێناوی کوردو کوردستانا گیانی پاکیان بە قوربانی تەلەکەیان کرد ، ئەو پێشمەرگانەی کە بیروباوەڕی کوردایەتیان کردە سەرچاوەی ژیانیان . ئێمە لە کاتێکا سوپاسی کاك عەلی ئەکەین و داوای لێ ئەکەین کە هەر بەردەوامبێ لە نووسینا ئەلێین کە بەراستی چالاکترین نووسەرە بۆ کۆکردنەوەی ژیانی ئەو شەهیدانەمان کە نابێ ناونیشانیان وون بکەین و لە بیرمان بچنەوە .. هیواداریش بە پێی توانا و دەرفەت ئەو وێنانەو مێژووی ژیانی خاوەنەکانیان بلاوکەینەوە ..

**برایان : ئومێد یادگار لە سلێمانییەوە ، و حەسەن جەباری لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە بەغداوە**
لە بارەی هونەرەوە ؛ یەکەمیان دەربارەی هاندان و پشتگرتنی ( تیپی نواندن و موسیقای سلێمانی) ووتارێکی بۆ نووسیوین کە ئێمەش لەگەلیاین و پێویستە هەموو کوردێکی دلسۆز پەیرەوی بکا . دووەمیشیان ووتارێکی بۆ ناردووین دەربارەی تیپی تەمسیلی ئێستگەی کوردی ، کە کاربەدەستانی ئەو گۆشە زیندەیان فەرامۆش کردووە و هیچ لایەکی لێ ناکەنەوە . ئێمە لە کاتێکا دەنگمان ئەدەینە پال دەنگی کاك حەسەن جەباری ، داواش لە کاربەدەستانی ئێستگەی کوردی ئەکەین کە ئاوڕێکی تەواو لەو گۆشەیە بدەنەوە ، بە تایبەتی کە ئێستا جوولانەوەیەکی هەست پێکراو هەیە لە کوردی هونەری کوردی یار تیپی تەمسیل و موسیقای سلێمانیش توانایەکی فرە باشیان هەیە لە هەلسووڕانی ئەو گۆشەیەدا .

**دەمەتەقێکەی کالام .ئارام** هەرچەندە شتیکی جوان و بەسەندە بەلام ئەبێ کاک ئارام ری ئەوەمان بدا کە بلیین ئەو جورە لاوە سەر لێ شیواوانە ، سەریان لی تیک چووەو ریگای خزمەتکردنیان وون کردووە کاتی دینەوە هوشی خویان پەنجەی پەشیمانی ئەگەزن و فرمیسکی بیولەتی ئەریژن ، بویە داوای لی ئەکەین کە خو بەو جورە کەسانەوە خەریک نەکا لەمەودوا شتی باشترو بایی بەکەلکترمان لی بگەرەکە .

**ن.ع لە سلیمانییەوە داوای دوو شتمان لی ئەکا یەکەمیان** تەدمفە کردنی ئەو عەرەبانانەی کە وولاغ رایان ئەکیشی لە هەندی لە شەقامەکانا و دووەمیان پیویستی پاکوتەمیزی باخچەی گشتییە .. ئیمە پالپشتی هەردوو داواکاریکەی ئەکەین گەر بو یەکەمیان دووبارەعارەبانچیەکان ئەمجارە نە هەتبکە ترین مانگرتن هەلنەسن .. بەلام ئیمە ئەیش داواکارییە یەکی بچووکمان لە تویە .. ئەویش ناوونانیشانی خوتە ، ئایا لەگەلمانای ؟

**کریکار لە سلیمانییەوە** نامەیەکی بو ناردووین ، تیادا بە خیرهاتنیکی گەرمی رزگاری ئەکاو پی خوشی خوی دەرئەبری بەرامبەر ریرەوەکەی و ئەلی لە ژمارەی یەکەمی رزگاریا دەربارەی کوچرەوی لادیکان بو شار چەند شتیک نووسرابوو کە هەمووتەواون بەلام شتیکی گرنگ بیرکرابوو ، ئەویش باری ئیستای ئەو لادییانەیە کە کەوتوونەتە ژیر سایەی چەتەکانی مەلاوە ، لە سالی ٩٦٤ وە تاکوو ئیستا ئەو چەتانە ئەو لادییانە ئەرووتیننەوە .. دوایی دیتە سەرئەوەی کە خوی یەکیکە لەو کەسانەی کە دییەکانیان چول کردووەو روویان کردوتە شارو زوربەیان بە ژیانیکی کوللەمەرگی ئەژین .. وەهەروەها ئەلی کە لەوسالەوە هەتا ئیستا شارەکانی کوردستان بە شیوەیەکی هەستپی کراو سەرژمارەیان زیادی کردووە کە لە کاتیکا لە پیش ئەو سالەوە خەلکی لە شارەکانەوە بە هەزارەها روویان ئەکردە لادیکان و لە ژیر سیبەری شورشی کوردستان جییان ئەبووەوە. ئیمەش ئەلیین ئەمە یەکیکە لە هەزارەها جیاوازی شورشی کوردایەتی راستەقینەوچەتەگەری چەتەکانی بارزانی؛ کە کومەلانی کوردستان بەچاوی خویان ئەی بینن ، سوپاس بو تو هەموو کریکاریکی دلسوز .

**کاک ئاسراو کتیب فروش لە شەقامی مەولەوی** نامەیەکی بو ناردووین لە پاش دەربرینی هەستی خوی بەرامبەر رزگاری ، ئەلی نازانم بوچی هونراوە ئەوەندە بایەخی پی نەدراوە لە گوڤارەکەماندا ؟ پاش سوپاسی هەستی کاک مارف پیی ئەلیین : براله بەرخوردانی تەنها چاوپیاخشاندنیکی ژمارەکانی رزگاری بوت دەرئەکەوی کە هونراوەبایەخیکی تەواوی دراوەتی و

چەند لاپەرەیەکی بو تەرخان کراوە ، ئەمە لە کاتیکا کە ئیمە ئەمانەوی جوانترین هونراوە هەلبژیرین بو خوینەواران ، چونکە گەریتو ریی هەموو هونراوەیەک بدەین ئەوا ئەبی ناوی گوڤاری لەسەر هەلگرین وبیکەین بە دیوانی .. پارچەهەلبەستەکەی سروودی مروڤایەتیش پەسەند کرا وبلاوکردنەوە .. هەلبەستەکانی شاعیری لاو عثمان عوزیریش لە دەرفەتیکی نزیکا ریی بلاوکردنەوە ئەگرن وەک لە ژمارەی پیشوودا بەلینمان دابوو بە خوینەواران .

**خوشکە ئەستیرە لە سلیمانی**یەوە نامەیەکی سەیرو عەنتیکەی بو ناردووین بەختەکەی ئەوەیە داوای بەشی ئافرەتانمان لی ئەکا .. خوشکە ئەستیرە ئەوە عەرزو ئەوە گەز وا بەشیکمان بو ئافرەتانی کوردستان تەرخان کردچاوەریی هیمەتتانین .

**لە دلسوزی گوڤار کاک وانا وە** نامەیەکمان بو هاتووە تیادا چەند پیشنیازیکی داوای کردووین ، هیواداریین ئەوەی پەسەند بی بە پیی بکری ، سوپاسیش بو کاکی دلسوز .

**ص . ئازاد** وتاریکی دەربارەی « قوتابیان و پشووی هاوین » بو ناردووین تیادا **داوا لە قوتابیان ئەکاکەبە** شیوەیەکی ریک و پیک وزانیاریانە پشووی هاوینیان بەرنە سەر .. ئیمە لەگەل ئەو بیرە جوانەی کاک ئازادین بەلام لەبەر ئەوەی زور لەم بابەتەوە نووسراوە بە پیویستیمان نەزانی بلاوی بکەینەوە .

**محمد شریف کوردە** وتاریکی بو ناردووین لە ژیر ناوی ( ناوی جگەرگوشە کانمان بە چ ووشەیەک ناو بنیین ؟ ) باسەکەی شتیکی پەسەندە بەلام لە سەر ئەم باسە چەند کتیبیک دانراوەلەبەر ئەوە بە پیویستمان نەزانی بلاوی بکەینەوە هیواداریین کاکی کوردە وتاری بەنرخترمان بو بنیری .

**ماموست کەریم زەندی سکرتیری کابینەی ماموستایان لقی سلیمانی ووتاریکی** سوپاسنامەو ریپورتاجی ئەو گەشتەی بو ناردووین کە تیپی وەرزشی نیقابەی هەلسان بو شارەکانی یا قووبەو حیللە، تیادا باسی ئەو پیشوازییە گەرم و گوورە ئەکا کە کاربەدەستانی ئەو دووشارە بوی هەلسان بەرامبەر بەوتیپە ، هەرچەند ئەبوایە ماموستا زەندی ئەم ووتارەی بە عەرەبی بنووسیایە بو روزنامەی ( النور ) تاکو هەستی خویان بەرامبەر بەو برایانە دەربریایە کە عەرەبن ، بەلام بەداخەوە کاتی ناردنی بو رزگاری کاتی بلاوکردنەوەی بەسەر چووبوو بە هیواین کە کابینەی سلیمانیش لە کاتی سەردانەکەی ئەوانا بو سلیمانی کە بریارە هەقیان بو بکەنەوە ،



**کاك محمد امین مام کریم**: نامەیەکی پڕر ناسوری بو نووسیوین دەربارەی بەسەرهاتی ئەوجووتیارە بەسەزمانانەی کە تووتنەکانیان ئەبەن بودایرەکانی ئینحصاری تووتن ، چون رەنجی سالیان بە فیرو ئەروا بە دەس ئەو کەسانەوەی کە فیری رووتانەوەی ئەو جووتیارانە بوون ، هیوادارین لە دەرفەتیکا ووتاریکی دووروودریژ لەم بارەیەوە بنووسین . ( ئەوی ناسرە وداخە هەڤال حمه امین دوای ناردنی ئەم نامەیەی شەهید کرا لە مەیدانی شەرەفی پیشمەرگایەتی)دا .

**کاك غنی رشید**: نامەیەکی بو نووسیوین تیادا هەستی خوی بەرامبەر رزگاری و دیدەوە شورشگیرەکەی دەرئەبری ولیمان ئەپرسی کە ئایا گەر ووتاری گورراو بنیری بوی بلاوئەکەینەوە ؟ ئیمە چەند جاریك دوو باتمان کردوتەوەکە ئامادەین بو بلاوکردنەوەی ووتاری هەموو کەسیك بەبی جیاوازی بە مەرجی ئەو ووتارە لەگەل ریرەوی گوڤارەکەمانا بگونجی ، زور سوپاس بو کاك غنی وچاوەری ی بەر هەمەکانین ..

**ماموست رشید صالح لە سلیمانییەوە** : ئەلی « جیاوازی خیانەتە » باسی رەوشتی چەند کاربەدەستیکی مسری ئەکا کە چون کاروباری خەلکی رانا پەرینن و بە چاویکی جیاواز سەیری خەلکە کە ئەکەن ، ئیمەیش هەست بەم کردەوە ناراستەئەکەین و ئەلیین لەم بیروکراتیەتەی کە رەگوریشەی بوگەنی دا بەستووە پیویستی بە دەستیکی پولاینی شورشگیرانە هەیە بو هەلتەکاندن و تەفرو توونا کردنی بو ئەمەش چاوەروانی کاربەدەستانی تازەی عیراقین .

## چیروکی کورت

* **ماموست عبدالله حمید لە کەرکوکەوە** دوو کورتە چیروکی بو ناردووین ، یەکەمیان بە ناوی « تاوانی خوم بوو » دووەمیشیان « بەشەست دینارکی ئەبەوی ؟ »

* **نیشانەی لاویکی بە وەفا** ناونیشانی کورتە چیروکەکەی کاك ن. قادرە کە پیشکەشی گوڤارەکەمانی کردووە .

* **کاك عبدالحمید محمد الجباري** چیروکی « قالەی قالەو سالە » ی بو ناردووین .

* **عبدالرزاق بشدەری** چیروکە ناونیشانی « کاوەی شەهید » .

* **« ئەو هیوایەی گەراوە »** ناوی چیروکیکە لە بەغدا وە کاك احمد محمد کاکەسوور بوی ناردووین .

* **کاك ئەمین پولا لە سلیمانییەوە** چیروکیکی لە ژیرناوی بو نووسیوین .

بو هەموو ئەم برایانەمان ئەلیین کە چیروك نووسین هونەریکی تایبەتی و زانینیکی شارەزای ئەوی ، بە تایبەتی کورتە چیروك کە ئەمرو خەریکە پیش هەموو بابەتەکانی تری ئەدەب ئەکەوی وبەرەو پوپە ئەبیتەوە . بویە ئەم جورە چیروکە پیویستی بەمەرجی تایبەتی خوی هەیە، وەك کاتیکی تایبەتی کەم واتەگیررانەوەی ئەو چیروکە لە ماوەیەکی تایبەتیا ، چونکە گەریتو لەوە تیپەری کرد ئەوە لە چیروکی کورت دەرئەچی ، هەروەها مەرجیکی تری کورتە چیروکی سەرکەوتوو ئەوەیە کە پیك هاتبی لە رستەی کورت وپرمانا وزنجیرەکانی بە یەکەوە بە شیوەکی کارامانە ئەمەیجگە لە بابەتی کوت و پری « عونسری مفاجئه » کە ئەمەخوی لە خویا تام و لەزەتیك ئەدا بە خوینەرەکە چیروکی دریژو داستان ئەو تام و لەزەتەی کەمترە ، ئەمانەو چەند مەرجیکی تر بەداخەوە لە چیروکەکانتانا کەمتر دەرئەکەون **بویە داواتان لی ئەکەین کە زیاتر خوتان بەنووسینی چیروکەوە خەریك کەن و زور لە بارەی هونەری چیروکەوە بخویننەوەو سامانیکی باش پەیاکەن بە خویندنەوەی چیروك نووسەکانی عەرەب و بیگانە ، هەروەها داوا یشتان لی ئەکەین کە ئەوەنە بەلای باسی ناسورو پرغەم خەفەت نەرون چونکە ئەو بابەتە کلاسیکیانە ئیستە باویکی ئەوتویان نەماوەو بەرەو نەمان ئەرون . نووسینی پیشکەوتوانەی ئەم چەرخە بەختیاری و کامەرانی و شادی ئەدەن بەدل و دەروون .. خویندەوارانی گوڤارەکەمان چاوەروانی بەهەرمە تازەکانتانن ..**

« گاوە »

• كورته چيروك

# دەرابە چەورکەرەکە

طاهر صالح سعيد

دەمەو نيوەڕو بوو بە كاريك لام دابـــنە دووكانەكـــەى حاجي (ف) ي بازرگان ، ئەو حاجي‌يەي بە مانگ زەردەخەنە توخنى ليوەكاني نەئەكەوت‌و رووخوشى لە دەم‌و چـــاوە گرژو مونەكەيدا تورا بوو .

ئەوەي كە پەيوەندي هەبو بە كارەكەمـــەوە خەريك بووم لە گەلما ئەبرانەوە لـــەو كاتەيا منالیكى لاوازو بى قوپاوى بەرگ شر بە خوي‌و سەتلیكى بچوك‌و داريكى دريژەوە لەبەر دەممانا قوت‌بوەوەو بە حاجي ووت :

* مامە حاجي دەرابەكەت بو چەور كەم ؟

حاجي خوي كە بە هەموو قـــەيـــەك وەك ڤيشەكە شيتە ئەچوو بە ئاسمانا هەر كـــنە گوى‌ي لە داواي منالەكە بوو هـــەر ئەوە بوو سەري هەل نەكەنى .

دواي ئەوەي سەرنجيكى بە مورەوە دا ئينجا بە رەقيەكەوە پي‌ي ووت :

* برو روله بە رى‌ى خوتەوە لەوە ئـــەچى پارەى سينەمات لى‌برابى ؟

دواي لەوەى تفيكى قووت دا كەوتەوە قسە لەگەلما :

* ئەمانە ئيشيانە هەر كـــە پارەي شيرە خەت‌و سينەمايان لى ئەبرى گورج پەنا ئەبەنـــە بەر ئەم سەتل‌و دارەو سەر ئەكەنە سـەر ئەو خەلكەو بەهەر دوكانيك ئەگەن ا دەرابـــەكەت چەور ناكەى ؟ ) ئازانم دەرابە بوو بە چى ؟ من ئەم‌پيشوە هەموو روژيك دەرابە چەوركريت ، سالى جاريك خراب نى‌يە ، كەچى ئەمانە هـــەموو ساتيك وەكوو سوويان بو هەلگروزينن لـــەبەر اووتي ئيمەدان .

منالەكە بە قـــەكاني حاجي رەنگى ســوور هەلگەراو دلى پر بوو ، بە كزولەيەكەوە هـــاتە قسە :

* مامەحاجي پارەي ئيمە بو سينەما نى‌يەو بە فيرو نادرى ؛ ئيمە ئـــتـــەوەندەمان دەس ناكەوى پى‌ى بژين ، گەن بهاتايەو بت زانيانـــە ئەم دەرابە چەوركردنە ژيان‌و دەرامەتى چـــەند كەسى لەســـەرە هەرگيز ئەوەت پى نەئەووتم .

حاجي روو لوچ‌و بى بەزەيي لە جيـــاتي ئەوەي كە ئەبوايە قـــەكاني ئەو منالە هـــەژارە كاري تى‌كردايەو دلى پى‌ى بســووتايە كەچي بە پيچەوانەوە شيت گير تري كرد بويە بـــە تەوسيكەوە پى‌ى ووت :

* ئەي ئەوە نى‌يە پينج شەش سەر خيزاني پى بەخيو ئەكەيت ؟

منالەكە پاش ئەوەي ســـەيريكى منى كرد وەك قـــەكاتيم بە دلا چووبى لاي وابوو بويە لە جارى پيشوو ، ووشـــەكاني باشـــتر بو ريك ئەخرا :

* مامە حاجي پينج شەش سەرخيزان نا ، بەلام بروات بيت ژيانى چوار سەر خيزان لـــە سەر ئەم ئيشـــەى منە .

* باشە كە كوريكى ئەوەندە لى هـــاتووى بوچى ناچيت كاريكى كە بكەيت ، بە دەرابـــە چەوركردن چيت دەس ئەكەوى ؟

* مامە حاجي هەر كاريكى كە بكـــەم دەس مايەى ئەوى كيش هەيە لەم روژەدا بلى ئـــەوە دە پانزە دينار بجو ئيشيكى پيوە بكە ؟ ئەوەتـــا يەكيكيان جەنابتى ئەم ئيشـــەم پى رەوا نابينيت كە بە هويەوە چوار كەسى برسى‌و رەش‌و رووتى پى بەخيو ئەكەم .

منالەكە لە سەرى رويشت دواي ئـــەوەي هەناسـەيەكى ســـارد و سرى تيكەل بـــە هەنسكەكانى كرد :

* بەخوا راستە ئەلين هـــەژار بو مردن دباشە

قسەكاني ئەو منالە يەكجار كـــارايي تى گردم‌و دەمە دەميەكەى حاجيم زور بـــەلاوە بى كەلك بوو بويە پيم ووت :

* حاجي گەر دەرابەكەي پى چەور ناكەيت وازي لى‌بينە با بروات بە لاي كاري خويەوە ، حاجي كە زانى حەز بەو ريس‌و گوريسەى

ئەو ناکەم کە لەگەل ئەو منالەدا ئەی ریسی وینیتی وا خوی نیشان دا کە ئەو بە تەنگ پارەوە نی‌یە ، ئەوەندە نەبیت کە لەوە گومان ئەکات ئەو منالە بویە ئەو کارە بکات تا هەندی پارە پی دەس کەوی‌و لە پیناوی مەبەستیکی منالانەی خویدا بە فیروی بدات ، بویە گورج دەستی بردو لە باخەلیدا کیسە دریژەکەی دەرهیناو دوای کردنەوەی گریکانی دە فلسی خستە چنگی منالەکەوەو پی‌ی ووت :

※ ها ئەوە دە فلس‌و ناشمەوی دەرابەکەم بو چەور کەیت ، بە مەرجیك برویت‌و لە کولان بیتەوە .

منالی تاین هەر کە چاوی بە فلسەکەی دەستی حاجی کەوت دەم‌و دەست زەردەخەنەیەکی شادی‌و سەرکەوتن پەری‌یە سەر لیوەکلنی‌و بە سەر دەستی مراخانی‌یە روناوی یەکەی فرمیسکەکانی سری‌و پی‌ی ووت :

※ هەروا لیت وەرناگرم گەر دەرابەکەت بو چەور نەکەم .

حاجی دوای توزیك بیر کردنەوە سەرنجیکی قوولی لی دا ئینجا وەکو هاتبیتە سەر ئەو بیرەی کە نەیەوی دە فلسەکەی هەر وا بە فیرو بروات پی‌ی ووت :

※ باشە بزانم چونی چەور ئەکەیت ؟

منالەکە کت‌وپر سەتلەکەی دەستی داناو سەیریکی دارەکەی کە بە هەندی پەرو پیچابووی لە رونەکەی هەلکشا دوای ئەوەی کەمیك چاوەروانی کرد تا چورایەوە ئینجا قولی لی هەلکالی‌و دەستی کرد بە چەورکردنی دەرابەکە ، دوای ئەوەی لی بوەوە دەستی دایە سەتلەکەو دارەکەشی خستە بن دەستی‌و یەك دوو هەنگاو لە حاجی هاتە پیشەوە تا بە تەواوی لی‌ی نزیك بوەوەو پی‌ی ووت :

※ بە زیاد بی مامەحاجی خوانەی بری کورە خەریك بوو بروا پیم ووت :

※ بە راستت بوو کە ووتت چوار سەر خیزان بەو ئیشە بەخیو ئەکەیت .

※ باوەرتان بی درو ناکەم

دوای نەختیك بیر کردنەوە بەخوا لەوە ئەچی بروام پی نەکەن ، بەلام رەنگە گەر هەموو شتیکتان ئاگادار کەم ئەو کاتە راستی قسەکانم بسەلمینن .

لورج پیم ووت نا بروا ئەکەین بەلام ....

وا دیاربو کورە حەزی بەوە ئەکرد کە لە بازەی خویەوە شتی بدرکینی بویە پاش یەك دوو نەرمە کولە سەتل‌و دارەکەی دەستی داناو خوشی لە تەنیشتیانەوە چیچکەیەکی بو کردو ووتی :

※ لەو کاتەوەی چاوم کردوتەوە دایك‌و باوکی خومم نەدیوە وەك ئەلین باوکم جوتیاریك بوە لە دی‌یەك لە دیهاتەکانی ناوچەی (پ) یەکیك بوە لەو جوتیارانەی کە بە دروو دەلەسەی ئاغای ناوچەکەیان نەخەلەتاوە ، بە پیچەوانەوە کوسپیکی گەورە بوە لە ریگەیاو هەمیشە کارە نالەبارو ئیشە چەوتەکانی لەناو دانیشتوانی دی‌کەو ناوچەکەو برا جوتیارە رەش و رووتەکانیا باس کردوەو ئامادەی کردوون بو تولە سەندن بی ئەوەی هەرگیز گوی بداتە هەرەشەو گورەشەی ئەو زوردارە ، بی‌گومان ئەمەش لە سوودی ئاغاکەیان نەبوە بویە لە هەلیکدا لە ناوی بردوە .

( لە قسە قوتەکانی کورە سەرم سوور ئەماو زیاتر لی‌ی نزیك ئەبوومەوە ) دوای ئەوەی تفیکی قووتدا کەوتەوە قسە ...

بە دوای لەناو چوونی باوکم دا دایکم دی‌کەمانی جی هیشتوەو هاتوتە شار ، بە برنج پاکەری‌و نان کەری مالان ئەمانی ژیان پیش ئەوەی ئەویش کوچی دوایی بکات خوشکیکمی لیرە داوە بە کوریکی کریکار ئیتر لەو روزەوە بە هەردووکیان رەنجیان داوەو خویان ماندوو کردوە لە پیناوی ژیانیکی کولەمەرگی‌دا بو ئیمەی کلول ...

ئا لەم کاتەیا سەرنجیکی حاجیم دا ئەبینم چارەی لەبەر لوچ و گرژی هیچی تیا بەدی ناکری ئەوە نەبی .. کە سەیری بە قسە ریك‌و پیکەکانی کورە ئەهات‌و واقی وور ئەما ...

پیش چوار سال لە مەوبەر دایکیشم کوچی دوایی کردو لەم جیهانەدا بی دایك‌و باوك مانەوە ، ئیتر بە دوای ئەمەدا بە سەر ووردگی زاواکەمانەوە بووین تا دوو سالیك لەمەوبەر کە ئەویش لە ئەنجامی چەوساندنەوە ماندووبوونیکی زوروا گیرودەی دەردیکی گران‌و نالەبار بوو تا دوای چەند مانگیك ئەویش جی‌ی هیشتین لە کاتیکدا کە کەس نمیا نانە ووشکیکمان بو پەیدا کات‌و لە دەست شالاوی

برسیتی رزگارمان کات .

بەدوای ئەو کوسپانەدا گرودەی هەژاری و نەبوونی یەکی بی بەندازە بووین ، زور شەو و روزمان بری و ئیمە سکمان هەلگوشی تا سە ناچاری من هەستام کە منالی گەورەین بووم و دەستم دایە ئەم سەتل و دارەو کەوتمە ئیش‌کردن تا بە هویەوە بتوانم ژیانیکی هەژارانە بو خوم خوشکەکانم و خوشکەزاکانم پیك بینم و لە داوی برسیتی و مردن رزگـــــرمان بیت . ژیانیکی مەمەو مەژی ، ژیانیك وەکو ژیانی ئەم هەموو هەژارانەی ئەیان بینین ... ئیتر ئەوەتا کە ئەی‌بینی لەو روژەوە ئەم ســەتل و دارەم کردوتە مایەی ژیانمان و گەلیك شادین بەو بەشە کەمەی خوا داوینی . تەنهــــا ئەوەی منی دل گران کردووە ئەوەیە زور کــــــەس وا تی گەیشتوون من بویە ئەم کارە ئەکەم تا بە هویەوە شتیکی پی پەیدا کەم و لە پیناوی هەندی شتی بی‌کەلك و منالانەدا لە ناوی بەرم .

لیرەدا پشوریەکی بو داو پاشان لەســەری رویشت و ووتی :

※ خو ناهەقیشیان نی‌یە چووزانن من چوار سەرخیزانی کلولی پی بە خیو ئەکەم .

لەم قسانەدا بوو کە لە پر راچلەکی وەکو هەستی بەوە کردبی کە ماوەیەکی زوری یــە فیرو داوە بی ئەوەی شتیکی پەیدا کردبیــت بویە گورج دەستی دایە سەتل و دارەکەی و بە سی چوار هەنگاو خــــوی گــــەیاندە لای دو کاندارەکەی ئەوبەر حاجی تل پی‌ی بلی : دەرابەکەت چەور ناکەیت ؟ ..

**السيد صابر علي معاون سائق الكائن في بلدية بينجوين المنسب في بلدية سيد صادق**

## اخطـــــار

بناء على تغيبك من وظيفتكم منـــذ يوم ٨-٧-٩٦٩ كما جاء بكتاب رئاسة بلدية سيد صادق ١٤٤ في ٢٢-٧-١٩٦٩ .

لذا نخطرك بوجوب التحاقك بالوظيفة خلال مدة ثلاثون يوما اعتبارا من تاريخ نشر هـــذا الاخطار في الصحف المحلية والا فسوف تعتبر مستقيلا من الخدمة وفقا لاحكام الفقرة (٢) من المادة السابعة والثلاثون من قانون الخدمـــة المدنية رقم ٢٤ لسنة ٩٦٠ المعدل .

حاجي رسول محمد

و. متصرف لواء السليمانية

## فقـدان وصولات

لقد فقد من المدعو فـــرج سعيد محمد عضو جمعية بناء المساكن التعاونيـــة لموظفي ومستخدمي البلدية المدرجة ارقامها وتواريخها ادناه يرجى ممن يعثر عليها تسليمها الى محاسب الجمعية وله الشكر .

| المبلغ فلس دينار | رقم الوصل | التاريخ |
|---|---|---|
| ٢ ٠٠٠ | ٧ | ٤-٤-١٩٦٦ |
| ١ ٠٠٠ | ٤٨٠ | ٢-٥-١٩٦٦ |
| ١ ٠٠٠ | ٦٢٤ | ٤-٦-١٩٦٦ |
| ١ ٠٠٠ | ٩٣٠ | ٥-٩-١٩٦٦ |
| ١ ٠٠٠ | ١١٥٢ | ٣-١٢-٩٦٦ |
| ١ ٠٠٠ | ١٦٣٥ | ٣١-١-٩٦٨ |
| ٧ ٠٠٠ | | |

## أعـــــلان

التسلسل ــ ١٢٤٧

المحلة ــ دركزين

سيجري تسجيل فضلـــة الطريق ذات التسلسل ١٢٤٧ الواقعة في محـــلة دركزين مجددا باسم رئاسة بلديـــة السليمانية وباعتبارها ملكا صرفا فعلى من يدعي خـلاف ذلك مراجعتنا خلال ثلاثـــين يوما من تاريخ اول نشـــرة مستصحبا مستنداته .

جهاد بكر القصاب

و. مدير طابو لواء السليمانية

## اعـــــلان

بمناسبة وفاة حمـــه صديق قادر سعيد وتحرير تركتـــه فعليه نعلن بهذا لمن له علاقـــة او ادعاء بالتركة المذكـورة ان يراجع المحكمة المختصة لاثبات ادعائه خلال خمسة عشر يوما اعتبارا من تاريخ نشر هـــذا الاعلان .

ابراهيم عمر

قاضي السليمانية

## أعـــلان

التسلسل ــ ٧٧٥

المحلة ــ كانيسان

سيجرى تسجيل فضـــلة الطريق ذات تسلسل ٧٧٥ الواقعة فى محلة كانيســـكان باسم رئاسة بلدية السليمانية باعتبارها ملكا صرفا فعلى من يدعي خلاف ذلك مراجعتنـــا خلال ثلاثين يوما من تاريـــخ اول نشـــــرة مستصحبا مستنداته .

سعيد شفيق

مدير طابو لواء السليمانية

تێگەیشتنێکی نوێ

# کورتە هەڵبژاردەیەك لە فەلسەفەی مارکس

## NEW WORLD AND NEW OUT LOOK

وەرگێڕانی : بکر حسین

## پاشماوەی باسەکانی پیشوو
## لە یاسا سەرەکی یەکانی دیالەکتیکی مارکسی

**١ ـ یاسای گـــورانی چەندایەتی بو چونایەتی**
**چەندایەتی و چونایەتی چین ؟**

چەندایەتی : شـــتودەرکەوتوەکان بە ژمـــارە ، ئەندازە ، وقەوارە .. هتـــدیاری ئەکا

چونایەتی پەیوەندی هەیـەبەپیکهینەرەکانی شـــتەوە و بەمەبەستی بەکارهینانی یەوە، چونایەتی خاسیەتە سەرەکی یەکانی شت دەرئەخا واتـــەلەچی پیك هاتوەو بوچی بـــە کەڵبەت .

بەلام ئایا گوران لـــەچەندایەتی شتیك‌دا ئەبیتـــە هوی گورینی چونایەتی یەکەی؟بو ئەو تی‌بینی ئەوە بکە

بو دروســـــت‌کردنی ئیستگەیەکی هایدرولیلکتریك لەسەر روبارێـــــــك بوبەربەست‌کردنی ئاوەکە بـــە سەددیك یەکەم دارشـــتنی بەردو کونکریت هـــــەروا ئەرژیتە روبارەکەوە وە تـــائەوکاتە هیچ سەددیك نیـــە وەهەروەهـــــا دوی دوەم‌وسی‌یەم‌و چوارەمیش بـــەلام دوای دارشتنی بریکی ئەوەندەزور کە کار بکاتە ســـــەر هاتوچوی ئاوەکە

وەیان دوای دارشـــتنی بریکی وا کە ریگا لەئاوەکـــە بگریت لەو بوارەدا ئـــــەوەئەگەیەنیت کە ئاوەکە بەربەســت کرا واتە بەردو کونکریتەکان بوون بە (سەد) ئـــەوەی کەروی‌دا ئـــــەوەبو : دوای گورینی چەندانەی ئەوشتانـــە (ئەو بابەتانە) لە ســـــنوریکی دیاری کراوا ئـــــەیان‌توانی چونایەتی یەکی نوی (کەلیرەدا سەدد بوو ) دروست بکەن ، بەلام هەر ئەوەندەی کـــــەگەیشتنە ســـــنوری (رادەی) پیویستو لەوە تی‌پەریـــــن‌گورینی چەندانەی شتەکـــان (بابەتەکان) بوەهوی دروست‌کردنی چونایەتی یەکی نوی . واتە بریکی تایبەتی (چەندیکی تایبەتی) لە بەردوکونکریـــت کرانە ناو ئاوەکەوە کوبـــونەوەیەکیکیان بەست ولەدوایی‌دا بوە هوی بنیاتنی سەددیك .

ـ بەوەی سەرەوەدا ئیمـــــەئەگەینە ئەو ئەنجامەی کـــە ئەگەر گورانی چەندانەی هەرشتیك با (بەتیك) روبـــدات تاکتیکی دیاری‌کراو هیـــــچ‌گورانیکی چونانە دروســـت نابی ئەگەر ئەوە لەســــنوریکی‌دیاری کراوا بیت وە ئـــــەو بابەتە هەروەکو خـــــوی‌ئەمینیتەوە .

بەلام هەر ئەوەندەی لـــەوسنورە تی‌پەری گـــــورانی چەندانە ئەبیتە هوی کارکردنەسەر باری چونایەتی بابەتەکە وەچەندایەتی ئەگوریت بـــوچونایەتی

گرنگی یاسای گواستنەوەی‌چەندایەتی بو چونایەتی لـــەو راستیانەدایە کە یەکەم‌جـــارگورانی چەندانـــــــەی وا کەتی‌بینی ناکریت بە کوبونـــەوەی بەرەبەرە لە پلەیـــەك‌دا ئەگاتە گورانیکی چونانـــــەی‌بنچینەیی بەو ئەنجـــــامەوە کەچونایەتی کونی بابەتەکە گوم‌ئەبی‌و چونایەتی یـــــەکی نوی پەیا ئەبیّ . بەلام ئابـــــــاگواستنەوەی چەندایەتی بـــو چونایەتی چون روئەدات ؟

بی گومان تو تی‌بینیـــــت‌کردوە کەچون ئاو ئەکولیـــت بەکەم جار ئاوەکـــــە توزی‌گەرم‌تر ئەبیت دواجـــــار دەرەجەی گەرما بەرز ئەبیتەوەتا ٥٠، ٦٠، ٧٠(سەنتی‌گرەیلـ مئوی ) بەلام ئاوەکە هەر ئاوەراستە چەند گورانیـــــك رووی‌داوە بەلام ئەوەندەنا کـــەچونایەتی ئاوەکە بگـــوریت و ( لەوە زیاتر بــــــــەئاوی‌ئەمینیتەوە ) بەو شیوەیـــە ئاوەکە بەردەوام ئەبیت تـــا(٩٩)درجە ئەوجا کـــــــە گەرمایی یەکەی یەك دەرەجەی‌کە بەرز ئەبیتەوە دەست ئەکا بەکولان‌و ئەگوریت بـــــــو(هەلم)

گورانی چەندانەی دەرەجەی‌گەرمایی ئاوەکە بوە هـــــوی پیك‌هینانی چونایەتی‌یەکی نوی‌ـ ئاوگورا بو هەلم ـ . واتـــە (عملیـــــەی) «پروسیس» (١)گواستنەوەی چەندایەتی بـــو چونایەتی لە پیشـەوە بەهیواشی‌کارئەکا ، گورانی بەرەبـــەرەی چەندانەی ئامادەکەری روئـــەدات بەلام کە بریکی تەواو لەو گورانە چەندانەبە کـــوبوەوە ،گورانیکی چونانەی کتوپروخیرا روئەدات بەم گواستنەوەیــــــەئەلین‌ـبازدانـ (لیپ ـبازدانـ کاتی گواستنەوەیـــەبو چونایەتی‌یـــــەکی نوی . گواستنەوەی چەندایەتی بـــوچونایەتی لە نیوان ـبازدانـ وە روئەدات بەم شیوەیە لـــەئەنجامی کوبونەوەی چەندانەی

عنصریکی دیاری‌کراو ، باری چونایەتی یەکی نوی پەتەکایەوە .

ئەمە لەزور روداوەکانی‌ژیان‌دا روون ئەبیتەوە داستانیکی کون هەیە لەبارەی‌فەرمان رەوایەکەوە کە ویستویەتی پیشانی بدات‌چەند پیویستە ئەمارەتەکان هەموو یەك‌بگرن لەیەك دەزگای‌دەولەتی وادا کە لەتوانایا بیت بمینی وپەرەبسینی . ئەمەی بەهوی دەسکە چیلکە یەکەوە پیشان‌دا ووتی ئەگەر سەیری هەموو چیلکەیەکی دەسکەکە بکەیت ئەبینی زوربەئاسانی ئەتوانری بشکینری بەلام هەمودەسکەکە واتە هەموو چیلکەکان پیکەوە هەرگیز لەشکاندن نایەن(ناشکین)

ئەمە نمونەیەکی سادەی گواستنەوەی چەندایەتی یە بو چونایەتی وە پیشان دانیکی‌چاکی ئەوهیزە گرنگانەیە کە لەباری چونایەتی یەوە پیك‌دین‌لە ئەنجامی کوبونەوە وکوکردنەوەو یەکگرتنی بڕیکی‌پیویست لەو هیزانەی بچوك ڕن .

**دوو جور لە گەشەکردن**

گەشەکردن واتە گورانی‌پیشکەوتوانە .

بەوانەی پیشوودا بومان‌دەرکەوت کە ریبازی (پروسیس) گەشەکردن‌بەدووپلەدا ئەروات وبەدوو ـ شیوە لە کاردایە گورانیکی لەسەرخوو هیواشی چەندانە وگورانیکی خیراو بنەرەتی‌چونانە .

ئەو گورانە هیواشەچەندانەیە پی‌ی ئەوتری گورانیکی ـ ئیفولیوشنەری ( تطور تدریجی ) بەلام ئەو گەشەکردنەی‌گەشان بەشانی رەگو ریشە دەرهینانی کونە پی‌ی‌ئەوتری گەشکەکردنیکی شورشگیرانە

پەیوەندی چی‌یە لە نیوان‌گورانی بەرەبەرەی چەندانە لەگەل گورانی شورشگیرانەلە ریبازی گەشەکردن دا ؟

ئایا ئەتوانری ئەم دوو پلەیەجیاکرینەوە ؟ نەء ، ناتوانری بائەم دوونمونەیە تاقی‌کەینەوەوبزانین چی روونەدات کاتیك لەو دووپلەیە جیا کرینەوە .

* کە ریبازی شورشگیرانەلاببریت (ریفورمیزم)

( ریفورمیزم ریبازیکی‌سیاسی یە لەبزوتنەوەی کریکاران‌دا کەباوەری نیەبەپویستی خەباتی‌چینایەتی وشورشی سوشیالیستی‌ودیکتاتوریەتی پرولیتاریا بروای بەهاوکاری چینەجیاوازەکان هەیە بەو هیوایەوە کە بە چاك‌کردنی‌تەواو ، سەرمایەداری ئەگوریت بو کومەلیکی خوش‌گوزەران

ریفورمیستەکان ( واتە پەیرەوی‌کەرانی ریفورمیزم )

خەباتی شورشگیرانەی‌چینی کریکاران لائەبەن وهەول ئەدەن لەجی‌ئەو خەبات بونیمچە چاك کردن بیت کە کارناکاتە سەر بناغەی کومەلی‌سەرمایەداری . لنین ووتویەتی ریفورمیزمی‌بورجوازی خەلەتاندنی کریکارانە ، چونکە هەتاوەکو دوای ئەو چاك‌کردنانەش دەسەلات هەر بەدەس‌بورجوازی‌یەوە ئەمینیتەوە .

لەمە ئەوە ناگەبەنیت کەمارکسیەکان لەدژی هەموچاك کردنیك بن هەندی‌لەو چاك‌کردنانە بایەخیکی شورشگیرانەی گرنگیان هەیە‌بو نمونە چاك‌کردنی زەوی‌وزار کەبەرەبەرە بناغەی‌چەوساندنەوە هەل‌ئەتەکینیت . ئەوچاك کردنانەی‌کەکران لەچەند ولاتیکی ئاسیاو ئەفریقای رزگار بووچاك کردنی پیشکەوتوانەن ئەوانە دەسەلاتی کونی خاوەن‌زەوی‌یەکان هەل ئەتەکینن .

* گرتنی لایەنەشورشگیری‌یەکەی ریبازی گەشەکردن بەتەنیا کەباری‌سەرنجی پیچەوانەی ئەوەی پیشوە لەو کەمتر زیان بەخش‌ومیتافیزیکی نیە کە نمونەی گەرەلاوژی چی‌یەکان ئەنارشستەکان ) وهەموو چەپرەوە سەرچلەکانەخاسیەتی ناوکویی ئەمانە ( تکولیانە ) ، بروا نە کردنیانەبە (پروسیسە ئیفولیوشنە ـ ری‌یەکە )واتە لایەنە هیواش‌وچەندانەکەی ریبازی گەشەکردن .

بە پیچەوانەوە ئەوانە هەرئەو ـبازدانـە ئەزانن کە بەبی هیچ ئامادەکردنیك بیت ،بەبی‌کوبونە وەیەکی بەرەبەرەی هیزەکان کەئەمەش ئەنجامی‌بەفیرو چوونە .. ـبازدانـ پیویستە ئامادە کراو بیت لەلایەن ریبازی پیشوی گورانە چەندایەتی‌یەکان ( کەبەرە بەرەکوبونەتەوە ) وەکە لەپلەیەکی دیاری کراوا بەئەنجام دیت لەگواستنەوەیەك دا بو چونایەتی‌یەکی نوی ـبازدانـ وەکو میوە ئەبی پی‌بگات بویە پیش‌کاتی رونادات ئەگەر لەپیش‌دا ئامادە کردنیکی چەندانە نەبیت بو بەشە ( هیواش‌وبەرەبەرە ) کەی ریبازی گەشەکردن ئەوا ئەو (بازدان)ەبەنائاسایی وئامادە نەکراو ئەژمیردیت .

پەیوەندی‌یەکی زور توندهەیە لەنیوان بەشە شورشگیرانە و( هیواش‌وچەندانەکەی ) ریبازی گەشە کردن

نابی‌بیربکریتەوە لە بەشیکی‌بەبی‌ئەوی تری ، بەبی گورانی هیواش‌و بەرەبەرەی چەندانەهیچ گورانیکی پیشکەوتوانە (واتە گەشە کردن ) پیك‌نایەت . لە کردەوەدا پیویستە کرداری ئامادەکەری هیواش‌یەکخریت لەگەل چاك‌کردنە چونایەتی‌یە بنەرەتی‌یەکان‌گورانی شورشگیرانە ئەبی بەرەبەرە ئامادە بکریت‌لەریبازی ئیشی ریکخراوی روژ بە روژ دا .

ی گەیشتنی تەنیای شیوەتوندو تیژەکانی خەباتی شورشگیرانەو لابردنی شیوەهیواش وچەندالەکەی ئیشی ئامادەکردنی روژانە ئەمان‌گەیەنیتە گوشەگیری وهەلویستی چەپرەوەسەرچلەکان . رەوشتی شورشگیرانە ، ئازایەتی‌ونەبەردی مانای ئەوە نیە خوخزاندنە ناوکرداری‌سەرچلانە بیت بەبی ئامادە کردنیکی پیویست .

کرداری شورشگیرانە لەهەرشیوەیەکی دا ئەبی ئامادە

## بوزانسان

### عسکر سلیمانی

له هول مانکی اکتوبر ۱۹۲۰ لـه مانکانه عسکر سلیمانی زیادی رودەدا وك لای خوارو نوسراوه :

**سواری**

| | | |
|---|---|---|
| باشچاویش | جاران مانکی ۸۰ روپیة | بو لولا مانکی ۹۰ روپیة دەبی |
| چاویش | = | ٦٥ روپیة بو لولا مانکی ٧٥ روپیة دەبی |
| اونباشي | = | ٦٠ روپیة بو لولا مانکی ٧٠ روپة دەبی |
| وکیل اونباشي | = | ٥٥ روپیه بو لولا مانکی ٦٥ روپیه دەبی |
| نفر | = | ٥٠ روپیه بو لولا مانکی ٦٠ روپیه دەبی |

**پیاده**

| | | |
|---|---|---|
| باشچاویش | جاران مانکی ٧٥ روپیه | بو لولا مانکی ٨٥ روپیه دەبی |
| چاویش | = | ٦٠ روپیة بو لولا مانکی ٧٠ روپة دەبی |
| اونباشي | = | ٥٥ روپیه بو لولا مانکی ٦٥ روپیه دەبی |
| وکیل اونباشي | = | ٥٠ روپیه بو لولا مانکی ٦٠ روپیه دەبی |
| نفر | = | ٤٥ روپیه بو لولا مانکی ٥٥ روپیه دەبی |

**خواردن**

تا ایستا رسم وابو که له قشلەچیشتیان دەکردو عسکر خویان له چیشتخانه ایانکری . لولا امه کوردایم رنکه که عسکر وك پیشو له قشله دەخون روژی (۱۰) آنه له جیاتی‌خواردنیان دەدەن که له پیشو هرزانتر اکویت .

لو انه کەلەو مالیان هیەر لـەمالەوه دەخون روژی (۱۰) آنەیان لی ناسندریت . هر وختیکو له هرجیکاو شوینیك چیشتخانه ئەبیت روژی (۱۰) آنەله عسکر ورناگیریت .

**مانکانه خلعت**

هیچ کس که سالیك خلمتی کردبیو له امتحان تعلیم تفنك هاوشتنی بیته درەوه مانکانەی اومانکی (٥) روپیه زیاد دەکریت .

**جل**

سالی دو دست جلو کوش‌وکورەوی‌و شتی‌تریان بو دەکریت .

**آکرو چرا**

اوانه که دانیشتری قشلەن لـەهمو وختیکدا چراو آکر بو کرم کردنی اودەکان ایان دریتی .

**پیشکوتن سال ۱ ژماره ( ۲۳ ) ـ ۳۰ سیپتمبر ۹۲۰**

---

### بوزانین

ناوی سلیمانی تا ایستا لـەدفتری رسمی بغدادو جیکانی تر ( سلیمانیه ) یان دەنوسی . بە امروالی کوردا ناوی رسمی لواو شار لولا بە ( سلیمانی ) ناو دەبریت وانوسریت .

حاکم سیاسی

میجر سون

**پیشکوتن سال۱ ژماره ۱۲ ـ ( ۱٥ جولای ) ۱۹۲۰**

### سلیمانی

خلقی ام لوایه چه لبر کورەیی لواکەچه لبر اکا له یك ئەبون اونده شارەزای ترتیب حکومتی نسین .ایستا بی جیم ئەزانی که هنیك لـه بدویم .

ایش بەدەستەکان امانەن :

« حاکم لوا » لپاش حاکم لـواشش لفر حاکم قضاکان بم رنکەیه حاکم چمچمال ـ حاکم رانیه ـ حاکم‌البجه ـ حاکم قلعەدزه و پژدر بابکر اغا ـ حاکم قضای سلیمانی ـ حاکم‌شاربازیر رضا بك بکیکیش احمد بك عثمان پاشا قائممقام البجەیه .

۲. مدیر ناحیه ۹۷ له مالیەدا ۲٥له رژی ۲۷ له کمرك ۱۲ قاضي ۸ نورة مالیة له قضاکان ۱۳ مامور سال۱۰۸ له اجزای حکومت ۳٦۷ ظبطیه ۳۹٤ عسکر لکل ضابط ۷۷ پولیس۸ مهندس ۲۱ فراشس به هی ام لاو اولاوه اوانه خریکی ایشي حکومتن۱۳٤٦ نفره که ۱٥ انکلیس و ۱۳۲٤ کورد و ۱۰ هندین . مانکانه امانـەنه سالیکدا نو صدو نودو حوت هزارو ششصدو پنجا ( ۹۹۷٦٥۰ ) روپیەیه

**پیشکوتن سال ۱ ژماره ( ۳٥ ) ۲۳دیسمبر ۱۹۲۰**

### شر لکل عاصیەکانی ایران

طهران ۸ حزیران : شریکی گوره بوسید جلال که ۳۰۰ عاصی جنکلی ( ئن گیلان ) له شمالی غربی رشت‌لکلی بو لکل عسکری حکومت‌دا شریان بو . جلال یکیکه له یاریەدری اوکوچك خانه که چند سالیك عاصي بو امسال له زستاندا کوژرا .

امه هر چند حرکتیکی بچوکه بلامرنکه پله بسینیت اگر له هولەوه منع ئەکریت چونکه بولشویکەکان باکسو یاریەدەدن اوانیش بون که یاریه کوچك خان یان دا له هرای گورەی‌پیشوی گیلان دا .

**پیشکوتن سال ۳ ژماره (۱۱۳) ـ ۲۲ جون ۱۹۲۲**

### پیانقو

بمناسبت که ئمرەکی پیانقو که بەدەروپیەیه بو خلق کران اکویت . بناء علیه نمرەی به پینج روپیه کراوانیکه هرچی نمرەیان سندوه یك بدوه نمرەیان پی درا یم حسابه پینج‌صلع بیستی اصابت هفت صدو چلی خطابه .

محمد علی.

**پیشکوتن**

**( سال ۲ ژمارە ٥٥ ) ( ) رمضان۱۳۳۹ ۱۲ می ۱۹۲۱ )**

رزگاری مجلة اسبوعية عامة تصدر في السليمانية



## بروسکەیەکی پەلە

□□□□□□□□□□□□□□□□□□

* تاران ـ ئەعلاحەزرەت شاهنشاهی ئاریامیهر محمد رەزا شاهی پەهلەوی .

* کاکا حەمید ـ فەرماندەی چریکەکانی ئیران

شاهنشاهی مەزن ، بەپێویستی سەرشانم ئەزانم کە بەریزتان ئاگاداربکەم بەهاتنمان بو خاکی کوردستانی عیراق زور راستیمان بو ساغ بوتەوە ، لەوانە ئیمە تا ئیستا بە خراپ لە کومونیزم تێگەیەنرابووین وە ئەوەی تا ئیستا ئیمە تێی گەیشتبوین هەموو بەندوو باوی دوژمنان بووە ، ئەگینا ئەگەر کومونیزم و کومونیستی ئیرانیش وەکوو کومونستەکانی عیراق وان کەشان بە شانی ئیمە لە پیناوی ئەو مەسەلەیەدا ئەجەنگن کە ئیمەش شەری لەسەر ئەکەین سەد ئافەرین لە کومونیزم بویە من وا پیشنیاز ئەکەم کە بەریزتان تا زووە ریگە بەجەماعەتی راکردووی حیزبی تودەی کومونیست بدات بگەرینەوە ئیران بو ئەوەی ئەوانیش لە خزمەتی شاهنشاو ئاغاکانی ترمان بیبەش نەبن .

نرخی (٧٠) فلسە

لە چاپخانەی ( دار الجاحظ ) لە بغدا چاپ کراوە